# دەنگی تەقە

PDF4Kurd

# دەنگی تەقە
# لە ملەی چیادا

**موختار عەوزۆف**

**و:لە فارسییەوە**

**گوشاد حەمە سەعید ئەحمەد**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **دەنگی تەقە لە ملەی چیادا** (رۆمان)
- **نووسینی:** موختار عەوزۆف
- **وەرگێڕانی لە فارسیەوە:** گوشاد حەمەسەعید ئەحمەد
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لاوان (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦٦٣)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٣١)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**www .Kurdchap.com**
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## لەبارەی موختار عەوەزۆفەوە:

دوای راپەرین لەساڵی ١٩٩١ دا رۆمانێکم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی کە ناوی (دەنگی تەقە لە ملەی چیادا)بوو، لە راستیدا هیچ زانیاریەکم لەسەر نووسەرەکەی ئەم رۆمانە نەبوو کە ئەویش (موختار عەوەزۆف)ە، بەڵام لەم دوا دواییە کتێبێکی نووسەری گەورە (جەنگیز ئیتماتۆف)م چنگ کەوت کە پێکهاتبوو لە کۆمەلێك وتاری جوان جوان و چاوپێکەوتنی ئەدەبی و رۆشنبیری و هتد... کە لەراستیدا چەپکێك گوڵی رازاوەو رەنگاو رەنگ بوو.

لە یەکێك لەم وتارانەدا باسی موختار عەوەزۆف دەکا دەڵێ: دەمەوێ موختار عەوەزۆف بێنمەوە یاد چونکە رۆلێکی مەزنی لە پەرەپێدانی پەخشانی ئەو گەلانەدا بینی کە بە زمانەکانی تورکمانی دەئاخافتن. موختار نووسەرێکی بەهرەمەندو رۆشنبیرێکی گەورە بوو بایەخێکی گەورەی نەك هەر بە وەچەی نوێی نووسەرە کازاخیەکان دا بەڵکو بایەخی بە نوێنەری ئەدەبەکانی دیکەشدا. عەوەزۆف ئەسەرێکی گەورەی لەسەر ئەدەبەکانی کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست بەجێهێشت سەرەڕای بەرهەمەکانی کەسایەتی خۆیشی کارێکی گەورەی هەبوو.

هەروەها بایەخێکی زۆری بە شتە نوێیەکانی ناو هونەری گەلان دەدا. خۆشەویستی و رێزێکی زۆری بۆ نەریتە هونەرییە نیشتیمانییەکان پیشان دەدا و شارەزاییەکی باشیشی لێیان هەبوو لە نووسینە بە پێزەکانیشیدا بەشێوەیەکی قوڵتر بەکاری دەهێنانەوە، ئەمەش بە بڕوای من... بناغەی نوێکردنەوەی بەراستییە... پێکەوە چەسپاندنی ئەو سامانەی کە گەل کۆی کردۆتەوە لەگەڵ شارەزایی و دەستکەوت و شارەزاییە هونەریە سۆڤیەتی و جیهانیەکانە)).

## بەبیٚ ترس ئەڵێم:

قســە شــتێکەو کــردەوە شــتێکی دی، کــە نووســینێك دەخوێنمــەوە گیروگرفتــی زۆر کــەمترە لــەوەی بمــەوێ شــتێکی لەســەر بنووســم یــان تەرجومــەی بکــەم، بەتایبــەتی بــۆمنێکی کــەم ئــەزموون کــە هێنــدە نییــە باڵــەفرەو پــەرەواز دەکــەم، ئــەویش بــەناو ئاسمــانی دنیایــەکی زۆر پــان و بەرینــدا، هــەر بۆیــە کەدەســتم بــۆ وەرگێڕانــی ئــەم ڕۆمانــە برد ئینجا زانیم گیروگرفـت لـە کوێیــە چـونکە وا دەزانم جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان ئەمـەی بۆ خۆت شتێك بخوێنییەوە، تـا ئـەوەی بنـەوێ خـەڵکیش لـەو شـتە بگەیـەنی زۆر جـار بـە تەواوی لـە رسـتەیەك یـان چـەند دێرێـك دەگـەم بـەڵام زمـانم نـاپڕژێ شـیلەی بگـرم و بـە کوردی دایڕێژمــەوە. لەبەرئــەوەی ناچـار دەبـوون پـەنا بـۆ هەڵگێڕانـەوەی ببـەم بـۆ ئـەوەی بتوانم کاکڵی ماناکە لە دەست نەدەم.

مێشکم، گیـانم، قەڵـەمم، زێـڕەی دەکـرد وەرە بـەم نیوەشـەوە لـە دەرگـای فەرهـەنگان بــدەم بــۆ دۆزینــەوەی مانــای وشــەیەك، هەرچــەندە لەگــەڵ کــاك (محەمــەد عەبــدوڵڵا)ی بــرادەرم دووبــارە چــاومان بــە ڕۆمــان و کوردیەکەیشــیدا خشــاندەوە، ئــەویش درێغــی نەکرد، ماڵی بەخانـەی خـوا بـێ وەختێکـی باشـی بـۆ تـەرخانکردم، ئێسـتاش ترسـم هـەر لــە دڵدایــە، چــونکە وا دەزانم کتێبەکــەم بــە تاجیکیــەو وشــەو تــەعبیری زۆر ســرکی تێدابوو قولابیشم بۆ هەڵدابا برینداری دەکرد.

وەلحاســل ســەرێکم هێنــاو نەمگەڕانــدەوە، متمانەشــم بــەوە بــوو کــە ژێــر ناکــەوم، کارەکەشــم ئەنجامــدا. ئــیتر بــەهیوای ســەرنج و تێبینــی بــرادەرو خێرخوایــان ئــەوان خستمانە بەردەستتان.

وەرگێر

## (١)

برایــە بچــووکەکەی هــەروەکو منــداڵێکی ســاوا بــە هــەردوو دەســتی بــەرزکردەوە، لــەم کاتەشدا ژنەکەی بەپەلە خەریکی نوێن داخستن بوو رووی تێکردو پێی وت:

- لــەڕو لاوازە گۆشــت و ئێســقانی بەلەشــەوە نییــە، وەك بــای بیابــان وشــك و ســووکە... چ لاوێکــی بــەهێزو گوڕبــوو هێنایانــە ســەر ڕۆخــی قــەبر نوێنەکــە بریتــی بــوو لــە شــڕە لێفەیــەکی لۆکــەی دڕاو لــە ســێ چــوار لاوە هــەڵزڕابوو لــە رۆخ دیوارەکــەوە لەســەر زەوی نــاو ژوورەکــە ڕایــان خستبوو. لەسەرەخۆ نەخۆشەکەیان لەسەر تەنیشتی ڕاستدا درێژکرد.

تــا ئــەم ســەین و بەینــەیان بــە نەخۆشــەکە کــرد بەتــەواوی گیــانی لەباریەکــدا هاتــەدەرو بوورایـــەوە. بەزەحمـــەت هەناســـەی دەکێشـــاو لێـــوە ســـپی هەڵگـــەڕاوەکانی بـــە ئاســـتەم دەجووڵانــدەوە. براوبراژنەکــەی هــەردووکیان بەســەر نەخۆشــەکە داهاتنــەوەو زۆر دڵنیانــەبوو بــوون لەوەی کە نەخۆشەکە چی وت بەڵکە هەر وای بۆچوون کە ئەو بڵێ:

- ئەســپی لاواز لەبەرانبــەر بــادا لــە پووشــکەیەك دەچــێ، ژنــە ئــاخێکی تــاڵی هەڵکێشــا پەندێکی هێنایەوە و وتی:

- مێردی لاواز لە گیانێکی بێ تەن پتر نی یە.

براگەورەکە ناوی بەقتیقول، برا بچووکەکە تەکتیقول، ژنەکە ناوی قتشە بوو.

بــە قتیقــول سمێــل ڕەشــەیەکی چوارشــانەی دەفــەی ســنگ پــان بــوو. لــە ڕۆخ نەخۆشــەکە دانیشت و سەری داخســت. تــا پــایزی رابــردووش تــەکتیقول بەقــەدو بــاڵاو شــۆخی خــۆی خــەڵکی حەیران و سەرسام دەکرد. ئــەو لــە براگەورەکــەی تۆکمــەو بــەتاوو تــین تــر بــوو، ســەرو گــەردەنێکی بەهەیکەل تــری هــەبوو. بــەڵام دەردی بــێ دەرمــان گیــانی هێنــابووە ســەر کونــە لــوتی وەك چــۆن خوێن لە قەواڵەی برینی لەش بەربێ ئەوها تینی لە لەشدا نەمابوو.

جاران، پــێش ئــەوەی نــەخۆش کــەوێ، تاتــە بــەردە ڕەقــەکان بــۆی وەك نــوێنێکی نــەرم و نــۆڵ بــوو، بــەڵام ئێســتا نــوێنی نــەرمی لــەلا رەقــە.دەگرێ، هــەموو دەم دەیــەوێ جێگــای بگــۆڕن بڵندکردنیشــی لــەناو جێگــادا هــیچ زەحمــەتێکی تێدانییــە. بــەڵام جــاران کــەس نەیــدەتوانی لــە جێی خۆی بیجووڵێنێ.

بەقتیقول ئەو ساڵە ترسناکەی سەردەمی لاوی بەبیردەهاتەوە کە ناچار بوو وەك ئیمڕۆ براکەی لە کۆڵ بکا، ئەو کاتە بەقتیقول تەمەنی شانزدە ساڵ و تەکتیقول دەساڵان بوو، لەو سەردەمەدا پەتایەکی پیس، وەك ئاگر بەربێتە پاوان و پەرێز بەهەموو دەشت و دەرو دێهاتێکدا بلاوبۆوە سووتاندی دایك و باوکی لەیەك ڕۆژدا نەخۆش کەوتن پاش ڕۆژێك بۆ بەیانی دایکی و دوای نیوەڕۆش باوکی هەردووك مردن. ئەوانیش بەگوێرەی ئەو وەسیەتەی باوکی لەسەرەمەرگدا بۆی کردبوون، لە دێیەکەی خۆیان سەریان هەڵگرت و ڕێگایەکی بێ پایانیان گرتەبەر، کاتێ برا بچووکەکە زۆر زۆر شەکەت دەبوو پێیەکانی لە لاوازیان گیردەبوون، برا گەورەکە هەموو هێزو توانای خۆی دەخستە کارو ئەوی لە کۆڵ دەکرد، تا هەرچەندی پێیان بکرێ لە دێیەکەیان دوورتر بکەونەوە.

لەو کاتەدا بەقتیقول براکەی لە چنگی مەرگ، لەو پەتایەی کەسەری لەدوا نابوون، ڕزگارکرد. بەلام ئێستا واپێدەچێ نەتوانێ ڕزگاربکرێ... غەم و پەژارەو نائومێدی بەسەر تەکتیقولدا باری بوو. بە دووچاوی بێ جووڵەو لێڵ و خەماوی ترسناکەوە جارێك تەماشای براو کەرەتێك سەیری براژنەکەی دەکردوو دووبارەی دەکردەوە:

- ئەو درەختەی لە کۆلك درابێ جارێکی گەلای سەوز ناداتەوە ئەمانە هەمووی سەر ئەنجامی دەردی هەژاری لەعنەتییە، ئەنجامی بێکەسیمانە. برام لێدان و کوتانی بێ بەزەیانەی دوژمنی دلڕەق منی لە پیاوەتی و توانا خست، چۆن دەتوانی بێ من بژی؟ لەتاو خۆی لێوە بێ ڕەنگەکانی لەسەریەك دادەناو دەتوت رازێك لە دڵی پەنهانەو دەیەوێ بیدرکێنێ:

- ئاخ، ئەگەر دەکرا حسابم پاك کەمەوە... نەك لەبەرمەرگم بەڵکە هەر بۆ دڵدانەوەو ئۆخەی گیانم. ئەو ئەم قسانەی لەبەرخۆیەوە بەسەر زماندا دەهێناو بەبێ تاقەتی و تووڕەییەوە دەگریاو دەکرووزایەوە رووی بۆلای دیوار وەردەگێڕاو بەتەواوی وەك پیرێکی بەساڵاچوو دەستی بە کۆخە کۆخێکی درێژدەکرد. ئیمڕۆ قتش زۆری بۆهات و توانای نەماو بە فرمێسك ڕێژتنەوە قیژاندی:

- بێ شەرەفانە، خوایە دەست و پێیان ئیفلیج بێ. لێیاندا، ئەم کوڕەیان هێندە کوتا. تا وردیان کرد.... هەر هیچ نەبایە هەقی ئەو ماوەیەی خزمەتی کردن کاریلە مردوویەکیان نەدایە. بەقتیقول کەم دوو بوو.

بەزەردەخەنەیەکی تاڵ و خەماوییەوە وتی.

- ســەدە...قــە؟ ســەرە سمێڵــە ڕەش و پڕەکــانی شــۆڕبوونەوە قشــتە پــەی بەمەبەســتی مێردەکـەی بـرد. دوژمنانیــان نەبــەزەیان لــە دڵدایــەو نــەجوامێریان هەیــە. نــەك هــەر دەســتی بەخشــندەییان بــۆ درێژناکــەن. بــەڵکو هــەر بیریشــی لێناکەنــەوە. ســەبەبکارانی ئــەم ئــێش و ئازارەیان وا لێـك دەدایـەوە. ئەگـەر خـواردن بدەیتـە نـەخۆش و پەککەوتـە. مانـای بەرانبـەر ئـەو خۆت پیێ لـە گونـاهی خـۆت دەنێیـی... بـەلاّم لەبەرئـەوەی تـەکتیقول نـەژیا؟ ئـەو کاتـە دەبوایـە بــە گــوێیرەی داب و نــەریتی کــۆنی بیابــان نشــینان بجوولێنــەوەو لەبەرانبــەر کوشــتنی ئــەم بەستەزمانە خوێن بایی بدەن. ئەوان لە مەدا خەیاڵیان خاوبوو.

بــەقتیقول بەدرێــژایی ژیــانی دادو ئینســافی لــە دەوڵەمەنــدان نــەدیتیوو. هەرچــەندە لــەو ڕۆژەوە کەلاشــەی دایــك و بــاوکی لەبەرچــاویدا ســاردبوونەوە ئــەو کــەوتبووە قۆنــاغی دووەمــی ژیانییــەوە، لــەو ســاڵە ترســناکەدا پــەتا دەســتی نەگەیشــتە ئــەوان. بــەلاّم تووشــی چارەنووســێکی ڕەش تــری کــردن، پــاش ســەرگەردانی و مــاڵ وێرانییــەکی دووروودرێــژ لــە نزیــك خــزم و کەســە دوورەکانیــان، لــە نزیــك خاڵوانیــان داڵدەیانــدا، بــەلاّم خۆشــبەخت نــەبوون، جوتــە بــرا لــە گونــدی خــاوەن موولــك و قــۆزیێ بەقــەکان کــە لــە ناحیــەی (بــورگن)دا دانیشــن گیرســانەوەو بوونــە خزمەتکار، پایزی ساڵی رابـردوو دەیکـردە بیسـت سـاڵ کـە جوتـە بـرا بەوپـەڕی خـۆش و سـەفاوە لە لای سەلمەن بای، کە گەنج تـرین قـۆزی بـەق و پیـاوێکی تـەبیات تونـدو رق بـوو، لـە خزمەتـدا بوون.

تەنیا شــتێکی کــە بــە قتیقــول لەبەرانبــەر خزمەتگوزاریــەکانی چــنگی کــەوتبوو، ئەمــە بــوو کــە ببــووە شــوان و ئەســپەوانی ئاغاســەلمەن ئاغــای لــە هــەموو ئاغاکــان دەوڵەمەنــدتر بــوو، دەســتە لێهاتووەکــانی بــەقتیقول لــە دەشــت و دەر لــە هــەموو مەیتــەرەکان، ئەســپەوانەکان، باشـتر ئەسـپەکانی بـەخێوەدەکرد، خزمـەتی دەکـردن چـاوەدێری دەکـردن، سـەدان سـەر ئەسـپی و ڕەسەنیان بەباشی پەروەردە کرد.

بــای تــەکتیقولی بــرا بچــووکی بــەڕۆژە ڕەش گەیانــدبوو، تــەنیا بــۆ دۆشــینی دانــابوو، ســاڵ دەهــات و ڕادەبــورد، ژیــانی جــوانی و گەنجایــەتی تــەکتیقول بــەبێ شــادی و کامــەرانی دەچووەســەرو هــیچ گــۆڕانێکی تێدانــەبوو، ڕۆژان خــەریکی دۆشــینی ماینــەکان بــوو و شــەوان ئێشکی لەمەڕومالاّت دەگرت.

بــەقتیقول کەشــوانێکی بــێ مــاڵ و حــاڵ بــوو قتشــەی کچــە دراوســێیەکەیانی هێنــا. پــارەو پــوولێکی لــە مــاوەی دە ســاڵی خزمەتکاریــدا گلــی دابــۆوە بەزەحمــەت بەشــی ســەین وبــەینی ژن

هێنانەکەی کرد بەڵام تەکتیقول تـا تەمـەنی سـێ سـاڵ هـەر ڕەبـەن بـوو، ئـەم دوو بـرا ڕەنجبـەریان لەسەرانسەری ولاتدا دەناسـی، ئـەوان بـە هێـزو توانـاو دلاوەری بـەناوبانگ بـوون و ئاغـا سـوودی تریشـی لێـوەردەگرتن بـۆ ئیشـی دیکـەش بـەکاری دەهێنـان خانـەوادە قـۆزی بەقـەکان بنەماڵـەی سـەرو سـامانداربوون، لەبەرئەمـە خـاوەن دەسـەلات بـوون و بـەئامانی خـوا تێـر نـەدەبوون لـە کۆنی کۆنـەوە ئـەم دەسـەلات و ناوبانگـەیان لەبەرئـەوەبوو سـوودیان لـە هـەموو هـەلێك بینیـوەو دەسـتیان بـە تـالان و بـڕو دەکـردو هێرشـیان دەبـردە سـەر ئەوانـەی کـە گوێڕایـەلیان نـەدەکردن و مـەڕو مـالات و سـەرو سـامانیان تـالان دەکـردن. بـەقتیقول و تـەکتیقول لـەم کارانـە بـێ وێنـە بوون.

تـۆبزی ڕەش و گـەورەیان دەدادەسـت ئـەم جوتـە برایـەو سـواری ئەسـپی چـاك و ڕەسـەنیان دەکـردن و بـۆ تـالان و بـڕۆ و شـەودزیان دەنـاردن، جوتـە بـرا لەبەرانبـەر ئاغـا سـەری تـەعزیمیان دادەنواند، بۆ هەر شوێنێکی ئاغا بیفـەرمووبا، دەچـوون، سـت بـای کـە بـرا گـەورەی سـەلمان بـای بـوو، لەسـەین و بـەینی وەدەسـت هێنـانی پلـەو پایـە و دەسـەلاتی حکومـەتیی ناوچـەکەدابوو، هەموو دەم لـە ناخۆشـی نێـوان هۆزەکـانی ناوچـەکە دەگـلا، سـت لەناوچـەدا گێلیـژەی دەنایـەوەو دووبەرەکی دەخستە نێوانیانەوەو لەم ئاوە شێلوەدا ڕاوەماسی دەکرد.

ئێسـکی سوارچـاکان لـە ژێـر زەبـری گـورزدا دەشـکاو، سـت بـای وەدەسـت هێنـانی پایـەی میریـدا سـەر پشـك دەبـوو، لـە ژمـارەی رەوە ئەسـپ و مێگـەلی سـەلمان بـای زیـادی دەکـرد، سوارچـاکانی هـەموو ئاغـاو خانەوادانـەکان لـە بـەقتیقول و تـەکتیقول دەترسـان و ئێرەییـان بـە توندو تۆڵی و بە توانایی ئەوان دەبرد.

– ئەمانـە مـرۆڤ نـین، تـۆبزی ڕەش و گـەورەن... کـاتێکیش ئاغـا پێشـنیاری بکردبایـە گاڵتەیان پێدەکردن و دەبوونە قەشمەرجاڕ:

– ئەمانە خزمەتکارنین، کۆیلەن... دوو براو دوو کۆیلەن.

ناوبـانگی ئـازاو دلێریـان و دڵخۆشـکەر نییـە، ناوبـانگێکی پـیرۆز نییـە، نـەك هـەر لایـدەو بەڵکە لە گوندەکەی خۆشیان باسیان دەکردن و تا ژن و منداڵیش لە پاشملە دەیان وت:

– دیسـان وەك خۆیـان بـەتالان و بـڕۆو شـەڕو شـۆڕەوە گرتـووەو ڕۆیشـتن... لـە دزی شـەو بـە تالانەوە گەرانەوە...

بەلاّم گرنگ ئەمەیە، کە دلّی بـای رازی بـێ، لـە ژێـر سـایەی بایـدا دەژیـن و هـەموو شـتێك بـە ئـارەزو و وویسـتی ئـەوەوە بەسـتراوە، قـۆزی بەقـەکان سـالّ لـە دوای سـالّدا، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژدا قەلّـەوترو بـێ شـەرم تـر دەبـوون، بـەقتیقول و تـەکتیقول لـە بـەلاش خزمـەتیان نـەدەکردن. ئـەم دوو بـرا شـوانە تـۆبزی قـورس و کەمەنـدی درێـژو گیـانی خۆڕاگریـان هـەبوو، بیسـت سـالّ ڕابوورد، بەلاّم ئەوان هەروەك پێشوو ئەلّقەلە گوێ و گوێ ڕایەلّن..

لەگەلّ ئەوەشدا سـەلمەن سـالّ لـە دوای سـالّ دەولّەمەنـدتر دەبـوو، بـە درێـژایی سـالأنێکی زۆر دەستی نەبرد شتێك بداتـە ئـەم دوو بـرا چارەڕەشـە یـان هـیچ خزمـەتکارێکی دیکـەی و ئـەوانیش داوای هیچیان نەدەکرد، کـە دەبوایـە بـەپێ ی خووڕەوشـتی ڕەوەنـدان سـالأنە لـە کـاتێکی دیـاری کراودا، چەند سەرمەڕو بزنێك و جلو بەرگیان بدەنێ.

بەهەرحالّ، لەبەرئەمەی تەکتیقول لـە تەمـەنی سـی سـالّیدا هێشـتا هیچـی نـەبوو پێـی بلّـێ مالّی خۆمە، داهاتی بەقتیقول و قتشەش هەر بەناو لە داهاتی ئەو زیاتر بوو...

کۆنـە ڕەشمـالێکی تەسـك. پێـنج شـەش ڕەشـەولاّغ، نزیکـەی دە سـەر مـەڕ. ئـاو بێنـەو دەستان بشۆ... هـەر هـەموو ئـەو مـالّ و سـامانەکەی کـە بـە درێـژایی سـالأنێکی زۆر ئـەم سـێ کەسـە لەبەرانبـەری هـەموو هـەولّ و کۆشـش و کارەسـەخت و جەربەزەییـەکانیان کـە ئـەنجامیان دابوو، هەرەئەوەندە بوو هیچی دی.

بـەلاّم سـەروەتمەندان ئەگـەر دادو ئینسـافیان هەبوایـە و ئەگـەر بەتـەواوی دلّـی یەکانـە لـە جێی دلّی بەنیادەم لە سنگی سەلمەندا لێی نەدەدا، هەر باشتر بوو.

پایزی سـالّی ڕابـردوو، لـە شـەوێکی تـۆف و بـاران و ئەنگوسـتە چـاودا بەدبەختیـەك روویـدا، وەختـێ بـەقتیقول رەوە ئەسـپێکی لـەئاقار بـەرەو گونـد هێنـاوە. دادو بێـدادو گریـان و نالّـەو جـوێن و گـەف و هەرەشـە سـەراپای گوندەکـەی داگرتبـوو. سـەلمەن بـای لـەم سـەری گونـد بـۆ ئەوسەری ڕایدەکرد و دەینەڕاند وەك وشترلیکی لە لالغاو دەهاتە خوارەوە.

هەرکەسـێکی دەکەوتـە بەردەسـتی بەبـەر شـەق و شـولاقی دەدا. قتشـە بەچـاوی فرمێسـکاویەوە لـە رۆخ ئـاگردانی خامۆشـدا درێـژببوو، هـەر وەك ئـەوەی تـەکتیقول مردبـێ شیوەن و زاری لەسەردا دەکرد.

- تەکتیقول لە کوێ یە؟
- خوا دەزانێ.....
- ماوە یان مردووە؟

- خوا دەزانێ....

هەڵبەتە تەکتیقول لەو دەشت و دەرە بوو، وا ڕوویدا تۆف و باران مێگەلە مەڕێکی ڕاداو لە گوندی دوورخستنەوە. تەکتیقول بە سوراغیاندا نەچوو. کاتێ کە ئاغا بە خۆی و قامچیەوە بە دوایدا چوو، تەکتیقول خۆی پێنەگیرا و بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا ڕەپ و ڕاست لە ڕووی چاوە پیسن و جیقناویەکانی ڕاوەستاو پێ ی وت:

- سەیرکە چ شەویکە... منیش ڕوت و پایەتیم. تەنیا پارچە پەستەکێکم لەبەرە ئەویش کون کونە و لەناو ئارەقەدا ڕزیوە.. هەر هیچ نەبی کۆنە بەرگێکم بدەنێ لەبەری بکەن سەلمەن لەم هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوە ڕاچەنی.

- مەڕو ماڵاتەکەم لەناو دەچێ... ئەو مێگەڵە گەورەو..... تۆش چەنە لێدەدەی؟

- من تکادەکەم... لوتف بفەرموون.

- کوڕی سەگ، بیر لە گیانی خۆت دەکەیتەوە.

تەکتیقول بە ئاوازێکی خەماوی و سوعبەتەوە وتی:

- من هەر ئەم گیانە شك دەبەم ئەوەش سەرەنجامیەتی..

- من سێ گیان لە لەشی تۆ دەکێشم...

پەتییەکی چاوی ئاغا پێنج کەس لە نۆکەرانی هەڵیان کوتایە سەر تەکتیقول وەك تەڕاح درێژیان کرد، ئاغا کەلە داخان هەردووچاوی وەك گۆمی خوێنی لێهاتبوو بە پێلاوە ناڵچەرێژەکانی بەشەق و پێلەقە کەوتە تێهەڵدانی تەکتیقول و ئینجا ڕەوانەی دەشت و دەری کردو تەکتیقول بەڕەلا بوو... بەشەرمەزاری و بێ ئومێدییەکی لە ڕادەبەدەر ڕۆیشت و وتی:

- ئۆباڵ بە گەردەنی خۆتان دەبێ.

ئاغا بە جوێندان و هەڕەشەی توندو تیژەوە بەرێ دەکرد.

خەڵکی بەسەیرکردنی تەکتیقول بەزیان دەگرت. چەکمەناڵچەرێژەکانی ئاغا پەستەکی بەربەقتیقولیان هێندەی دیکە تی تی کردبوو و پارچەکانی وەك تیسکی وشتری گەر بەلەشدا شۆڕببوونەوە. هەموو بێدەنگ بوون. بەڵام بای دەیقیژاند تەکتیقولی دابووە بەرقامچی و بەرێی دەکرد. تەکتیقول دەیتوانی بە کوڵە مستێك سەلمەن بکوژێ. بەڵام نەك هەروای نەکرد بەڵکە بە بیرشی دا نەهات. کەچی لە دوا دواییدا کە لە سەرە مەرگدا بوو لە نێو جێگادا کەوتبوو ئەمەی بەبیرداهات.

بـەقتیقول بـە قتشـەی وت ئاگـاداری رەوە ئەسـپەكە بـیّ و خـۆی بـە دەشـت و دەردا كـرد، ئەسـپی لیّ تـاوداو بـانگی براكـەی دەكـرد. دۆڵـەكانی دەوروبـەر گـەڕاو مـەڕو ماڵاّتەكـەی كۆكردەوە. بەلاّم تـا سـپێدەی بـەیانی نـەیتوانی تـەكتیقول بدۆزێتـەوە كـاتیّ كـە دۆزییـەوە بڵنـدی كـرد، خـۆی بەسـەر دا هێنـا تـا لـەباو بـاران بیپـارێزی، كـورە هـیچ نیشـانەیەكی ژیـانی تێدانەمابوو.قتشـــە دەرەقـــەتی رەوە ئەســـپەكە نـــەهات، بـــاوبۆڕان رەوە ئەســـپەی وەك مەڕوماڵاّتەكـە بەدەشـت و دەردا بلاّوكـردەوە، هەركـە جوتـە بـرا لـە گوندەكـە بەدیاركـەوتن، پاداشتی دڵڕەقی ئاغا یاخە گیریان بوو، برا بچووكەكە بیّ هۆش بوو وڕێنەی دەكرد.

وەك لـە ئەسـپ دزیـن گیرابـن بەهەرچـی دەكەوتـە بەردەسـتیان بەوپـەڕی بێبـەزەیی و ناپیاوانە جوتـە برایـان دەكوتـا جوتـە بـرا ئـەویّ شـەویّ لـەكن سـەلمەن ئاغـا رۆیشـتن لـە گونـدی قوزی بەقـەكان هـەلاّتن، جـل و پەلاّسـە ناچـێزەكانی خۆیـان هـەڵگرت و بـەرەو ناوچـەیەكی نزیـك یەعنی بۆ (چلكار) رۆیشـتن و تـا ل كۆڵێتـە زسـتانییەكەی باوكیـان، كـە بیسـت سـالّ بـوو جێیـان هێشـتبوو، تـا ئێسـتا بەچـۆڵی مـابۆوە، جێگیربـوون. بـەلاّم ئـاخ مـەرگی سـەرینی تـەكتیقول دا نیشتەوە، كوڕە نەخۆش كەوت و ئیدی ڕاست نەبۆوە.

كۆخـە كـۆخ و لرخـەلرخێكی سـیخەداری بەڵغـەماوی بەدرێـژایی زسـتان ئەشـكەنجەو ئـازاری دەدا. تـەكتیقول خـوێنێكی پـەیتی دەهێنایـەوەو هـەموو هێـزو توانـای خـۆی بەرەبـەرە دەردا دەرەوە.

پێش ئەمانـە هـەرگیز جـوێنی بـە چارەنووسـی نـەدەدا، بـەلاّم ئێسـتا وەك تـوتكێكی كوتـەك خـواردوو، ددانـەكانی لێـك دەسـوی و نـوزە نـوزی بـوو، ئەمـەش لەبەرئەوەنـەبوو كـە لـە ژیانیـدا شـادی نـەدیتبوو، و نـەیتوانی ژن بهێنـی و ببێتـە خـاوەن مـالّ و منـدالّ و لەبـەر ئـەوەش نـەبوو كـە نەیدەویسـت بمـریّ، بـەڵكو لەبـەر ئـەوەبوو كـە حیسـابی خـۆی لەگـەلّ سـەلمەن ئاغـا پـاك نەكردبۆوە، تـەكتیقول بـە منـداڵی دلۆڤـان و دڵپـاك و لـە خۆبووربـوو، بـەلاّم ئێسـتا وەك شـەیتان هاتبێتە كەڵكەلەیەوە وابوو.

بەقتیقول لـە ڕۆژانـی كوشـتارو قڕانـی زسـتانەی مـەڕو ماڵاّتـدا، بـە قسـەی كـردو بـەدڵێكی كراوەو سكالاّیەكی شەرماوییەوە بـۆ كـن بـرای سـەلمەن چـوو، (سـت) یەكسـەر تێگەیشـت ئەگـەر دەم و دەسـت وەلاّمێكـی وای نەداتـەوە كـە لـە مـەودوا بـەقتیقول نـەوێری باسـی بكاتـەوە، ئەگینا ئیشەكە دەگاتە خوێن ڕێژتن و بۆیە پیّ ی وت:

- دەڵێــی برســیەتی دەکێشــیٚ؟ چــاکە لــێم ناشــارێتەوە. بــەلاّم ئێــوە لــەلای ســەلمان برســی نــەبوون، دەڵێــی خەریکــە دەمــریٚ؟ هەرباشــە درۆمــان لەگــەڵ ناکــەی. کــەی مــرۆڤ بەتێهەڵــدان دەمریٚ.بەلاّم ئەگــەر کەســێك بکــوژریٚ دەلەعاســت دەمــریٚ. بــەلاّم کــەس بەلێــدان نــامریٚ. تــۆش کەوتیە بەر ڕێژنــەی ڕقــی ســەلمەن، بــەلاّم نــەشمردی... دەڵێــی نەخۆشــە؟ ئەمــە قســەیەکی ڕاســتە بەلاّم دەزانی ئەمە چ نەخۆشیەکە؟ کــیٚ هەیــە دووچــاری نــەبیٚ؟ کــیٚ هەیــە لێــی نەترســیٚ؟ دایکــم و ســــەلمەن ژیــــانێکی تێروتەســــەل و پۆشــــتەو پــــەرداخ دەژیــــان وەك دەڵــــێن لــــەناو ڕۆنــــدا مەلــــەیان دەکــرد. بــەلاّم بەســیل مــرد. چ دەڵێــی کــیٚ تاوانبــار بکــەین؟ ســەلمەن؟ یــان مــن؟ یــان دەبــیٚ قتشەی خێزانت تاوانبار بکــریٚ. ئــاخر ئــەو کارەکــەری دایکــی خوالێخۆشــبووم بــوو؟ خــوا شــایەدە واتلێکردم ئەوەی بەرژەوەنــد نییــە بەســەر زمــانم دا بــیٚ، چــۆن وێــرات دەم لــەم مەســەلەیە بــدەی، کیٚ فێری کردی داوای شتێك بکەی کــە هــەر خــوا خــۆی لــە مرۆڤــی دەســتێنیٚ؟ ســت ڕێگــای بــە قتیقــول نەداوورتــەی نــاڕەزایی بــە زمانــدا بــیٚ و دەریکــرد، بــەقتیقول ڕۆیشــت و لــەدڵ خۆیــدا بــە قتشە پێدەکەنی.

لەســەرەتای بــەهاردا تــەکتیقول گیــانی ســپارد. هێنــدە بــیٚ تاقــەت بــوو تــا گیــانی دەرچــوو. پرشــــنگی چــــاوە ڕەشــــەکانی بەشــــێوەیەکی هەســــت پێنــــەکراو کوژایــــەوە. بــــەقتیقول ماوەیــــەکی دوورودرێژ فەرامۆشی نەهاتــەوە بــەر و نــەیتوانی دڵــی خــۆی بداتــەوەو خــەمی برایەکــەی لــە دڵــدا دەرکــا، زۆریــش بــۆ مــەرگی براکــەی گریــا. چــل ڕۆژ پرســەی دانــاو چــل ڕۆژ ئــەو کەمــە خــزم و کەســــە هــــەژارەی لــــە تایەفــــەی ســــاری هــــەیبوو بــــانگی کــــردن و کــــۆڕێکی چــــلەی ماتــــەمینی شایســــتەی بــــۆ مردنــــی تــــەکتیقول ســــازدا. لــــەم کــــۆڕەدا دەیــــان وت، خــــوالیٚ خۆشــــبوو عــــومری کورت بــوو، قســەیان لــە بێچــارەیی و ڕەنــج و ئــازار و خــەمی ئــەودا دەکــرد، جگــە لــەوە دەیــان وت سارییەکان هەتیو بوو بوون بیٚ پیاو مانەوە.

بــەقتیقول ســەری لەبــەرخۆی نــاو بــەخۆی دەوت: ( بــەلاّم ئــەوەی قــەوما لــە مــن قــەوماو بێکەس و بێدەر مامەوە..) دڵی وەك ڕەشماڵەکەی خاڵی و بێنەوا بوو.

## (٢)

لــــە پــــایزی ئەوســــاڵدا بــــەقتیقول دەســــتی بــــۆ کــــارێکی نهێنــــی ترســــناك بــــرد. شــــەوێکی ئەنگوستەچاوو باراناوی هەڵبژاردو توێشەبەرەیەکی پڕ خۆراکی بەزینی ماینەوە کردو.

لەگـــەڵ هـــاورێ ی گیـــانی بەگیانییەکـــەی کـــە برســـیەتی بـــوو، ڕێگـــای چـــیای گرتەبـــەر. بەقتیقول دەڕۆیشت و بیری دەکردەوە.

(پـــایزێکی وا خـــۆش، لەمێـــژبوو چـــاوەڕوانی بـــووم... بـــاران وەك کونـــدەی ســـەربەرەو ژێـــر دەبـــاری. بـــاران پیـــاو داڵـــدەدەدا، بـــاران شـــون پێیـــان دادەشـــۆرن و دەیســـڕنەوە... ئەگـــەر تـــالاڵم هێنا، تا بەیانی لە سێ لوتکە چیای ئاوارەت دەکەم.

مەگەر من بێهودە دەگەڕێم و دەسوڕێم. بێسوود تاقیب دەکەم، بێهودە ئێشك دەکێشم؟

کێوەکان لـە ئاسمـانی تاریکـدا پەیکـەری گـەورەو بەشـکۆیان هەیـە، بـەقتیقول بەزەحمـەت لـە تاریکاییـــدا کـــوێرە ڕێگاکـــەی دەردەکـــرد، بـــەلاّم شـــاخە پـــڕ تاشـــەبەردو نشـــێوە بـــەداروبار داپۆشـراوەکانی بـەجوانی دەدیـت شـوان وەك سـەگ چـاوی تیـژە بـەم ڕێگاوبـان و چـیاو بەندەنانـە شارەزایە بەسواری و پیادەیی زۆری کوتاونەتەوە حەز لەم شوێنانەش دەکا.

بـەرۆژ لــە دوورەوەوە چـیاکان بـەرەشماڵی بـەردینی دێـو ئاسـا دەچـن چـۆڵ و هـۆڵن مرۆڤـی ئاسـایی دەسـتی پێیـان ناگـا. شـەوان لـە نزیکـەوە سـیمایەکی دیکـە دەگرنـەخۆ، وەك دڕنـدە ترسناك دەبن.

بێشـــەلاّنی چـڕو ســـەرتێك ئەنگـژاوی دارکـاژ لـــە نشـێوەکان بـــە پێســـتی دێـوێکی گــەورەو خـەواڵوو دەچـن کـە بـە ئـارامی هەناسـە دەکێشـێ و دۆڵـەکان لـە نـووکی سـەری گوێچکەدەچـن وەك سەرە نێزە تیژ بـوون و تەلانـەکان بـە دەمێکـی کـراوە دەچـن. کەسـەرماو بـۆن بۆگـەنی لێـوە هەڵدەستێ و بەردەکان هەروەك ددان سەریان لێوە دەرهێناوە.

بـەلاّم بـەقتیقول لێـرە هـیچ ترسـێکی نییـە، بـەو کێوانـە ئاشـنایە، بـەهێمنی و ئارامییـەوە پێشـوازیان لێـدەکرد، بـۆلای خۆیـان بانگیـان دەکـرد، وەرە خێراکـە ئێمـە دەتشـارینەوە لـە ڕاستیدا کوێرە ڕێگا هی دڵنیایی نییە، بەتایبەتی لەشەوێکی پایزی و باراناویدا.

بـەقتیقول بـێ دوو دڵـی جڵـەوی ئەسـپەکەی بـەرەلا کـرد. ئەسپەشـێی ئـەو بـەهێز بـوو، لـە ڕێگـاو بانـان قـاڵ ببـۆوە، خـوی بەهاتنـە خـوارەوە نشـێوەکان ورێکـردن لـە تەلانانـەوە گرتبـوو، وەك بزنە کێوی گـورج و گـۆڵ و چـالاك بـوو، کـوێرە ڕێ لـە هەنـدێ جێگـادا وەك گـوریس باریـك دەبۆوەو دووسمی ولاّخ لـە تەنیشـت یەکـدا جێگایـان نـەدەبوو. بـەلاّم ئەسـپە شـێ بەسـانایی و بـێ ئـەوەی خـۆی بخاتـە تەلەزگـە هـەنگاوی دەنـاو لـە لای ڕاسـتدا قەپرغـەی لەبـەردە زەق بووەکـان نـەدەداو بـەلای چـەپدا بەترسـەوە تەماشـای هەڵدێرەکـەی نـەدەکرد، وا دەڕۆیشـت، دەتگـوت یـاریزانی سـیرکە و لەسـەر گوریسـدا دەڕوا. ئەسپەشـێ کۆمـەکی دەکـا، بـۆنی کـردووەو هەسـت

دەکا، کە سوارەکەی مەبەستی بەرەو کوێیە. ئەو وەختەی بەقتیقول لە خزینی ڕێگا دەترساو پێیەکانی لەکەلەکەی ئەسپەکە توونند دەکرد، ئەسپە خێراتر دەکەوتە جوولّە و لەم سەرو بەندانەدا پێیەکانی دواوە بەشێوەیەکی ڕاست دەکەوتنە هەنگاونان بەمەش وزەو دلّنیایی زیاتری دەدایە بەر سوارەکەی.

بەقتیقول دەڕۆیشت و بیری دەکردەوە:

"بە دووری دەزانم، تۆش لەم هەوایە ڕازیبیت، کاتێ باران دەباری ئێمە هەموومان لەسەگی بەرەلا و بێ ڕێوجێ دەچین،دەبینین کەمن یان تۆ کامەمان ئازاین و کامەمان ترسنۆکین... ئێوە پیاوی سەلمەن بن یان قۆزی بەقەکانی دیکە، جیاوازی نییە هەموو بەرەبابیی قۆزی بەقەکان قەرزاری منن"

شەوی دوورودرێژ کۆتایی هات، ڕۆژی کورت و بارانـاوی درێژتر دەهاتە بەرچاوان، لە سپێدەیەکدان کە بە سستی و لەسەرەخۆییەوە دەهات، تا تارمایی ئێوارە کە خێرا هات، بەقتیقول خۆی حەشارداو لە باوەشی جەنگەلّی دارکاژەکە نووست. ئەم جەنگەلە تەڕو تێراوە، بە بۆن و بەرام ناوبانگی دەرکردبوو... لەناو بێشەلانە تاریك و ترسناکەکە بۆن و بەرامەیەکی تالّ و شیرین بەرزدەبۆوە، بەلاّم بەسکی برسی خەو ناچێتە چاوانەوە بەقتیقول وەك گورگی برسی سکی تێك قۆپابووە خواردنەکەی ناو توێشەبەرەکەی خەریك بوو تەواو دەبوو. مەگەر ئەو جۆرە خواردنە، بۆ پیاو بەخۆراك دەژمێردرێ، شلەیەکەو بەس تەنیا بۆ گەرو تەڕکردنە نەك بۆ گەدە، هەرچەندی تێنوەتی کەمتربێ، ژانی برسیەتی بەهێزترە..

بەقتیقول تا تاریکدا هات خۆی ڕاگرت. گومان و دوو دلّی لە نێواندا نەما تەنیا دەنگێکی دەبیست ئەویش دەنگی ڕاوێژکەیی نهێنی و دۆستی گیانی بە گیانی خۆی بوو. ئەو یەکەمجار نیازی وابوو تەنیا دەست بۆ ئەسپەکانی سەلمەن ببا، ئەگەر بۆیشی نەلوا بۆ ئەسپەکانی ست بچێ، بەلاّم ئێستا برسیەتی سەرماو ڕێی دژوار ڕێگای هەلّبژاردن و دەستنیشانکردنی یەکێك لەمانەی نەدەدایە، لەبەرئەمە بڕیاری دا ئەسپی هەریەکێك لەم بەرە بابەی بۆ هەلّکەوێ لەیەکەم هەلّدا لەسەری بازنەداو بەتالانّی ببا.

دەبێ ئێستا رەوە ئەسپەکان لەپاوان و لەوەڕگای ناو چیاکان بن، هێشتا زووە بۆ ئەوەی ڕوو لەناو پێدەشتەکان بکەن. لەوێ لە لەوەڕگای پان و بەرین و بێ سەرو بنەکان دەبێ ئیمشەو پێکدادانێك ڕووبدا... خوا دەزانی کێ کەمتەر خەمەو گوناه لەملی کێیە...

لەگــەڵ ئەوەشــدا بــەقتیقول لــەکانگای دڵــدا دوو دڵ بــوو. ئــەو بــیری دەکــردەوە لێگــەڕێ بــا سەلمەن پێش هەموویان قەردی خــۆی بداتــەوە بــەلاّم حــەزی دەکــرد پــێش ئــەوەی نەخشــەکانی نــاو مێشکی جێبەجێ بکا قەناعەتی خۆی بێنێ.

ئەو بەڕازو نیازەوە دەیگوت:

- من لەماڵەوە تەنیا مشــتێك ئــاردە هــەرزنی ڕەشــم هەیــە... مســتە هــەرزنێك بــۆ تێکــڕای خێزانەکەم... منداڵەکانم منیان بۆ ئێرە ناردووە ئەوان بێگوناهن.

لەدەمــەدەمی نیوەشــەوا ئەســپە زۆر بــەگوڕ کەوتــە نــاو کــوێرە رێ و ڕێگــاش پــانترە بــۆوە، بــەخێرایی دەگاتــە کوێســتان بــەقتیقول هەســتی بــە ترپــەی دڵــی خــۆی دەکــرد. دەشــتێکی پــانی لەپێشدایە بۆیە زیــاتر هانــدرا، پشــتی تــەزیبوو مانــدوو کفــت و هیلاکــی ڕاســت کــردەوە، بــەهێزو بڕشــتێکی تــازە، ئازایــەتی و چاونەترســانێکی پێویســت لــەناو ڕەگ و دەمارەکــانی ئــەو و ئەسپەکەی فڕکەیان کرد.

ئێستا ئەم سـوارە بەتـەیرێکی گـەورەو سـینە قـەڵغان دەچـوو، کـە بـە کـامی دڵ پـەڕو بـاڵی لێکـدەدا... ئـەم تـەیرە خـاوەن و جێنشـینی دێرینـی ئـەم شـوێنە ئـەم تروپکـە بـەرزو ئـەم چـیا سەرسپیانەکە سەریان لەکەشەلانی فەلەکەو بە بەفر داپۆشراون.

هــەر ئێســتا لەشــەقەی بــاڵ دەداو بــۆ پەڕەگــەی ئاســمــان دەفــڕێ و لــە لووتکــەی دونــدەکان. دەربەنــدو دۆڵــە قۆڵــەکانی (ئالاتــاو) دەنیشــێتەوە و بەچــاوە تیــژەکانی بــەدوای نێچــیری خۆیــدا دەگــەڕێ، ســێرە دەگــرێ و لــەپرتاو وەك تــیری لەکــەوان دەرچــوو بــەزیڕە زیــر خــۆی تێــدەکا بەچڕنۆکە تیژەکانی نێچیر دەگرێ و تێك و پێکی دەشکێنێ.

بــەقتیقول بــەبیری هاتــەوە، کــە لــە هــەڕەتی لاویــدا چــۆن و بــەچ هەســتێکی عەییارانــەو سەرســوڕهێنەرەوە بەپشــتگیری و دەســت لــە پشــتدانی قــۆزی یەقــەکان بــۆ شــەو هەڵمــەت بــردن بەرێدەکەوت.

لــەو ڕۆژگــارەدا خــۆی بەباڵــدارێك دەهاتــە بەرچــاو، بــێ ســەرو پــێ دەفــڕی. بــێترس و بیرکردنــەوە بەهــەموو هێــزو توانــای ڕێگــای دەکوتــاوە، تــەکتیقولی بــرای لاوێــك بــوو ئاکــارو ڕەفتارو منداڵکارانەو هێزو توانای پاڵەوانانی هەبوو، لەو سەردەمەدا لەتەکیەوە دەبوو.

نا، ئــەوان ئەوەنــدە ســادە نــەبوون، بــەران نــەبوون شــەڕە قــۆچ بکــەن. دەیــانتوانی لــە دوژمــن بگەڕێن، لەکەمین دانیشــین چــەرخ بــدەن و هــەڵیان خەڵــەتێنن، وەك لەمــە چــیتر بەبەرچــاوان بــڕۆن و قورگیــان بگــرن، نەشــبینرێن، گــورج و گــۆڵ، زرنــگ و فێڵبــاز بــەهۆش و پێشــبین بــوون. هێــزو

توانـا بەتـەنیا چـنگ لـە دڵ گیرناکـا، بـەڵام کـاتێ کـە هـۆش بیرکردنـەوەی تیـژی لەگەڵدایـە، دڵخۆشـکەرە، لەسـەر ئەمانەشـەوە ئەگـەر شـەڕیان بەتووشـەوە هـات، ئەگـەر بـەخت یاریـان نـەبوو، سـەرکەوتنیان لـە چارەنەدەنووسـرا، لـە نیـوەی ڕێگـا بەدەسـتی بـەتاڵ نەدەگەڕانـەوە، بـەغیرەت و پیاوانـە، هەریـەك لەگـەڵ دووسـێ کەسـدا دەجـەنگان بـەڵام ئێسـتا مـاوەی بیرکردنەوە نییە.

بـەقتیقول وەك هـەموو شـوانێك بـەبۆن هەسـتی بـەبوونی ڕەوە ئەسـپێکی گـەورە کـرد کەلـەم دەوروبـەرە لەسـەر لـەوەڕی نـەرم و تـەڕ لەوبـەری بـەردە قیتـەکانی لوتکـە دەلـەوەڕان و بـەقتیقول لـەناو شـوڕە ئەسـپەکان لەوبـەری بـەردە قیتـەکانی لوتکـە دەلـەوەڕان و بـەقتیقول لـەناو شـوڕە شوڕی باران و گڤەگڤی بادا چرپەو دەنگی ئەوانی دەهاتە گوێ.

ئەگـەر پاسـەوانەکانی ڕەوەکـە شـارەزابن، لـە نزیکـی ڕەوەئەسـپەکە دەخولێنـەوە تـا باشـتر ئاگـاداری نزیـك بوونـەوەی بێگانـەبن و گوێیـان سـوك بـێ، خێراتـر دەسـتگیری بکـەن، لەشـەوی تاریکیشـدا پاسـەوانی وا بەزەحمـەت فریـو دەدرێ، بـەقتیقول ئەسـپەکەی لەسـەر گـەلا وەریوەکـانی سـەرزەوی لێخـوڕی تـاوەکو تەقەتـەقی سمـی بەرزنەبێتـەوە لغـاوی ئەسـپەکەی تونـد ترکـرد نـەوەکو لـەو تەنیاییـە دووروودرێـژەی کـە وەڕزی کردبـوو و وەختـی دیتنـی رەوەئەسـپەکە بحیلێنێ.

نـابێ خـۆی دواخـا، کـاری شـەوانە پیـاوی زرنـگ و بەچـەپارەی دەوێ، لغـاوی ئەسـپەکەی تونـدگرت و نەیدەهێشـت سـەری نـەوی بکـا، حەواسـی خۆیشـی کۆکردبـووەو لەهـەر چـرکەیەکدا ئامـادەبوو بەرپەچـی هـەموو هەڵمـەتێکی ناگاهـان بداتـەوە، چـاوە بچـووکەکانی وەك چـاوی تەیروتوار خڕوگەش ببۆوەو دەتوت بەڕاستی لە تاریکیدا دەبینێ.

ڕەوە ئەسـپەکە لـە دامێنـی هـەورازی چـیمەنەکە بـەرەو لای بـەقتیقول سـەردەکەوت. تامـاوەی نێوانیـان هێنـدی هەڵـدانی پـەلاڕە بـەردێك لێـك نزیـك ببوونـەوە. بـەقتیقول لـەژێر بەردێك تەنیاو بێجووڵە خـۆی مـەلاس دا، ئەسـپەکان بـەکلك بـادان و پڕمـەو پڕمـەوە بـە کۆمـەڵ دەلـەوەڕان حیلـەی سـەرکەش و لـەرەداری جوانـوە ئەسـپیان تاماوەیـەکی دووروودرێـژ دەڕۆیشـت تاك و تـەرا حیلـەی ئەسـپە ڕەسـەن و سـەرکردەو بـەئاگاو عـەزمی جـەنگاوەری ڕەوەکـە دەبیسـترا بەقتیقول یەکێك لـەو ڕەوە ئەسـپانەی دیـاری کـرد کـەوەکو پەڵەیـەك ڕەنگـاوڕەنگ دەچـۆوە ترسـا دنیا ڕووناك داهاتوە؟ نەء چاو چاو نابینێ، ڕەوەکە زۆرە، بێ ئەژمار زۆرە.

بـــەقتیقول کلاڵوەکـــەی لەســـەری هێنایـــە خـــوارەوەو بـــەقولابی زینـــی ئەســـپەکەیەوەی کـــرد، سمێلە درێژەکـــەی خـــۆی بـــە ددان گـــرت و گـــوێی شـــل کـــرد هـــیچ زەلاّمێـــك ســـەرو ســـۆراغی نییـــە بـــەلاّم چـــونکە ئەســـپەکان گربوونـــەوەو دەلـــەوەڕان وایـــان لێکـــرد پارێزبکـــا ئـــەم کـــارە بەرێککـــەوت نییـــە کەســـێکی لێهـــاتوو ئـــەو ئەســـپانەی کۆکردوتـــەوەو لـــە نزیکـــەوە ئاگاداریانـــە لـــە تاریکـــایی شەودا بەرەو سەر لەوەڕی تازەی دەبردن.

لـــەپڕتاو جەڵەبـــە ئەســـپێك وەك رووبـــارێکی بـــاریکی گیـــان لەبـــەران لـــەناو ڕەوە تێـــك وورووژاوەکـــە جیـــابۆوەو بـــەرەو ئـــەو تاشـــە بـــەردەی کـــە بـــەقتیقول خـــۆی لەپەنایـــدا حەشـــاردابوو هەڵکشان. ئـــەو دەم و دەســـت خـــۆی بەســـەر شـــانی و ئەسپەشـــی داهێنـــاو ناچـــاری کـــرد لمـــوزی بـــۆ گیـــاوگۆڵ درێـــژبکا، رەوە ئەســـپەکە پـــەرت بـــوو... دووبـــارە یـــەکیان گرتـــەوە.. ئـــەها، ئـــەها، ئـــەم ئەســـپە دەســـتەی خـــۆی لـــەڕەوە دابڕیـــوە، کەواتـــە ئەســـپەوان لـــەم نزیکانـــە نییـــە... بـــەقتیقول یەکســـەر بـــە چـــۆکەکانی لـــە ئەســـپەکەی ژەنـــی و جڵـــەوی بۆشـــلکرد، ئەســـپەش لەســـەرەخۆ وەك ئەوەی خەریکی لەوەڕبێ، بەرەو ڕەوەکە چوو.

دەســـتە ئەســـپەکە دەم و دەســـت گوێیـــان قـــولاغ کـــردو بـــەرو لایـــەك لایانـــدا، رێگایـــان نـــەدا ئەسپێکی تەنیاو غەریبـــە نزیکیـــان کەوێتـــەوە. ئەســـپێکی شـــێی یـــاڵ (درێـــژ)و جـــوان، کـــە دەســـتە ئەســـپەکەی لەچـــوار دەوردا بـــوو، ســـەری بڵنـــدکردو حیلەیـــەکی کـــورت و لەســـەرەخۆی بـــۆکرد. دەتگوت دەیپرســـی: تـــۆ کێـــی؟ هەڵبەتـــە ئەســـپە چـــاوی بـــە مـــرۆڤ کـــەوتبوو، گـــوێی شـــارەزا دەم و دەســـت حیلـــەی تـــرس دەناســـێ، لـــەم حیلـــە حیلـــەدا هەڕەشـــەو سەرکەشـــی و شەڕوشـــۆڕ هەســـت پێـــدەکرێ، نـــەبادا پاســـەوان خەبەردارکاتـــەوە ئەســـپە شـــێ لـــەو شـــوێنە دەســـتی کـــەناری گـــرت. بەقتیقول وای نیشاندا کە لەسەر زینەکە نووستووە ئەسپە سەری بۆ خوارەوە برد.

یەکـــەمجار ئەســـپەکانی نـــاو دەســـتە بچـــووکەکە وەك جوانـــوی یـــەك ســـاڵە و دوو ســـاڵە دەهاتنـــە بەرچاوان. شەوان تـــا بـــە تـــەواوی نزیـــك نەبێتـــەوە نـــازانی کـــە ئـــەوان تـــاچ ڕادەیـــەك پـــەروەردەکراون ئەسپەشـــێ بەرەبـــەرە لـــە ئەســـپەکان نزیـــك بـــۆوەو بـــەقتیقول هەناســـەیەکی ڕەحـــەتی هەڵکێشـــاو بەتاسەوە پێڵووەکانی وێـــك هێنـــاوە، ئاهـــا، ئەمەیـــە دڵخـــوازی خـــۆی دۆزیـــەوە، مـــاینێکی گـــەورە، باشـــترین مـــاینی دەســـتەکەو ڕەنگـــە چـــاکترینی ڕەوەکـــەش بـــێ. بـــەقتیقول کەمەنـــدە لـــە تیســـك ڕیستراوەکەی لەزینەکە کردەوەو ئیدی دوو دڵی لە لانەما.

وەختـــی ئەسپەشـــێ زانـــاو کارامانـــە یەکســـەر چـــووە ناوەڕاســـتی دەســـتەکەوە لـــە لاتەنیشـــتەوە لـــەو ماینـــە جوانـــە کـــە دەڕۆیشـــت نزیـــك بـــۆوە کەمەندەکـــەی بـــەرێکی خســـتە ملیـــەوە، مـــاین

سەرکەش بوو، بەدرێــژایی هــاوین جڵــەوی بەخۆیــەوە نــەدیتبوو، ماینــەی بەدفــەڕو ترســاو ڕاپــەڕی و بەغار غار لە دەســتە جیــابۆوەوە، بــەڵام ئەسپەشــێ بــۆ بەرپــەچ دانــەوەی ئــەم کــارە ئامــادەبوو، ئــەم کــارەش یەکــەمجاری نــەبوو، ئەسپەشــێ هەرچاوەڕێشــی نــەکرد بەتیــژی بــەدوای ماینەکــەدا تاوی سەندو نەیهێشت کەمەندەکە لە دەستی بەقتیقول بڕفێنێ.

ماینی خێراو بــەغار بــۆ ماوەیــەکی درێــژ بــێ پســانەوە وا بــەتاو غــاری دەدا کەمەندەکــە لــەم غــارە غــارە وەك ژێــی تــار دەلەریــەوە، بــەقتیقول هێنــدە بــە نــەرمی و ســەرنجەوە پێشــی دەگــرت نەیدەهێشــــت خــــۆی بەلایەکدابــــداو کەمەندەکــــە ڕاکێشــــی بــــەقتیقول ئەسپەشــــێ خــــۆی لێنەدەخوری. ئەسپی شــوان خــۆی بــەو شــێوەیەی پێویســت بــوو دەڕۆیشــت و لەهــەر بزوتنەوەیــەك کۆمــەکی ســوارەکەی خــۆی دەکــرد. ماینــە لوشــکەی دەهاویشــت جوتــە بــازی دەکــرد لــەبای غاری خــۆی هەڵــدەدا، بــەڵام بــەخێرایی مانــدوو بــوو چــەرخێکی داو بــەرەو دەســتەکەی گەڕایــەوە ئالێرە بەقتیقول هێزی بازوان و کەمەری خۆی بەماینەکە نیشاندا.

بــەقتیقول بــەجارێك خــۆی لەســەر پشــتی زینــدا خەوانــدو لەبەرتــەوژمی زۆرو پاڵەپەســتۆ هــاواری کــرد. گرێــی کەمەندەکــە هەناســەی ماینەکــەی ڕاگــرت و لەبڕشــت کــەوت. ئینجــا وەك بەرد وەستاو ســەری شــۆڕکردەوە. بــەقتیقول بــە پــارێزەوە کەمەندەکــەی کــۆکردەوە لەماینــە نزیــك دەبــۆوە، بــەبانك و خواهێشــتی ســالارو فەرماندەرانــەی تێکــەڵ بەدڵدانــەوەو نــەوازش ماینــەی هێــورکردەوەو ئینجــا لێــی نزیــك بــووەوە و بــە چووســتی جڵــەوی کــرد لەســەرخۆ قامچــەیەکی بەسەر کەفەڵی خووساووی ناو ئارەقەو باراناویدا خلیسکاندو ماینەکەی لەگەڵ خۆی ڕفاند.

ڕەوە ئەســپەکە پاڵیــان دایــەك و پێکداهاتنــەوە خۆیــان پێکــدادەداو بەمشەوەشــی تەماشــایان دەکــــردو لــــە بــــەقتیقول دووردەکەوتنــــەوە. نــــەدەبوو ئــــەم کــــارە ســــەرنج ڕانەکێشــــێ. ئێســــتا لەبەرانبــەری بــەقتیقول یــان ڕاســترە بڵــێن لەســــەر ســــەری پەیکــەری دێــوێکی بــێ شــاخ کلــك بەدیارکەوت سواری ئەسپێکی بەرز بوو تۆبزێکی زۆر گەورەی بەدەستەوە بوو.

خەیاڵــە؟ نــا... وەك بــەردێك بێجووڵــەو لەســەر ڕێگــای وەســتاوە چــاوەڕوانە بیردەکاتــەوە ئایــا ئەم زەلامە خۆییە یان بێگانەیە بەڵام... مێشکی مێشکی مەڕە.

بــەقتیقول ئــاوزینێکێکی تونــدی لەئەســپە شــێ ژەنــدو بــۆ پێشــەوە تاویــدا لەنــدە هــۆر بــەبێ ئەوەی نوقڤــەی لێــوەبێ دەســتی درێــژکردو جڵــەوی ئەســپەکەی گــرت ســەرەنجام تێگەیشــت دەبــێ چــبکا. هەڵوێســتەکە خراپــە. بــەقتیقول بــەترس و لــەرزەوە هێنایــە بەرچــاوی خــۆی کــەوا بــەچ شــێوەیەك ئەڵقــەی کەمەندەکــە بــەدەوری ملیــدا تــەنگ دەبێتــەوە... بــەڵام لەنــدەهۆر ڕەفتــارێکی

سـەیری هـەبوو: وەك ئەمـەبوو کەئەسپەشـێ بـێ مـەیلی خـۆی بەنـەرمی و لەسـەرەخۆیی گرتبـوو. تـۆبزی گـەورەی خـۆی بلێنـد نـەکرد، هەناسـە برِکـێ ببـوو دەتگـوت چـاوەڕێی شـتێکی دەکردو مات بوو.

بـەقتیقول یەکسـەر ئـەم زەلامـەی ناسـی و بەدەسـت خـۆی نـەبوو زەردەخەنەیـەکی گاڵتـە ئامێزی گـرت چـونکە ئـەو نـەك هـەر مـەڕ بـەڵکو کـاوڕێکی تـەواو بـوو. ئـەم لەنـدەهۆرە نـاوی قوقای بوو، پاڵەوانێکە تاوو گوڕی ئەسپ و دڵێکی لەرزۆکی وەك دڵی کەروێشکی هەیە.

مایـەی پێکـەنینی خـەڵکی ناوچـەکەیە، کـێ هەیـە گاڵتـەی پێنـەکردبێ و فریـووی نـەدابێ؟ بەقتیقول بەڕازو نیازێکی ترسناکەوە وتی:

- داوەڵ دەتپلیشـێمنەوە... قامچـیەکی بەسـەرە ماریلەکـەی قوقـای داکێشـاو کلاوەکـەی لەسەر سەری فڕاند.

لێـدانێکی: توونـد نـەبوو زیـاتر لەبەردڵتـەنگی خـۆی بـوو، بـەلام قوقـای کـە زیـاتر هەناسـە برِکی ببـوو، وەك جوالـێ لەسـەر زینـی ئەسـپەکە کـەوتو لـە پشـت کەفـەڵی ئەسـپەکەی ون ببـوو هەتا نەیوێرا هاوار بکاو بانگی برادەرەکانیشی بکا.

دەیزانی گاڵتـەی پێدەکـەن وەك هـەموو جارێـك بەبـەزم و گاڵتـە کۆتـایی بـە مەسـەلەکە دێ. وا باشـترە لـە تـاریکی شـەودا خـۆی ون بکـاو بێـدەنگی لێبکـاو زۆر لـە خـوا بپارێتـەوە ئـەم بەدفەڕە نەناسراوە زوتر چـەهرەی خـۆی ون بکـا. بـەقتیقول جڵـەوی بـەرەو دۆڵێکـی چـڕو پـڕی دار کـاژ کێشـاو تاویـدا.... لـەوێ بەدڵنیاییـەوە خـۆی دەشـارێتەوە و بـەڕۆژیش نـاتوانن شـون پێیـی بدۆزنەوە، بەلام قوقای ئەسپەوانی (ئیلچی) سەلمەنە، هی سەلمەن خۆیەتی.

کەواتـە بـەقتیقول یەکسـەرو یەکڕاسـت تیرێکـی لـە دڵـە تەماحکارەکـەی ئـەم بـەرازە داوە. دوو رۆژ بەبێ سوود خۆی خستۆتە عەزابی گومان و دوو دڵیەوە.

ئەسـپە شـێ وەك بـا بـە خێرایـی دەڕۆیشـت دەوری ڕەوە ئەسـپەکەی دەدا، ماینەکـە گوێڕایەڵـەوە بەکـەیف لـە رۆخ ئـەودا. شـان بـە شـانی دەڕۆیشـت. دەمـی سـاردی دۆڵەکـەی بەرانبەریان کرایەوە، لەوێ تووشیان بە تووشی ئەسپەوانێکی دیکە بوو.

ئـەو بـە ئەسـپێکی باشـەوە لەسـەر گردێکـی بـەرز بـۆ سـەر رێـی بـەقتیقول تـاوی دەداو بـە دەنگێکی نافرِەجا دادو هاواری دەکرد.

- هۆۆ هۆی کێیە لەوێ؟ زەلام کێی؟

بەقتیقول یەکسەر لە دەنگ و ڕەفتاری ئەوی ناسیەوە.

ئەمە ترسنۆك نییە. لەشەیتانیش باکی نییە، ڕۆژگاریٚ بەقتیقول لە جێی ئەم کابرایە لە لای سەلمەن خزمەتکاری دەکرد - بای سەلمەن دەیزانی ڕەوە ئەسپ بەکیٚ بسپێریٚ، بەقتیقول خۆی بەسەر باڵی ئەسپەشێوە چەسپاندو بە بێدەنگی تۆبزی خۆی ئامادەکرد، ئەسپەوانیش لەبای غاریٚ کوتکی خۆی بەسەر سەریەوە بەرزکردبووەوە و لە قووڵایی قوڕگیەوە دەیقیژاند:

- هۆ هۆ. زەلامینە بەرەو ئێرە وەرن هۆی. سەدای دەنگدانەوەی هاواری برووسکە ئاسای لەدواوە دەنگی دەداوە دەم و دەست دەنگی هەموو ئەسپەوانەکان لەولادا بڵندبۆوە هەموویان پێکەوە کەوتنە گەڕان و پشکنین هەر لەمەوەش دەزانرا کەهیچیان نەنووستبوون. ژمارەشیان زۆر بوو، ئەوان لە تاریکایی دا بە چووستی و بەبیٚ دوو دڵی تێگەیشتن ڕوو لە کام لابکەن و دەنگ دانەوە ڕێگای لیٚ بزرنەکردن. تەقە تەقی سمی ئەسپی تاقیب کەرەکان بەتوندوتیژی لە دواوەی دەهاتە گویٚ.

بگرەو بەردەی ترسناك دەنگی جیاجیا لە هەورازی ڕەوە ئەسپەکە لەرییەوە بەتەواوی وەك ئەوەبوو کە ئەسپەوانەکان بە بانگ و هاواری شوم و ترسناك یەکتریان بانگ دەکرد. تۆفانێکیان بەرپاکرد لەچاو چوقانێکدا بوون بەدڕندە ئەسپەکان وەك شەپۆلی ڕووبارێکی بەربەستکراوچەرخیان دەداو سمکۆڵیان دەکرد. پاشان هەموویان تووڕەوقاوی بۆلاشەیەکی تووڕەو پێکەوە نوساو گۆڕان، ئەم چەرخ دانە لەناکاو بوو بەلافاوێك هەموو شتێك ڕامالیٚ و هەموو شتێك لەژێر هەزاران سمدا وردو هەڕا بکا.

وەك بلیٚ ڕەوەئەسپەکە لە لافاو یان ئاگر هەترەشی ڕژابیٚ بەبیٚ ئەوەی هیچ بپرسیٚ و ڕێگایەك دیاری بکا بەهەشتاو بەپاوانەکانی کوێستان وەربوون ئەسپەکان شێتانە بەهەر چوار پەل لە پالٚ یەکەوە بە جوتە پێکەوە غاریان دەدا بیٚ هێزەکانیان بەردەدایەوو دەیان خستە ژێر دەست و چوارپەلان جوانووی یەکسالٚی و گەورەتریشیان وەك ورتکە بەرد بەم لاو بەو لادا دەردەپەڕین و بەزەویدا دەکەوتن. وا دەهاتە بەرچاو کەشرق و هۆڕێکی زۆر زۆرو کاسکەری برووسکە لە چیمەنەکانی ناوچیاو لەناو شاخەکانی دەوروبەر، لە دۆلٚ تا قوپکە گردەکان کەوتۆتەوە، جێی خۆشبەختی بوو کەلافاوی ڕەوە ئەسپەکە بەرەو هەلدێر نەڕژا.

ئەسپەوانەکان یەك لە دوای یەك ڕادەوەستان و پاشان بۆ دواوە دەگەڕانەوە دڕەنگ وەختانیٚ بەبیریان هاتەوە، کەس نەیدیت و نەیزانی کەبەدوای کێدا دەگەڕێن. لەوەش خراپتر ڕەنگبوو لە تاریکیدا بزر بن.

نــەدەكرا ڕەوە ئەســپەكە هــەروا یــەكجار و بــەزوویی ڕاگــیرێ و هــێمن بكرێتــەوە. بــەڵام سەرەنجام ڕەوەكە هێور بۆوەو ئەسپەكان ملیان لە لەوەڕ ناوە.

تــەنیا حیلــەی ماینــەكان كەبــەدوای جوانوەكانیانــدا دەگــەڕان. لــەم خامۆشــیەدا ئــاوازێكی گوێ كاسكەری هەبوو.

ئەســپەوانەكان كۆببوونــەوەو دادو بێــدادیان بــوو بــە جــوێن و قســەی ناشــیرین یــەكتریان سەرزەنشت دەكرد:

- ئەمە چ فەرتەنەیەك بوو؟ كێ پێش هەموویان هاواری كرد؟

ئەم شەیتانە لەعنەتیە لەكوێوە بەدیاركەوت؟ كێ بەچاوی خۆی دیتی؟

هــیچ كەســێك بەباشــی شــتێكی نــەدیتبوو شــتێكی نــەدەزانی، بــەڵام چــۆن دەتــوانی شــەو لەهاوار نەدەی لە تاریكیدا هاواری تۆ بینایی منە.

هــەترەش ڕژاوەكــان دەوروبــەری یــەكیان نــۆڕی ســەرمەیتەرو ئەســپدار دیارنییــە گەڕانــەوە دۆڵەكە و پەرت بوون بە هێواشی بانگی ژامانتایان دەكرد.

قوقــای چوســت و چــالاك لەســەر بــەردە تیــژەكانی لــە دەوری نشــێوی چــیمەنەكە پــەلیان هاویشتبوو ژامانتــای دۆزیــەوە. ژامانتــای بــەكزی دەینالاَنــد. بــۆنی خــوێنی لێــدەهات تــۆبزی لــە لایەكەوە كەوتبوو، ئەسپەكەی لەم دەوروبەرە دیارنەبوو قوقای قیژاندی.

- ئۆهــۆ هۆهــــ.... ســەیری ســـەیری... نەفــەرێك ســـەری شـــكاندوەو... خـــوێنی لەلەشـــدا نەماوە. ژامانتایان ڕاست كردەوەو بردیان.

- مــاوەو هەناســەدەدا... كــێ لێیــدای؟ كــێ؟ ســەرمەیتەر ورتــەورتێكی كــردو دەســتی بــۆ دۆڵەكە درێژكرد.

لــە ڕۆخ ئــەم گابەردانــە ڕووبــەڕووی بــەقتیقول بــووەوە.. یەكــەمجار ژامانتــای گــورزی خــۆی وەشــاندو. بــەڵام بەتاوتیــژی تێپــەڕی. لەبەرئەمــە تۆبزەكــەی كــاری نــەكردو جێــی خــۆی نــەگرت، ناوەڕاستی دەسكی تــۆبز بەشــانی كــەوت. بەرانبــەر دەســت وەشــاندنەكەی ئــەو تــۆبزێكی بــەهێزی بەركەوت و بەسوار ئەسپەكەی لە نشێوەكەدا غلۆر كردەوە.

ژامانتای دەرفەتی نەدیت ئــەو بێگانــە بناســێ، بــەڵام لەبەرئەمــەی كــە دز چــۆن بــەم تاریكــە شەوە زەبری خــۆی وەشــاندو ئــەم هــەموو پاســەوانەی خەڵەتانــد، لەمانــەوە. بــەدیار دەكــەوت كــە زەلامێكی بەدەست و برد وەستایەكی شارەزای شەو دزین بووە.

نرخـــی ئەســـپ بـــە چوســـت و چـــالاکی دیاردەکـــەن. گـــورگیش بـــەزرنگی دەناســـنەوە... بـــەقتیقول بەنەرمـــە چـــوار نالـــە بەباریکـــە ڕێـــی نـــاو دۆڵەکـــەدا لەســـەر خـــۆ دەڕۆیشـــت ئـــەو لەســـەرەتادا هەســـتی ڕادەگـــرت. بـــەلاّم پاشـــان هـــێمن بـــووەوەو ئەســـپە شـــێش چـــیتر گـــوێی مـــوچ نـــەدەکرد. کەســـێك بـــە دواوەیانـــەوە نـــەبوو. بـــەقتیقول بـــۆ پـــارێز وەرگـــرتن لـــە نێـــو دارکاژەکـــان خولێکی خـــوارد، وەك ڕێـــوی چـــەند خـــولێکی دا لەســـەر زەوییـــە شـــێدارەکەش چـــەند چـــەرخێکی دا بەسەر تاشە بەردی پان پاندا ڕەت بوو، هەرچەندە دوورە پاشی باران شوون پیێ هەڵبگرن.

بـــەقتیقول ڕۆیشـــت و نێچـــیری خـــۆی بـــرد ئـــەو هـــەر کـــە ســـەیری ماینەکـــەی دەکـــرد تـــام و چێژێکی بیابانی وەردەگرت زۆر کەوتبووە بەردڵی.

دەستێکی بە گەردەنی ماینـــە داهێنـــاو لـــە ژێـــر باڵـــە کورتەکـــەی هەســـتی بـــە چـــینێکی ســـفت و ئەســـتووری بـــەرز قەڵـــەواتی کـــرد. ئەگـــەر ئەنگوســـتت تێچـــەقاندباو لاتبردبـــا وەك زەمبەلـــە هەڵدەبەزیـــەوە ئایـــا ئەمـــە ســـەرکەوتن نییـــە؟ بـــەقتیقول ماوەیـــەکی درێـــژ بـــوو هەســـتی بـــە دڵخۆشیەکی وا نەکردبوو. ئەو لە شەوق و شادیان هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

- شتێکی نایابە... ماڵی چاکە... بۆ ئەوەی ماینە لە چاو نەبا و تی: ماشەئەللاّ.

بـــاران یـــەك بـــێن دەبـــاریێ هـــەوای شـــێدار دەم و چـــاوی بـــەقتیقولی دەشوشـــت. زەردەخەنەیـــەکی گـــرت و سمێڵـــە شـــێدارەکەی بـــادا. بـــەقتیقول لـــە ون بـــوون نەدەترســـا. هەرچـــەندە ئاســـمـــان ڕەشـــە، کێوەکـــان ڕەشـــن بـــەلاّم لەبـــەردەم قـــەپۆزی ئەسپەشـــیێ وەك تۆپەلەخورییـــەکی ئالۆزکـــاو دەهاتـــە بەرچاو بەقتیقول لـــەم شـــەوە ڕەشـــەدا. بەباشـــی ئاســـمـــان و چـــیاکان و ڕێگـــای خـــۆی دەدیـــت. هێشـــتا ماوەیـــەکی زۆر بـــۆ ســـپێدەی بـــەیانی مـــابوو، کـــە لـــە بـــۆن و بەرامـــەی هـــەوادا هەســـتی کـــرد کـــە گەیشـــتۆتە بێشـــەلانی ساریمســـاقتی، هەمیشـــە نشـــێو لـــە هـــەوراز کـــورتترە، ئەســـپەکەی ئەســـپ بـــوو نـــەك گالتـــەخێرا کـــاری ڕادەپەڕانـــد بەخاوەنەکـــەی خـــۆی دەچـــوو... بـــەلاّم کـــاتیێ گەیشـــتە ڕۆخ بێشـــەلانەکەو بـــۆن و بەرامـــەی سرێشـــی [1] وەبـــەر لـــوت کـــەوت ڕەنگـــی هاتـــەوە بـــەر، بـــەقتیقول ئـــاوڕێکی داوە، وەزعـــی تێکچـــوو تێکـــڕای ئـــەو خواردنـــەی لـــەناو تویێشـــە بەرەکـــەدا مـــابوو ئاوایکرد. دابـــەزی زینـــی لـــە ئەســـپەکە کـــردەوە، قەپرغـــە و پالۆوســـنگی ئەســـپەکەی پـــاك ســـڕیەوە و کەوتە نـــەوازش کـــردن و دەســـت بەســـەرداهێنانی، دەبـــیێ ئەسپەشـــیێ بحەســـێتەوەو ئارەقـــەی وشـــك

---

(٢) سرێش: کەتیرەی دار

بێتــەوە ئێســتا لەبرســاندا قــۆڕەی ســکی دێ تــا هــەوا گــورگ و مــەڕ نــەبووە دەبــێ دوورتــر کەوێتەوە. وەختێ تالاَنت لەناو چنگدایە خۆ خەریك کردن گوناهە.

بــەقتیقول ئەســپەکەی زیــن کــردەوەو باشــتر تەنگــەی تونــد کــرد، تــاکو زینەکــە بــەم لاو بــەو لادانەخزێ، چونکە دەبوایە وەختێکی تەواو لە نشێوەکە بچینە خوارەوە.

## (٣)

نزیــك بــەرە بــەری بــەیانی بــاران بــڕاو خۆشــی کــردەوە، هــەوا گــەرمتر بــوو خــەو بەســەر بــەقتیقول دا زالَ بــوو. لەســەر زینەکــەوە ســەری بــە ســنگی کردبــوو وەنــەوز دەیــبردەوە لــە پرخــە پرخی خــۆی وەئاگاهــات.. بەترســەوە راچــەنی و بــە ســامناکی ســەیرێکی دەوروبــەری خــۆی کــرد. لەخەودا بینی کە دەیخنکێنن.

دنیــا ڕوونــاك بــووەوە نــەوەکو کــەس ببیبینــێ... ملــی قاچــاغە ڕێیــەکی دوورودرێــژی گرتبــوو، بــەناو بێشــەلاَنێکی تــازەو دڕوودارێکــی چــڕوپڕ وەك گەنــە بــە ئەســپەکەوە دەنووســاو وەك داوی جالَجالۆکــە تێــك ئــالاَو بــوون. ڕێگــای بــۆ خــۆی دەکــردەوە.. ئێســتا بــەڕۆژیش ڕا نەدەوەستا هەر لێی دەخوڕی و لێی دەخوڕی نەیدەهێشت نەخۆی نەولاَغەکە پێشو بدەن.

ئەو بە لاواندنەوەێکەوە بەبەرگوێ ی ئەسپەکەی هەلَداو وتی:

- وەختــی هــاتووە بگەیــنــەوە مــالَ منداڵــەکان و چــاوەڕوانن... مالَــە دەواریەکــەی بــەقتیقول بــەبێ کــەس لــە هــەواری نــاو دۆلێکــی شــاخاویدابوو. ڕێگــا خۆلاَویــەکانی کاروانچــیانیش ڕوویــان لەم دۆلَە نەدەکرد.

لەبەرئــەوە دەتــوانرا ڕەوە ئەســپێکی بــەتالاَنی تێــدا حەشــار بــدرێ. بــەقتیقول لێــرە لــە دایــك ببوو و لاشەی دایــك و باوکیشــی هــەر لێــرە بــەخاك ســپارد بــوو لێــرەوە ئیــدی لــە مــالَی خۆیــدا بوو. لەگــەلَ دیارکــەوتنی مالَەکــەی دابــەزی و ماینەکــەی ســندم کــردو بــەرەو مــالَ ڕێــی گرتەبــەر لێوە وشــکەلاَتووەکانی تــەڕدەکرد بــەلای کەمــەوە قــەدرایی مانگــانێکی بــەفربارین مــابوو مــالَ و منداڵەکــەی هێشــتا لەشــڕە چــادرێکی کــون کــون و شــیتالَ شــیتالَی دووکەلاَویــدا لــە نزیکــی کۆزەکە دا دەژیان.

بەقتیقول ئحمەئحمێکی بۆ کــردو دەســتی بــە سمیلَــی داهێنــا، تــا زەردەخەنــەی مانــدوی ســەر لێوەکــانی بشــارێتەوە ئــەو قتشــەی دیــت. جــل و بــەرگێکی کــۆنی لەبــەردابوو بەزەحمــەت لەشــی دادەپۆشــی، ســێ منــدالَیان هــەبوو، نۆبەرەکــەیان نــاوی ســیەت بــوو تەمــەنی دە ســالاَن و

ناوەنجیەکەیان نـاوی جومعــە بـای و تەمــەن پێــنج ســالآن و پاشــەبەڕەش فاتیمــە کچـۆڵەیەکی دوو ساڵانەی ڕەشتاڵەی زیـت و زرنـگ بـوو هێشـتا لەبـەر مـەمکان بـوو. دوو کـوڕو کچـێك تێکـڕای سـەرمایەی بـەقتیقول و قتشـە بـوو بـەبێ هـیچ هـات و بـات و سەرسـامێیکەوە پێشـوازیان لـە باوکیـان کـرد. بـەلآم وەك بلێـی بـەجارێ نـاو ڕەشماڵەکـەیان ڕوونـاك ببـۆوەو قتشـەی بالآبـەرزو ناسك ئەندام هەر کە مێردەکـەی دیـت لـە حـاڵی چـاوەڕوانییەکی ئاوێتـە بـە موچـڕکەی خۆشـی و مشەوەشی وشك بوو، بەلآم مێرد ەکەی بـە هێمنـی نزیکـی مـاڵ بـووەو بـۆ ئـەوەی هـیچ پەلەیـەك نەخاتە سەر شایستەیی و بەخۆ نازینی ورتەی لێوە نەهات.

بەسەر پشتیە دارەکە دابـەزی و چـووە نـاو ڕەشماڵەکـەو بەئاسـن و ئاسـنەوێلەوە لـە پـاڵ دیـوار ڕوو بە ڕووی ناو دەرگای چادرەکە لە شوێنی بالینگانی ئەسلی خاوەن ماڵ دانیشت.

ئێـرە نـاو دەرگـای چـادرەکەیە پـاش بڕینـی ڕێگایـەکی سـەخت و دژوار دانیشـتن لێـرە، لـە ماڵی خۆت چەند خـۆش و بەلەزەتـە، بـەلآم بـەقتیقول سـەرە سمێڵـەکانی بـادەدا تـوانی ماوەیـەکی زۆر بـە بێـدەنگی دانیشـێ. بـە تییـە چـاوێك سـەیرێکی نـاو ئاگردانەکـەی کـردو بـۆنێکی کـردو وتی:

باشــە، ژنـێ کاروبـاری تـۆ چـۆنە... ئاگردانـت بـاش دەسـووتێ فراوینـت زوو پێـدەگا؟ پـاروە نانێکت لە کاسـە داهەیـە؟... قتشـە حەزیـدەکرد خـۆی بهاوێتـە نـاو باوەشـیەوە خـۆی بـە قـۆڵ و بازویەوە بنوسێنێ. نەیوێرا هەر لەبەر دەرگاوە بەترس و ڕێزێکەوە پرسی:

- سەفەرەکەت سەرکەوتوو بوو؟
- بەقتیقول لە وەلآمدانەوەی خۆی لاداو وتی:
- یا ئەللآ، دەست ببزێوە... من حەوسەڵەی خۆ خەریك کردنم نییە.

هەرچـی لـە ماڵەکـەدا هـەبوو قتشـە هێنـای و لەسـەر سـفرەی ڕێزکـرد. تـاوەکو درێغـی بـەم ڕۆنەیش نەکرد، کە لـە بـەهارەوە لـە هیـزەدا هـەڵی گرتبـوو لـەناو سـندووقی زەخـیرەی دەرهێنـاو لەبەردەمی مێردەکەی دانـا. چـای گـەرمی بـۆ تێکـردو بـەردەوام هەوڵێـدەدا هـەر هـیچ نـەبێ لـە کاتی هەڵسوڕان و ئیش کردندا بۆ چاو چوقانێکیشبێ خۆی لە شان و قۆڵی هەڵسوێ.

بـەقتیقول چـای داغــی بـەفڕەفڕ دەخـواردەوەو هەناسـەی لەبـەر قتشـە دەبـڕی و بـە باشـیش هەستی بە ئارەزووی ژنەکەی دەکرد.

مــاڵ و منــداڵ جەژنیانــە — چــاوی منداڵــەکان دەدرەوشــایەوەو شــادی و کامــەرانی لــە هەموو شتێکیاندا دەچۆڕا.

جومعــەبای و فاتیمــە بــە پێکــەنین و بزێویــەوە بەســەبری لەگــەڵ یەکــدا لەقەوەژەنــەیان دەکرد.سـیەت چـاوی لیٚ زەق دەکردنـەوەو "ووسـبن" ی لێـدەکردن، بـەلاّم لـە پێکـەنینان دەمـی خۆی تا بناگویٚ بەشببۆوە.

دڵـی بـەقتیقولیش لـە هـەموو لانێکـەوە شـادو خەنـدان بـوو. دەتـوت ئـەو خـەم و خەفـەت گرێیـە نادیارانـەی کـەوا ڕۆژانێکـی زۆر بـوو فشـاری خسـتبووە سـەر دڵـی، بـۆ یەکـەمین جـار کرایـەوە. بـەلاّم لەسـەر کۆڵمـەکانی هـیچ شـوێنەوارێکی شـادی نـەدەبینرا. حـەزی نـەدەکرد بێسوود بکەوێتە قسە دانیشتبوو چـای دەخـواردەوە دەسـتی بـە سمێڵـی دادەینـا سـیٚ پیاڵـە چـایی بـەدوای یەکـدا نـۆش کـرد. بـەرسمێڵی سـڕیەوەو لـە شـوێن خـۆی بڵنـد بـوو لەڕەشماڵەکـە چـووە دەریٚ، لەناکاو ئاوڕێکی داوەو نیگایەکی زۆر بیٚ بایەخی لە لای ژنەکەی کردو وتی:

- تورەگەیەك بێنە و بەدوامدا وەرە.

ژنەکــەش، بــە دڵێکــی پــڕ لــە خورپــەوە چــاوەڕێی ئــەم قســەیە بــوو، بــە خێرایــی نــاو ڕەشماڵەکەی هەڵبژاردو ڕێکیخست و ئامۆژگاری سیەتی کوڕە گەورەکەی کردو وتی:

- لەماڵــەوە بــترازیٚ بــەهیچ لایەکــەوە نەچــی. ئاگــاداری ئاگربــە. ئەگــەر کەســێك هــات و پرسی، بڵیٚ دایکم چووە تەپاڵە کۆبکاتەوە و ئێستا دەگەڕێتەوە.

تــەنیا منداڵــەکان لــەژێر ڕەشماڵەکــەدا مانــەوە، کێشــمەکێش و قاوقیــژ دەســتی پێکــرد. لــە پشــت دیــوارە لبادیــە کــون کونەکانــەوە کــەڕەتێك نالەیــەکی دڵ ئــازار و گریــان، جارێــك پێکەنینێکی پڕ لەرەو ئاواز دەهاتــە گــویٚ جومعــەبای، کەبــەردەوام حــەزی لــە یــاری دەکــردو بــراو خوشــکە بچــوکەکەی ئــازاردەداو لەتەکەشــکی لــە دەســت دەڕفانــدن. قتشــە مێردەکــەی لــەو نزیکانە، لە شـوێنێکی چـۆڵ، لـەناو گـۆمێکی بچـوکی ووشـکەوەبووی دەورانـی شـەختە بەندیـدا دۆزیەوە. زەوی دەریاچـەکە شـاخە، بـەفری سـاڵی رابـردو لـەناو دەرزوکەلەبـەری نێـوان بەردەکانـدا هێنــدە بەســەریەکدا پەســترابوو تــا ئێســتا هــەر مــابوو، رۆخــەکان ڕك و ڕاســتی وەك قــەدی خەرەنــد بەردەســپی و ســورەکان کەبــەباران داتاشــرابوو وەك قۆچــی بــەران دەرپــەڕی بــوون. وەك پــەرژین چــوار دەوری گۆمەکــەیان گرتبــوو، لــە دەرزوکەلــە بــەرەکانی گۆشــەو کەناریــەوە گیـاوگۆلێکی زۆرو تێـك هەڵقـژاو، وەك ڕیـش بـزن ڕواوە، ئـەم شـوێنە پـەناو دورە دەسـتەی تـەنیا بەشکان و ورد بونی گەردەنی و پیٚ ی ئەسپەکانیان دەگەنە ئێرە.

لاشــەی ماینەکــە لەســەر زەوی ڕاکشــابوو بــەقتیقول لەســەر چینچــکان لــە ڕۆخ ماینەکــەوە دانیشتبوو دەستی بـە کـەوڵ کردنـی کردبـوو. لـە قوڵتـایی بـەردێکی تاریـك و سـارد دابـوو، بـۆن

گۆشتێکی خاوی کەسکون دەهاتە بەرلوت. قتشە بەدەست و برد و لێهاتوویی خەریکی کۆمەك کردنی مێردەکەی بوو. وەختێك بەقتیقول ورگ و هەناوی ئەسپەکەی ڕووکردە سەر پێستەکە قتشە ناچار ماوەیەکی زۆر بەسەیرکردنیانەوە خەریك بوو و تێیان ڕامابوو. سەروبەرکردنی ئەوانە کارێکی ئافرەتانەیەو قتشە بە گوێرەی توانای ئامادەیی خۆی دەیکۆشا ئیشەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی قتشە لە کاتی ئیش کردندا بە دەست و بردی لەسەر تاشە بەردێکی پاندا ئاگرێکی کردەوە لەبیری نەچووبوو کە مێردەکەی ماوەیەکە گۆشتی نەخواردوەو گورچیلکی ماینەکە کەوا ئەرخەوانییەکی مۆری تێر ڕەنگ بوو، لەگەڵ دوو سێ پلە گۆشتی بەلەزەتی دیکەی بەتایبەتی هەڵبژاردبوو فڕێیدایە ناو پشکۆکانەوەو ئەمەش خواردنێکی خۆشی بەردەست بوو، بەقتیقول بەمشەوەشی سەیری ئاگرەکەی دەکرد. نیگەران بوو نەبادا دووکەڵەکەی سەرنجی میوانی ناوەخت ڕاکێشێ... بەڵام بەم حاڵەش هەر بێدەنگ بوو.

ئاخر برسیەتی ڕێگایەکی لە هارییەو بەرچاوی پیاو تاریك دەکاو زمان لاڵ دەکا. خوایە ئەم ئاگرە بپارێزی و تووشی ڕۆژە ڕەشمان نەکەی. تا تەنگەی ئێوارە دەستیان لە کارو زەحمەت کێشان هەڵنەگرت و بەپاك کردنەوەی ورگ و ڕێخۆڵەکان و شەق و پیل کردنی لاشەکە خەریك بوون پێستەو بەشێك لە گۆشتەکەیان بە باشی شاردەوەو بەبەردان دایان پۆشی، پاشدان تورەگە گۆشتێك و ورگەکەیان لەگەڵ خۆ هەلگرت و تەنگەی ئێوارە بەرەو ڕەشماڵەکەیان گەڕانەوە.

بەقتیقول بەدیتنی ئەوەی کەوا قتشە لەبەردەمی ئاگرداندا هەڵدەسوڕی، لە ژێر سمێڵانەوە پێدەکەنی قتشە مەنجەڵێکی ڕەش و تەناوی پڕ ئاو کردو لەسەر ئاگری دا ناو پارچە گۆشتێکی نەرمك و گوان و دڵی ئەسپەکەی خستە ناویەوە بەسەخاوەتەوە نەختێکی تەواوی بەزی ژێر یاڵی لەپاڵ کرد. هەر لەو کاتەدا قتشە پشکە جگەرەکانی دەبرژاندو بە منداڵەکانی دەدا. شەو هەوا سارد بوو بەڵام لە ڕەشماڵەکەیاندا گەرماو ئاسایش و سەرو دڵ ڕەحەتیەك باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو. سیەت چیلکەو چاڵی دەهێناو دەیدا دەست دایکی کوڕێژگە لە تەقەلادابوو. بەڵام هەوڵ و تەقەلای ئەو بەقتیقولی نەخەڵەتاند بانگی کوڕەکەی کردو وەك بڵێی کوڕە بەبێ مەیلی هاتە کنی سیەت لەناکاو خەم دایگرت پێشتر ئەم حاڵەی بەسەردا دەهات. ئەو کوڕێکی سەیر بوو هەر لە زووەوە بیری دەکردەوە زیاتر لە سنوری مێشکی لە شتی دەکۆڵیەوەو زیاتر لە چوار دەوری خۆی دەگەیشت کاتی وا

ڕوویدەدا خەم و ناخۆشـی مـاڵی دەدەگـرت و گـەورەکان دەمـەقاڵیان دەبـوو، بـەڵام ئـەو بـەبێ هـۆ سەمای دەکـردو وەك کاریلـە هەڵدەزۆقیـەوە هـەمان شـێوە بەپێچـەوانەوە کـە هـەموویان دڵشـادو کامـەران دەبـوون بـەڵام ئـەو دادەمـاو نـەدەبا بیجـوولێنن و کـەس دەسـتی بـداتێ وەختـێ حاڵەتێکی وای بەسەر دادەهـات ئەگـەر زێـڕو زیویشـیان لەبـەردەم ڕووکردبایـە لـە کـن ئـەو هـیچ نەبوو وەك سەگێکی کوتـەك خـواردو یـان شـێتانە خـەمناك و بـێ بایـەخ سـەیری دەکـردو دەتـوت کـوێرو کـەڕ بـووەو دایـك و باوکیشـی بانگیـان کردبـا هـەر گـوێی پێنـەدەدان و ئـاوڕی لێنەدەدانەوە.

ئێسـتاش کـوڕە کەوتـە بیرکردنـەوە نیگـای وەك گـەوران سـەنگین بـووەو خەندەیـەکی پـڕ لـە مانای داوای لێبوردن لەسەر لێوەکانیدا دەبینرا.

بەقتیقول

لەتەنیشت خۆیەوەی دانا.

جومعـەبای و فاتیمـەش بـۆلای باوکیـان ڕایـان کـردو خۆیـان کوتایـە باوەشـی و قتشـە کەولێکی بەهەر چواریان داداو دایپۆشین.

- ئەوان لە دەوری ئاگرەکەوە دانیشتبوون.

منداڵـەکان بێـدەنگ بـوون بـۆنی هێمنییـەکی شـیرین و شـادی بەخشـیان لێـدەهات مەنجـەڵ قـولپی دەدا بـۆن و بەرامـەی خواردنـە بەلەزەتـە لـەناو ڕەشماڵەکـە چـەرخی دەدا قتشـە خـەریکی چێشـت لێنـان بـوو بـە سـوحبەتەوە قسـەی دەکـرد ڕێـك لـەوەی بـەقتیقول دەنگـی ئـەوی لـەناو چاڵێکدا دێتە بـەرگوێ ئاگایشـی لێنـەبوو چـۆن بـە دانیشـتەوە خەوبردیـەوە قتشـە مەسـینەی پـڕ لەئاوی گەرم کـردو بـانگی مێـردی کـرد تـا دەسـتەکانی بشـوا. بـەقتیقول بەزەحمـەت پێڵووەکـانی دەکـردەوە بەرچـاوەکانی تاریـك ببـوون و لەبەرانبـەر کـڕی دوکـەڵاوی ئاگردانەکـە وا دەهاتـە بەرچاو کە خـوێن پڕژاوەتـە نـاو چـاویەوە لـە کـاتی نووسـتنەکەی پشـتی بەسـتبووی و قاچـەکانی سـڕیبوون. خـەواڵوو باوشـکێکی هـاتێ و تـەکانێکی داو منداڵـەکانی کـە لـە چـوار دەوری دا خەوتبوون لادا دەستەکانی لێك خشادو نرکە نرکێکی کرد:

- ئاخ — ئاخ، سڕبووم.

قتشە بە دڵنەوایی کردن و خۆشەویستیەوە وەڵامی داوە:

- ئێستا، ئەزیزم، هەر ئێستا.

قتشــه مەنجەڵەکــەی لەســەر ســێپایه داگــرت وچەمچــه دارینەکــەی بــه دەســتەوە گــرت، تــا گۆشــتەکەی پــێ لــه قاپێــك بکــا. بــەقتیقول کەمــەر بەندەکــەی لەســەر ئــەرز هەڵگرتــەوە کێــردە درێژو باریکەکەی لە کـالان دەرکێشـاو بـەناو لـەپی داهێنـاو تـاقی کـردەوە تـا بزانـێ داخـۆ تیـژە یــان نــا، کێردەکــەی مونتــازە مــوو دەکــا گۆشــت وەك کــەرە دەبــڕێ بــەقتیقول ئــاوی کــولاوی کتلیەکەی بە کێردەکە داکرد، قتشە دووبارەی کردەوە:

- هــەر ئێســتا، هــەر ئێســتا.... لــەم کاتــەدا ســەگەوەڕ لــە دەرەوە دەســتی پێکــرد، دێڵــە ســەگە پیرەکــە و دوو توتکەکــەی پێکــەوە وەڕیــن، بــەقتیقول لــە شــێوەی قوڕاندنەکــە تێگەیشــت کــە ئــەوان بــەرەو ئــاخوڕ رایــانکرد، قتشــە هــەر بــەم شــێوەیەی کــە ملاکەکــەی بەســەر مەنجەڵەکەوە ڕاگرتبوو بــە ترســەوە ســەیری مێردەکــەی دەکــرد، بەنــدی دڵــی بچــڕا ئــەژنۆی وشــك بــوو تەقــە تــەقی سمــی چــەند ئەســپێك دەتگــوت لــەژێر زەویــەوە بــەرز دەبێتــەوە بەســەر دەنگــی ســــەگەکاندا زاڵ بــــوو، بــــەقتیقول بەباشــــی دەنگــــی ڕم و تــــۆبزە بــــەرزو گرانــــەکانی بــــەر زەوی دەکــەوتن جیــادەکردەو بــە دەنگێکــی نەویــەوە بــانگی کــرد: ســەری گۆشــتەکە داپۆشــە... بــەڵا نزیکە.

قتشە دەستە پاچــە ببــوو وەك پەرییــەك لــە هــەوادا بفــڕی بــەم لاو ئــەو لادا دەهــات و دەچــوو بــەهیچ جۆرێــك نەیــدەتوانی ســەرقاپی مەنجەڵەکــە بدۆزێتــەوە، تەقــەی سمــی ئەســپەکان نــزیکتر دەبۆوە، مێردەکــەی بــەڕق و تووڕەییــەوە ســەیری دەکــردو قتشــە بــە تــەواوی دەســت و پێــی خــۆی ون کــرد ملاکەکــەی دەهێنــاو دەبــردو ئارەقــە بەڕوویــدا دەهاتــە خــوارەوەو بــەبێ ســوود ومانــاو هەر دەیوت و دەیوتەوە:

- ئێستا، ئێستا....

قتشــــە بەســــەر لێشــــێواوی کیســــەیەکی کــــۆنی لــــە زەوی هەڵگرتــــەوەو بەســــەردەمی مەنجەڵەکــەی داداو ملاکەکــەی خســتە نــاو ســەتڵەئاوەکە و دەســتی بــە ئــێش و ئازارێکــەوە هــەروەك ئــەوەی بلێــی ســووتاوە بــۆ دواوە کێشــاوە، هــەر لــە کیســەکەوە هەڵدەســتاو دەهاتــە دەرەوە، بەڵام قتشە ئاگای لەوە نەبوو ئــەژنۆی شــل بــوو بێهێــز بــوو لــە جێــی خۆیــدا لەســەر زەوی دانیشت.

پیاوە بێگانەکان بــێ پــرس و بــەخێرهاتن خۆیــان بــە چــادرەکەدا کــرد، مــژدەی هــیچ شــتێکی باش لــە ڕوویانــدا دیارنــەبوو، ئەمانــە پیــاوانی قــۆزی بــەق، پیــاو کــوژانی لەنــدەهۆر و کۆنــەکار، دەســتەی هەڵبــژێراو زۆر گۆیــان، غارەتگــەرانی شــەوگەڕ بــوون ڕەفتــارو خۆیــان پێگرتــوە و

بەمستەکۆڵەو کوتەك قسەبکەن و چاوەڕوان نین کەس وەڵامیان بداتەوە و سەلمەنی ورگ گەورەو کەفەڵ ئەستوور، کەمەر بەندێکی قایشی پانی ئاوزینە زیوی لەسەر بەستبوو، بەقامچی بەلا تەنیشتی پێلاوەکانی خۆیدا دەکێشاو بەخۆ نازینێکەوەو هەنگاوی گەورەوە ڕێی دەکردو هاتە ناو چادرەکەوە. چەند کەسێکی دیکەی تێروتەژی و بەفیز لەگەڵ ئەودا هاتنە ناو چادرەکەو بەشکۆوە لەبەردەمی بەقتیقولدا وەستان.

ڕەشماڵەکە تەنگ بوو، بەلام لە دواوە هەر فشاریان دەهێناو قەرە پەستەیان دەکردو لەبای نزیکتر دەبوونەوە لەدوای هەموویانەوە پیاوێکی باریکەلەی ڕیش سوورو چاو زەق بەزرنگی لەنێوانیاندا هاتەدەر و ئەمەیان هەر سەیری بەقتیقولی نەکردو لە کاتی هاتنی دا مشە مشێکی کردو هەناسەیەکی هەڵکێشا وەك بناو لێیدا لە تەنیشت ئاگردان درێژبوو شانی لە لای قتشەی هەترەش رژاو کردو، قتشە خۆی لێ کەنار گرت و لێی کشایەوە کابرا بە پێکەنینێکی پڕ لە ڕق و بێشەرمانە بەتی چاو تەماشایەکی کرد، گاڵتە جارو بێ چاوڕوان هەموو شوێنێك بە ماڵی خۆیان دەزانن، سوارێکی بەهێزو تێکسمراو وسورە بەگەف و کوڕ چاوەکانی لە گلێنە دەرپەڕاندو کونە لووتەکانی فش و دەمی خوار کردبوو، زمانێکی بەسمێلە تاشراوەکانی دا هێنا و بەبێ شەرم دەستی پێکرد.

- ئۆهوی، تۆ پێری شەو لە کوێستانی(دۆنگ) تازە ماینێکی جوانت لەڕەوە ئەسپی ئێمە رفاندو سەری ژامانتای ئەسپەوانت شکاند، لەتۆ بترازی کەسی دیکە ئەم کارەی نەکردوە، هەر کەسێك هۆشی هەبێ، دەڵێ ئەم ئیشە ئیشی تۆیە، جگە لەمەش بەیانی لەناو چیادا زەلامێکیان لەگەڵ دوو ئەسپەشیدا دیتووە، یەکێك دیتونی کە دەمەو ئێوارە دووکەڵ لە نزیك ڕەشماڵەکەی تۆوە بەرزبۆتەوە بە کورتی لەبەرئەمەی کوتانەوەی ئاسنی سارد سوودی نییە... پیاوی شەریف ئەگەر باوکیشی ماڵی بدزێ لێی خۆش نابێ. ئەخەسەلا — تۆ... وەلام بدەوە.

بەقتیقول لەبەرانبەر تێکرای ئەم سوارە شەڕاویانە دڵی دانەخورپا، هەرچەندە دەیزانی، پیاوی دڵڕەق و کەللە ڕەق بە سۆراغیدا هاتوونە، نەدەکرا چاوەڕێی بەزەیی و پیاوەتیان لێبکرێ، ئەم قسانەی وەك سوێند لە دڵی خۆی دووبارە دەکردەوە.

"هەقی منەو ئێوە ناهەقن، هەرچییەکی بەسەر سەلمەن بێنم جێی خۆیەتی، لەبەر ئەمە وەلامی سوارەکەی نەداوەو بەهێمنی لەبای پرسی:

– دەڵێی دەتەوێ بەدزم دابنێی؟ بەقتیقول کەی دز بووە؟ سەلمەن مشەیەکی لە لوتەوە دەرداو بە تووڕەییەوە وتی:

– شێر و ڕێوی مەهێنەوە.

بەقتیقول ببوو بە بەرد هەر نەش جووڵا.

– کەر لە کوێ کەوتوەو کوندە لە کوێ دراوە گێچەڵم پێ مەکەن، لە هیکڕا سەلمەن سوور هەڵگەڕاو هەناسەیەی تووڕەیی هەڵکێشا، لەڕقان هەناسەی گیرا:

– ئەی مار... هەی دووپشك.

– جارێ سووری کەوە کێ منی دیوەو کێ بەرۆکی گرتومە؟

کێت شایەتە.

– هەیە.... خەمت نەبێ.....

– لە کوێیە؟ بابێتە بەرەو ڕووم قسەبکا.

بای قسەکەی بڕی:

– وڕێنە دەکەی ئەسپەت دزی، ڕەوەکەت شێت کرد... لەیەك شەودا ئەم هەموو زیانە ئەم کارە کاری تۆیە تۆ، تۆیەك لەژێر سایەی مندا گەورە بووی.

– بەڵێ، باشە، دیارە لەژێر سایەی تۆ، بێ ئەسەل نییە، کەبەهەر شێوەیەك دڵت بخوازێ دەم ڕەتێنی. دیارە کە ئەم جۆرە کارانە لای تۆ شتێکی ئاساییە... ئاخر پێم نالێی بۆ ئازارم دەدەی؟

– ئێستا تۆ کە زیانم لێدەدەی هیچ، زەمیشم دەکەی؟

– وا دیارە زەم کردنی تۆ بناغەیەکی نییە!

بای بەنیگایەکی بێ ماناوە بەرانبەر خزمەتکار حەپەسا.

– ئاخر من چیم لە تۆ سەندوە؟

– بپرسە چ شتێك هەیە لێت نەسەندبم.. ڕۆحت هێنامە سەر کونە لوت، تاکە براکەمت کوشت.. هێندەت لێدا تا نیوە مردوت کرد...

– باشە، پاشان مەعلوم دەبێ کە من دوژمنی خوێنی تۆم؟ بەقتیقول دەستەکانی بەسنگەوە گرت.

– خوا خۆی ئەم قسانەی بەسەر زماندا هێنای... یەکەمجار تۆ ئەم قسەیەتکرد.

– عەقڵت تێکچووە شێت بووی؟

- بەقتیقول بەترش و تاڵیەوە سەری بادا.
- نەتهێشت بە مردنێکی سەرو دڵ ڕەحەت بمرێ.

نەسەلام و سەرەخۆشی. نەبەخشش و سەدەقەیەك ئەو شەش مانگان وەك مۆم دەتواوەو چاوەڕوان بوو هەر هیچ نەبێ تۆ بەرخێکی گەڕی بۆ بنێری هیواداربوو هەر نەبێ پێش مردنی دڵی ئارام بگرێ.

بای چاوە جیقناویەکانی تەسك کردو بەلالێوو زمانە کەفاویەکەیەوە وتی:

- ئەها... ڕوون بۆوە لە کوێوە قسەدەکەی... باوابێ با زۆر قەرزاری تۆم؟ ڕەنگە نیوەی سەرو ماڵم هی تۆبێ؟ بڕفێنە، دەست مەپارێزە چیدیت لە ئاغا دەوێ، لە سەلمەنی دەربێنە پێکەنینێکی بێ نامۆسانەو گەف ئامێز لە نۆکەرەکان بەرزبۆوە، بەلاّم بەقتیقول نێو چەوانی گرژنەکرد.. با ئەو تەنیاش بێ هەق بەلای ئەوە.

- دەڵێ با وابێ؟ فەرموو بیست زستان دۆشەگم سایەقەو لێفم بەفربوو، هاوینان چاوم لێك نەناوە بیست بەهار شادیم نەبوو بیست پایز ڕووناکیم نەدیت شکایەتم نەکرد، مێگەلی تۆم لەوەڕاند، تەکتیقولی بەدبەختیش بەهەمان رادە ناخۆشی و ئازاری کێشا.

دوازدە ساڵە ژنی منە، کارەکەری تۆو خزمەتکاری دایکی تۆبوو، دایکت بەنەخۆشی سیل دەتلاێەوە. جوانی و جحێڵی ژنەکەشم دەتوایەوە، لەبەرانبەر ئەمانە.. بەرانبەر هەموو ئەمانە چیمان دەست کەوت؟ تەنیا مافێك، ئەویش ئەمەیە کە ئەوەندە ئاوی دەممان قوت بدەینەوە و تا لە برساندا بتۆپین؟

سەلمەن قیژاندی و ئاوی دەمی لەم لاو ئەو لای لالغاویدا دەڕژا:

- مەبەستت تێگەیشتم... تێگەیشتم.. خولاّمی روتەڵەی قرێژاوی پیس و پۆخڵ.. هەموو بیرو مەبەستی ناوەوەت دەخوێنمەوە عەجەب بێچاو و ڕۆیکی ئەم دزە نیازی وایە من سووك و ڕیسوا بکا، باشە واتلێدەکەن زمانت بگەزی... بلێ بزانم ماینەکە لە کوێیە؟

- لە دادگا داوای ماینەکەت بکە.
- داوا بکەم؟ کەری ناجسن. ڕوتەڵەی بێدەرپێ... تەمای چیت هەیە؟
- تۆ دەسەلاّتداری و من خاوەن مافم لێگەرێ با موحاکەمەمان بکەن.
- هەڵبەتە کە مەحکەمەمان دەکەن.. سەیرکە ببینە لاف زەنی بێ ئابڕۆ چ قوڕێك بەسەری خوێدا دەکا، دەتەوێ لە ڕووی قۆزی بەقان ڕاوەستێ؟ داوای دادگا دەکەی، داوای ڕاستی دەکەی؟ زۆر — باشە.. ئێستا زمانت درێژە، لە ڕێی دادگای دانێ سزات لەناو

دەست دەنێن.. بەڵام دەبێ بێ ئەوەی ڕاگیرم بکەی ماینەکەم بدەیەوە پاشان دەبینن کە کامەمان بەچ تاوانێك حوكم دەدەن.... بۆ دواجار دەپرسم ماینەکە لە کوێیە؟

- ها سەلمەن بەڕوێکی پڕ لە گڕی تووڕەییەوە قامچییەکەی بەڕووی بەقتیقول بەرزکردەوە.

نییە بەتیلەی چاو دەیدیت کەوا چۆن پیاوە بەڕەلاکان تۆبزیان ئامادەکردوەو لێیی نزیك دەبنەوە ئامادەن... تەنیا چاوێکیان لێ با بدرێ.. ئاخێکی هەڵکێشا:

- ماینەکەتان بێ سەرو شوونە...

- چیت لێکرد؟

- بەدۆستێکی خۆم سپارد، تا دووربخاتەوە خاتەوە برادەرێکی دڵسۆزە هەڵناخەڵەتێنرێ...

- درۆ دەکەی پێستت لەبەردا دەماڵم.

- ئەگەر درۆ دەکەم چیدی مەپرسە تا وەڵامت نەدەمەوە. ئەم سەرو بەندانەدا پیاوە ریش سورە لاوازەکە. کەوا لە تەنیشت ئاگردانەکەوە ڕاکشابوو بە هەنیشکەکانی ڕاست بووەوەو بەبۆڵە بۆڵ و منەمنێکی گاڵتەجاری وتی:

- ئۆی بەقتیقول، باشتر وایە بەخۆشی دانی پێدا بێنی بۆچی بۆ دۆزینەوەی ماینەکەی هەڵەتەی شوێنی دوورمان دەکەی؟ بۆنی گۆشتی ئەم جوانە ماینەی کەسەرو دڵ دەکاتەوە لە کوێوە؟ بۆ داماوی؟ وەڵامێکمان بدەوە. بەقتیقول بێدەنگ بوو، قتشە چاوی بڵند نەدەکرد، زەلامە ڕیش سوورەکە لە جێی خۆی ڕاپەری و ئەو کیسەی کە لەناو هەڵمدا خووسابووەو لەسەر مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە.

- خۆیەتی. مەنجەڵ سەری لەسەر دانییە، بەبێنیاز سەری مەنجەڵەکەم هەڵدایەوە گەنجێکم لەناودا دۆزیەوە... باشە میوانانی خۆشەویست، ڕاست و دروست بۆ پێشوازی ئێوەیان ئامادە کردووە بۆ ڕاوەستاون؟ برایان دەستتان بشۆن، قتشە خێراکە قاپمان بۆ بێنە.

ئەندامانی دەستەی قۆزی بەق لە دەوروپشتی سەلمەن دانیشتن بە گاڵتەو گەپ دەستیان بە قاقای پێکەنین کرد. مفتە خۆران لەبەلەزەتی دەعوەتەکەی بەردەمیان بە گاڵتەیەکتریان پاڵدەدا قتشە لە شەرمێکی تاڵ سڕببوو لەگەنێکی گەورەی دانە دەست.

پوخــە پیــاوە[٣] ریــش ســوورەکە گۆشــتی دەرهێنــاو لــەناو لەگەنەکــەی کــردو پارچــە پارچــەی کرد.. سەلمەن و نزیکـەی دەکەسـی لـە بێشـەرمترین خـوێڕی تـرین ئەڵقـە لـە گوێکـانی باسـکیان هــەڵکردوو کەوتنــە ڕفانــدنی ئــەو پلــە گۆشــتە چــەورو نەرمکانــەی کــە هێشــتا هــەڵمیان لێهەڵدەستا. بۆ گاڵتەش بەقتیقولیان بۆ سەر سفرە بانگ نەکرد.

خاوەن ماڵ لەم لاوە وەستابوو تووڕەو حەپەساو سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد.

میوانــە ئــەزیزەکان بەپشــتیان دیــوارێکی مەحکــەمیان لەبەرانبــەر ئــەودا دروســت کــرد. قتشە بە ڕوویێکـی پـڕ لـە نـەفرەت و بێـزەوە چـاوی لـە زەوی دووری بـوو ئـەو لـە ژیـانی خۆیـدا زۆری چەرمەســەری دیتبــوو، بــەلاّم شــتی وا پــیس و گــلاّوی بــەبیردا نــەدەهات ســوارەکان بەملچـەملچ بەهـەردوو لـەپ گۆشـتیان لـە دەمیـان دەپەسـتی و قوتیـان دەدا ئاغـاش لەگەڵیانـدا خــەریکی گۆشــت خــواردن بــوو و ســکی نەتــەقی کــاتێ بنــی لەگەنەکــە بریســکاوە، ســەلمەن لەتێریان قرقێنەیەکی هێناوەو بە بەقتیقولی وت:

- ئێســتا تەویلــەمان نیشــان دەدەی.. ببیــنین چــیت لــەوێ شــاردۆتەوە. ئەگــەر کلکــی ماینەکەشـت بـۆ بـەجێ بهـێڵم، وجـاغم کـوێر بێتـەوە.. لەسـەر حسـێبی مـن نـاتوانی بـژی، درۆ دەکەی.. بێکەم و زیاد هەمووی دەبەم، یاڵڵا تاماوی خێراکە.

بەقتیقول بەزەحمـەت جلـەوی تـوڕەیی خـۆی گرتبـوو، بـەلاّم بـەم قسـانەی سـەلمەن لـە گیـانی خۆی بێـزار بـوو لـە حاڵێکـدا کـە لـە ڕقـان و بەکـەم دانـانی و منـەت نـەزانینی دەلـەرزی و لـەم شتانەش خراپتریان لێ چاوەڕێ دەکرا، بە ڕق و کینەوە وتی:

- ئەگــەر دەتــەوێ بگــەڕێی بگــەرێ، ئەگــەر دۆزیتــەوە بیبــە، چــاکیش بزانــە بەچــاو سوورکردنەوەو زمان درێـژی نـاتوانی بمترسـێنی... سـەلمەن لـە جێـی خـۆی ڕاپـەری و بـە قامچـیە زەردە مارەکــەی دووقامچــی بــە چــەپ و ڕاســتی بەقتیقولــدا کێشــا... بــەقتیقول تــاوەکو دەستیشــی بلّنــد نــەکرد، بــەبێ چــاو تروکانــدن ســەیری دەکــرد، فرمێســك بەســەر پرژانگــە هەلّزەپەتاو بێخەوە کـانی دا دەهاتـە خـوارێ بـای دەسـتی بـە جـوێن و قسـەی ناشـرین کـردەوە.. بــەقتیقول لــە هــەموو شــتێك زیــاتر لــەوە دەترســا کەلەبەرچــاوی ژن و منداڵــەکانی بشــکێ... قتشە دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو هاواری کرد: هەتا هەتایە لەعنەتت لێدا.

- قۆزی بەق، بەلەعنەتی ئەبەدی گرفتار بیت، خوا خۆی سزات دەدات.

---

(٣) پوخەپیا: پیاوی بودەڵە

– سیەتی بچکۆلانە قیژەیەکی لێدا.

– بەراز، خۆی بەسەلمەن داداو یەخەی گرت، بای کوڕێژگەی تێهەڵدا ئەولا.

بەقتیقول لە خۆی کەوەڕی بوو یاخەی ستەمکاری گرت.

ئەو لەم دەقەیەدا وەك دڕندە ترسناك بوو و لەپێنج کەسیش بەهێزتر بوو سوارەکان نەیانتوانی یەکسەر سەلمەن لە چنگی دەربێنن و بەهۆشی بهێننەوە. هەر لەگەڵ بەهۆش هاتەوە.. لە تاو تووڕەیی و ڕقدا دەیگرت.. دووبارە نەڕاندی:

– سیا چاڵت دەکەم... پیسکە... دەترزێنمەوە دەتخەمە ژێر زەمینەوە.. بۆ سیبریات تێهەڵدەدەم، ئەگەر وا نەکەم پیاو نیم...

بەڵام بەقتیقول ئیدی نەجوێن نەگەف و گوڕی نەدەبیست. بە ئەزمی کوشتن لێیان دەدا، خەتی خوارو خێچ و بازنەیی ئاگراوی لەبەرانبەر چاوەکانی بریقەیان دەداوە، جریوەیان دەهات و تێکدەئالان. پاشان ئەوانیش دامرکانەوە. ئەو بەزیرە زیر دەکەوتە ناو چاڵێکی تەنگ و تاریك و سەروپشت و کەلەکەو سك و دەست و قاچی بەر دیواری چاڵەکە دەکەوت و بەهیچ جۆرێك نەدەگەیشتە بنی چاڵەکەوە. لە ئێشی ئەو سووتانەوەو چوزانەوەی کەلەسەر گۆناکانی هەستی پێکرد، کەمێ بەهۆش خۆی هاتەوە.. بەتەواوی وەك سوژنیان لەپێدو ڕاکردبێ دووبارە دنیای لەبەرچاواندا تاریك بوو، سەرەنجام کەوتەوە ناو چاڵێك کە وەك تاوەیەکی داغ گەرم بوو، ئینجا بەقتیقول هیچی لەبیرنەما.

## (٤)

پاشی ماوەیەکی دوورودرێژ بەهۆش خۆی هاتەوە لەپشت تەمێکی خوێناویدا بە زەحمەت قتشەی دیت. قتشە لە ماوەی شەوێکدا زۆر پیرولاواز ببوو، گریان و شیوەن قوڕگی قتشەی دەگرت و دەنگی پڕمە پڕمی گریانێکی پڕ بوغزو ڕقی لە قورگدا دەهاتە دەر.

بەقتیقول دەنگی ژنەکەی نەناسیەوە، لە درزێکی فراوان و خوارو خێچ ڕووناکاییەکی غەم ئەنگێز و کەم شەوق دەهاتە ناو چادرەکەوە.

دەرگای چادرەکەیان هەڵکەندبوو، باران نم نم دەباری و وەك کەزی سپی و ئاڵۆزو لەرزان وەك بژی یاڵی ئەسپ... دەژڕانە سەر زەوی و بڵاودەبوونەوە.

بەقتیقول دەینالاند.. باشتر بوو ئەم ڕۆناکی و بەد بەختیو ئاخر شەڕنەبێنی..

ئـاگردان خـامۆش ببـۆوەو بـەقتیقول لـەژێر کەوڵـە قـورس و سـارد و سـڕەکە ڕەق ببـووەوە هـەموو ئـازای دەیزیڕانـد. ژانـی دەکـردو قەتماغـەی خوێنـە وشـك و مـەیبوەکانی سـەر دەم و چـاوی دەسـڕیەوە، سـیمای ئادەمیـانی بـەڕووەوە نـەمابوو، وەك پارچـە خشـتێك سـورو شـین هەڵگـەڕابوو، چـاوەکانی بـەبێ تـامی هەڵزەپـەتابوو، سـەرگۆنای هەڵقلیشـابوو خوێنیـان لەبـەر دەڕۆیی و لەسەر چەرمی کەولەکە جێی چۆڕاوگەی خوێن دەبینرا.

بـەقتیقول بـە زەحمـەت و دەنگێکـی ناڕحەتـەوە بـەم لاو ئەولایـدا چـاوی گێـڕا.. لـە کەسـێك دەگەڕا..

قتشە بەدەم هەنسك و گریانەوە وتی:

- ئەوان لێرە نین.. لەعنەتیانە هەموو ڕۆیشتن بەقتیقول بە ئاخ کێشانەوە وتی:
- سیەت..
- ئەو لێرەیە، ئافەرین سیەت..
- ئافەرین سیەت..

ستەمکاران پاش ئـەوەی ئیشـی باوکـەیان دیـت، بـە سـوراغی کـوڕە داهـاتن، سـەلمەن خـۆی لێـی دەپرسـی، گۆشـتەکەیان لـە کـوێ شـاردۆتەوە بەمـەرگ گـەفی لێـدەکرد.. سـیەت لـەبزی نەبزوفت. قتشە فرمێسکەکانی خۆی دەسڕیەوە و دەیوت:

- ڕیش سـوور مەشـخەلێکی داگیرسـاند وەك سـەگ کەوتـە گـەڕان هـەر بـە بـۆن گۆشـتەکەی دۆزیەوە، هەم ئـەوەی بـۆ بـەرخۆری هەفتەیـەك لـەناو هـۆرە مەڕەکـەدا بـە قـەنارەوەمان کردبـوو. هەم ئەوەیش لە حەشارگەکەی بەردمان خستبووە سەر.

ئەسـپەوانەکان بـەڕەنگی پێسـتەکە ماینەکـەیان ناسـیەوە. سـەلمەن فرمـانی دا هـەموو گۆشـتەکە ببـەن و ئەسـپەکەو گایەکـەشمان سـەرا ببـەن. ئەسـپەکە لەبەرئـەوە تـاکو نـەبنیرێ ڕەوەکـەی خەسـارەتی لێکـەوتووەو گایەکـەش بـۆ چـاو شـکاندن. بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی گۆشـتەکە مـاڵی دزیارییـە نـابێ بـۆ دز بـەجێ بهێڵـرێ. دواجـار ڕیـش سـوور دوو کەسـی دیکـە بـە خـۆو مەشـخەڵەوە لـە بـەقتیقول نزیـك بوونـەوە.. دانیشـتن و سـەیری یـەکیان دەکـرد. سـەلمەن لێیـان نزیك بووەوەو بۆ دڵنیایی کردنی وتی:

- هەناسە دەدا.

سەلمەن وتی:

– چارەنووسی ئەم کورێژگە ئەوەیە، لە زیندان بمرێ، نەك لە چادر برام والییە ئێوەش هەموتان شایەتم دەبن.. نامەیەك دەنووسم و لە ژێرەوەی مۆری دەکەم... بێگومان دەیخەمە حەپسخانەوەو هەرچیم لە دەست بێ دەیکەم تا ڕەوانی ئەو بەندیخانەی بکەم کە سوخرەکیشی تێدایە. لێگەڕێ با لەوێ وەك سەگ بتۆپێ پاشان لێیانداو ڕۆیشتن.

بەقتیقول سەیری منداڵەکانی کرد، دەبێ دیسان منداڵە بێنەوا کانی برسیەتییەکی وابکێشین لە عەقل بەدەر بێ. دەبێ بەرانبەر گوجیلە سەگەکانیان سکیان هەڵوڕەشن.

بەقتیقول پرسی:

– هەر هیچ نەبێ تۆزقاڵێك بۆ منداڵەکان ماوە؟

قتشە بەدەم شیوەن و گریان وەڵامی داوە هیچ شتێك.... تۆزقاڵێك نەماوە، هەرچی بوو و بردیان بە ڕۆژی ڕۆناك ڕووتیان کردین ئەم سەڵمانە مەلعونە ماڵی وێران کردین. هەرچی هەمان بوو بەربایدا، خوایە زوو بێت دەبێتەوە و بمرێ و قەبرەکەشی لافاو بیبا....

بەقتیقول ددانی لە جیڕەوە بردو دووبارە بێهۆش کەوتەوە.. تا دەمە دەمی نیوەڕۆ بەدەنگی بەرز وڕێنەی دەکردو دەیگوت بەردەوام لەبەرخواو خەڵکانێکی نادیار پاڕایەوەو سکاڵای لای خوا دەکردو جوێنی بەدادڕەسان دەدا.

–ئەها.... بەڵێ... ئێستا بڵێن کێی دزی؟ بەقتیقول چەند ڕۆژان بەبێ جووڵە لەناو نوێن ڕاکێشاو لەناو خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قووڵدا مەلەی دەکرد: دەبێ چیبکا؟ ئەو تەنیایەو کەسی لە پشتدا نییە، ئایا بەتەنیا دەستی دەتوانێ حسابی خۆی لەگەڵ قۆزی بەقەکان پاك بکاتەوە؟

لە گوندەکەی خۆیاندا بە هەقی خۆی ناگاو برادەرایەتیشت ناکەن. ئەم پیاو کوژانە زۆر لە خۆیان بایینە، هەندێکیان چاو ترساو کراون و بێدەنگ دەبن.

لەبەد بەختیدا ئومێدی یارمەتی لە کێ دەکرێ؟ لە خزم و کەسان؟ ئەدی ئەوان لە کوێنە؟ بەرەبایەکەم نفوسە و لاوازەکەی ساری لە بیست چادر تێپەڕ ناکاو ئەوانیش لەسەرانسەری ناوچەکەدا پەرت و بڵاون و ناتوانرێ لە شوێنێك کۆیان کەیتەوە. لەگەڵ خێڵ و بەرەبابە دەوڵەمەندەکان کۆچ و کۆچبار تێك دەنێین و خزمەتی ئەوان دەکەن و خۆیان لەناو هەژاری و کارەساتی ڕۆژگار دەژیەن قسە لەگەڵ کێ دەکەی.. یەکێ دەڵێی وابکەو مەکە؟ تازە کەس گوێ ناداتە قسەیان. کەسێك لە نێوانیاندا نییە قەدرایی بستێك زەوی هەبێ.

لەگــەڵ ئەمەشــدا بــەقتیقول نەیــدەتوانی وەکــو ڕەشــە خەڵکەکــەی تایەفــەی ســاری خــۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ، بێچەندوچوون ئەو لە لەوانی دیکە ئازار بوێرو سەر سەخت ترە...

لەبەرئەمە وەزعەکــە بــۆ ئــەو نالــەبارو دژوارتــرە، تــەکتیقولی بــرای وەك بــەرخ بــوو، گورگــان خواردیان، بــەڵام هــەموو ڕەوشــت و ئاگــاری بــەقتیقول لەســینەی ســیەتی بچــکۆلانەی سەرکەشــدا هەڵیــدابوو وە ئەگــەر بــەقتیقولیش شانســی هــەبا دەیتــوانی ببێتــە پیــاو، لەســەر حیســابی ویژدانی بژیەت و سکی منداڵەکانی تێربکــا ســوپاس بــۆ خــوا، کــە هــەم هۆشــی لــە کەللــە دایــەو زمانیشــی هەیــە، بــەقتیقول دەیتــوانی زۆر ئــیش بکــات... بەداخــەوە کــە دادو ئینســاف نییــە، بــەختی نییــە و خــواش برســیەتی و ڕەنــج بــە زەبــوونی و مــل کەچــی وەکــو نەخۆشــیەکی درم و بێدەرمان بەنسیبی ئەو دەکا.

ئێستا بەجارێ بارەکــە بــەرەو خراپــی دەچــێ، لەمــە بــەدواوە چــاوی ســەلمەنە، ئەمــەی ڕابــورد تــەنیا کولیکــە[٣] بــوو دیــار نییــە بــەری چــی دەبــێ.. قــوزی بەقــەکان هــەولێکی زۆر دەدەن لــە خۆڵقــەتی خۆشــیاندا.ڕەت دەکــەن. حکومــەت لــەژێر دەســتی ئەوانــە، والــیش لەوانــە ئاغاکــان خــۆیین هــەموویان دارو دەســتەیەکن، پشــت و پــەنای یــەکن ئێســتاکە کــە توانییــان بــەجارێك لەســەر بــەقتیقولی ئیســپات بکــەن. هەرچــی بــووەو نــەبووە لەســەر بەقتیقولیــدا بشــکێنن، پــێش هــەموو شــتێکیش خراپــە کاریــەکانی خۆیــان بــە ملــی ئــەودا دەهێــنن.. هەرکەســێك لــە پیاوەکانیــان دزی و چــپاول بکــا بەســەر ئەویــدا دێــنن، ئــەو کاتــە یەکــە تــرس و ئــابڕۆ چــون چەرمەسەری هــەرە گــەورە ئــەویش کــە نــاوی زیندانــە، دامــەنگیری دەبــێ، بــەقتیقول لــە دنیــادا زیاتر لە هەموو شتێك لە زیندان دەترسا.

سەلمەن دەیزانی بــەچ شــتێك بیترســێنێ، زۆر جــاران بــەقتیقول لــە کــاتی تــالان و بــڕۆدا بــەرەو ڕووی تارمــایی مــەرگ بۆتــەوەو هەراســان نــەبووە، بــەڵام ئێســتا دەلــەرزی، دەتگــوت تــاو لــەرزی تارمــایی زینــدانی تــەنگ و تاریــك و بۆگــەنی وەك قــەبر... دەیانــەوێ زینــدە بــە گــۆڕی بکــەن. چارەنووســی تــەکتیقول گــەڵی ئاســانتر بــوو، نــابێ ســەلمەن لەگــەڵ ئەوانیدیکــەدا بــەراوردبکرێ، ئــەو بــە بــەلاش گــەف ناکــا، ئــەو کۆیلەیــەك لــە قســە و گوێیــدا نــەبێ ریســوای دەکــا، تــا ئەوانیدیکە پەند وەرگرن، ئیشەکە دەگەینێتە حەپسخانە و مریشکە ڕەشە.

---

(٤) کولیك: گوڵی هەردار مێوەیەك کە تازە دەپشکوێ، کولیکە هەنار، گوڵە سورەکەی هەنار

بـــەقتیقول بـــەبیٚ ئـــەوەی شـــەرم لـــە ژن و منداڵـــەکانی بکـــا وەك دڕندەیـــەك کەوتبیٚتـــە داوەوە، لـــەبیٚ هیواییـــدا گـــەوزی دەداو لـــە خـــۆی دەپرســـی، پـــەنا بـــۆ کـــویٚ ببـــەم؟ قتشـــە وابزانـــی دیســـان مێردەکەی کەوتۆتەوە وڕێنە لە کرۆکی دڵیەوە دەستی بە دوعاو پاڕانەوە کرد:

- خـــوای گـــەورە، ســـەبری بهێنـــی.. نـــەهێڵی بمـــریٚ، ئـــەی خوایـــە ڕۆژێـــك داهـــات بەتـــەواوی نائومێد بـــوو، بـــانگی قتشـــەی کـــردو چـــەند شـــتێکی بەبەرگوێـــدا هاویشـــت، کـــە پێشـــتر چـــاوەڕێی ی ئەم قسانەی نەدەکرد.

- ژنـــیٚ... نـــا... دوژمـــن، بـــەهێز بـــەزۆریش هـــەموو کارێـــك دەکـــریٚ، ئاشـــکرایە چـــی دەقەومیٚ.

لەم کاتەدا قتشە بۆ یەکەمین جار لە وەزعی ئەو هەراسانی دایگرت.

- ئایا بەڕاستی کەس نییە، کە بمانپارێزیٚ؟

بـــەقتیقول وەڵامـــی نـــەداوە، کەوتـــە بیرکردنـــەوە وا دیـــاربوو کـــە چـــارێکی بەمێشـــك دا هـــات. قتشـــە دەللـــە عاســـت هەســـتی بەمـــەکرد، ئـــیتر بـــەقتیقول نەیدەناڵانـــد و وڕێنـــەی نـــەدەکرد، کـــپ بوو و دەستی بەسینەی پڕلە برین و سەراپا داڕوشاوی دادەهێنا.

هەفتەیـــەکی بەسەرداچـــوو و بـــەقتیقول لـــەناو نـــوێن هەڵســـاوەو قتشـــە لـــە شـــێوەی هەڵســـانەکەی بـــۆی دەرکـــەوت بەهەڵـــەدا نەچـــووە کـــە بـــەقتیقول بـــەنیازی ســـەفەرێکی دوورو درێژبوو.

قـــۆزی بەقـــەکان، دزەکـــان، ئەســـپەکەیان ئەســـپە ڕەش بـــۆرو زیـــرەك، بەئـــەزموون و بەوەفاکەیان لێبرد، بـــەڵام بـــەقتیقول ئەســـپێکی دیکـــەی، کـــە لـــە ئەســـپە ڕەش بـــۆر خـــراپتر نـــەبوو، شێیکی یەرغە و روهـــان و خـــوێن گـــەرمی هـــەبوو، بەئەمانـــەت لـــەناو رەوە ئەســـپی هاوســـیٚ کـــەی شـــاردبۆوە، کـــە دۆســـتی تەنگانـــەو جێـــی دڵنیـــایی ئـــەو بـــوو، ئەســـپێکی هەســـرەت ئـــەنگێز، ڕێـــك ئەنـــدام بـــەغاربوو ســـینگێکی پـــان و سمـــی نـــازداری هـــەبوو، ئـــەم ئەســـپە بەرغـــە لەسەرانســـەری ناوچەدا بیٚ وێنە بـــوو و ڕەنگـــە لـــە ئاســـتانی چـــلکاردا هـــیچ کـــەس وێنـــەی ئـــەوی نـــەبووە، ئەســـپ شـــێیە ئێســـتا نـــۆرەی زینکردنـــی هـــاتووە، بـــەیانی زوو بـــەقتیقول تفەنگەکـــەی خـــۆی پـــڕ فیشـــەك کرد، رۆنـــی لـــە بیرینـــەکانی ســـەر روومـــەتی هەڵســـوی و شـــتێکی تـــیٚ ئاڵانـــد، کـــاتی مـــاڵ ئـــاوایی کـــردن لەســـیەت کـــە خـــەریك بـــوو جڵـــەوی ئەســـپەکەی دەدا دەســـتی ســـەری بـــادا، ئەسپەشـــیٚ، بـــەقتیقولی بـــۆ ســـەر لوتکـــە چـــیا بـــەرزو ســـەخت و شـــوێنە ناهـــەموارەکانی ناوچـــەی ســـەروی جەنگەلەکان برد.

ئەسـپ سـوار ماوەیـەکی زۆر لـە نێـوان پێشـە چـڕو زەمەنـدەکانی قەرەچـای و دڕك و دار و گوڵە نەسـرینی سـەراپا بـەدری ڕێگـای بـۆ خـۆی دەکـردەوەو نیـوەڕۆ لـە شـوێنە ڕك و سـەختەکان دەربـاز بـوو، گابـەردە ڕوت و مەزنـە سـوور سـوورەکان کەسـەریان بـۆ کەشـکەلأنی فەلـەك بردبوو، لەبەرانبەری و بەدیارکەوتن.

کەسەیر دەکەی و دەبینـی چـۆن بـەردەکان لەسـەر سـەرتەوە قیـت بوونەتـەوە، کـلاٌوت لەسـەر سـەردا بەردەبێتـەوە لێیـان نزیـك بیتـەوە ناڕەحـەتت دەکـەن. وا دێتـە بەرچـاو کـە شـڵەقاندنی گـۆمی بێـدەنگی شـاهانەو ئەبـەدیان گوناهێکـە بـوردنی بـۆ نییـە، لێـرەدا ڕووبـەڕووی مـرۆڤ و ڕەوەو مێگـەلأن نابێتـەوە تاشـە بـەردە سـوورەکان لانـەی هەمیشـەیی جانـەوەری دڕنـدەو ئـازادە، خـۆ ڕاوچـیان بەڕێکـەوت پـێ لـەم جێیانـە دەنـێن گەیشـتنە ئـەم شـوێنە زۆر دژوارەو خـۆ دەربـازکردنیش لێـی دژوارتـرە، وردە وردە بـەقتیقول لەبـەردە دێـو ئاسـاکان نزیـك بـووە بـێ هەسـت و خوسـت دابـەزی ئەسـپەکەی لـە نسـێی دۆڵێکـی تەنگـدا بەسـتەوەو کلاٌوەکەوڵەکـەی لەوێ داناو تفەنگەکەی سـوار کـردو بـەهێمنی بـەرەو سـەرەوە دەسـتی بەسـەرکەوتن کـرد، لەسـەر بـەردێکی پانـدا مانـدووی خـۆی حەسـاندەوە، لاکەلەکـەکانی وەك ئەسـپێك زۆرتـاو درابـێ بـەرزدەبۆوەو دادەبـەزی ئـەو لێژاییـە بـەرفراوان و ڕەنـگ خۆڵەمێشـیەی لـە خـوارەوە دەبینـرا لەبەرچـاوەکانی گوشـاد بـووەوەی ئـەو دەیزانـی لـە پشـت ئـەم قوولأییـە نشـێوێکی ڕوت و ڕك هەیە، کوێرە ڕێـی وەك داوە دەزو لـە چـەپ و ڕاسـتیدا دەهاتنـە خـوارو لـە نێـوان بـەردەکان شـون بزر دەبوون ئێرە لەوەڕگای هەرە خۆشی بزنە کێویان بوو.

بـەقتیقول بەچـاوێکی تیـژ تەماشـایەکی شـەپۆلی بێجووڵـەی بـەردەکانی کـرد لەوبـەری دۆڵەکـە لـە نشـێوە ترسـناکەکە شـوونی هـیچ گیانـدارێك نـەدەبینرا، هـەموو شـتێك بـێ گیانـە دەنگ لە هـیچ شـتێکەوە نـەدەهات و هـیچ شـتێك نـەدەجوولاٌ، چـۆلیەکی بـێ هەسـت و خوسـت کـوێرو کـەر، زۆر کـەڕەتان بـەقتیقول هاتۆتـە ئێـرەو تێیـدا خولاوەتـەوە لێـی هـەڵخزیوەو نووکـە بەرد هەموو گیانیان رووشاندوەو برینـداریان کـردوەو هـەر خۆشـحالیش بـووە بـەوەی کـە بـە سـاغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە. بەلأم ئێستا نەیدەتوانی بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە.

ئاسمـان وەك بـەردە بۆزەکـانی دەورو بـەر غـەمناك بـوو، بـەقتیقولیش پێسـتەیەکی بـۆری لەبـەردابوو بـە ڕەنـگ و ڕووێکـی خۆڵەمێشـی و لاواز و ئێسـقاوی کـەوەك بـەرد وابـوو، تفەنگەکـەی لەشـانی کـردەوەو وەك مـارمیلۆك بـەبێ هەسـت و خوسـت و ئاوڕدانـەوە بـە ڕۆخـی

لێژاییەکـە هـەڵزنا، کێوەکـان، ئـەی کێوەکـان هـەر هـیچ نـەبێ ئێـوە سـەدەقەیەك بـەم دەسـت بەتاڵە ببەخشن..

وەختـی بـەقتیقول گەیشـتە سـەر ڕۆخـی نشـێوەکەی ئـەودیوی لێژاییەکـە بزنـە ڕێگاکـانی کەوتـە بەرچـاوو خـۆر بـەرەو ئـاوابوون دەچـوو.. هەنـدێ جـار وارێـك دەکـەوت کـە بەدبـەختیش بـەختی یـار دەبـوو، رێـك و ڕاسـت لـە ژێـر پێیـی بەقتیقولـدا لـە قـەدی نشـێوە شـەپۆلاوی و درێژەکانـدا، وەك بڵێـی لـەنێو تەنکـە تـەمێکی بـۆردا سـێ بزنـە کێـوی — نێریـەکی تیسـکاوی و — شاخ درێژو — شـۆر ببوونـەوە ئـەها ئەهــ هـەر ئێسـتا ڕاوەسـتابوون، سـەریان بـۆ ئـەو کەرخـە وەرسـوڕاندبوو کـەوا لێـوەی هـەڵاتبوون، گوێیـەکانیان مـووچ کردبـوو هەسـتیان ڕاگرتبـوو و خۆیـان ئامـادەکردبووپێی پێـوەنێن و هێشـتا چـاوت نەترووکانـدوە، ون دەبـن لەسـەر لەشـە تیسکاوی و تێکسمڕاوەکانیان شتێکی وەك زەمبەلەیەکی باڵدار بەدی دەکرا.

بەقتیقول لەدڵی خۆیدا نیازی گرت و پاڕایەوە:

- باشـە بـە ئومێـدی خـوا... تفەنگەکـەی لـە خـۆی کـردەوەو ڕایکێشـا بـەرێ قۆنداغەکـەی بـە لاشـانییەوە چەسـپاند، سـێرەی لـە نێریەکـە گـرت، بـەڵام زیـاد لـە پێویسـت پەلـەی کـرد، دەستەکانی دەلەرزین و لوولـەی تفـەنگ لەسـەر سـێرە لادەچـوو، نێچـیرەکە لێیـی هەشـیار بـۆوە، ترس یاسای خۆی هەیە، نـابێ دوو جـار بـۆ دواوە ئـاوڕ بدرێتـەوە نێریەکـە هـەر هەسـتی بـە تـرس کـرد خـۆی خزانـدە کەنارێکـەوە و حـەمبازێکی گەورەیـدا و بەئاسـانی و خێرایـی لـە نشـێوە پلەدارەکە تێـی تەقانـد، لـەو باریکـە ڕێیـەی کـە لـە پێشـیاندا بەدیارکـەوت، بـۆ چـاو چـوقانێك گیربـوون، یەکـەمجار بزنـە مێیـەکان لێیـی چـوونە خـوارەوەو لـەم کاتـەدا بـوو بـەقتیقول بەتـەواوی نیشـانەی لـەپیرە کێویەکـە گرتبـوو ئامـادەبوو، لـە لوولـەی تفەنگەکـەوە بڵێسـەیەك هاتـە دەرو دەنگێك بـەرزبووەوە... دووکـەڵێکی شـین لەسـەر خـۆ لـە نێـوان بـەردەکان بڵاوبـووەوەو بـەقتیقول لـەنێو دووکەڵەکەکـەوە دیتـی کـە چـۆن نێریەکـە لـە کـاتی هەڵبەزینـەوە سـەرەنگرێ بـوو و لـە ئەرزگەوزی.

بـەقتیقول لەترسـی ئـەوەی نێچـیرەکە ڕاسـت بێتـەوەو بـۆی دەرچـێ، لـە نشـێوەکە بـەرەو خواربـووەوە نێرینەکـە لێـی ڕاکشـابوو و بەسـەر لاکەکەلەیەکـدا کـەوتبوو لنگـەفرتێی دەکـردو لـە گیانـەلادابوو بـەقتیقول کێردەکـەی هەڵکێشـاو سـەری بـڕی خـوێنێکی گـەش و سـوور بەسـەر بـەردە بۆرەکانـدا هاتـە خـوارێ، کەڵـە کێویەکـە چـوار پـەلی لێ ڕاکێشـاو بێجووڵـە کـەوت بەقتیقول بەهەناسـە بڕکـێ لـە تەنیشـت کـەوت، پاشـان نێچـیرەکەی کـەوڵ کـردو ورگ و هـەناوی

دەرهێنــا، لەناوەڕاســتەوە شــەقی کــردو گۆشــتەکەی لــەناو پێســتەکە پێچــایەوە ئەسپەشــێی، بــەدەوری دۆڵەکــەدا ســوڕاندەوەو بەزەحمــەت بارەکــەی خســتە ســەر پشــتی یــەوەو بەکەمەندەکــەی گورج و گۆڵ بەستیەوە.

کــاتێ بــۆ جــاری دووەم بــەقتیقول لەپێشــەلانەکەی قەرەچــای دا هاتــە خــوارەوە لەســەر زینەکە ئیسراحەتی کرد، بەرەو ماڵ نەبووەوە...

ئێوارەیەکی دڕەنــگ بــەقتیقول گەیشــتە دۆڵێکــی نســارو لاچــەپ، لێــرەدا لــە کــەنار و ڕۆخــی ڕووبارەکــە گونــدێکی ســەرو ســامانداری لێبــوو ئــەم دێیــە لــە ژێردەســەڵاتی ژاراســبای والی — چلکار ئاستانی هاوسێداربوو.

ژارا ســبای نــەك هــەر لــە ئاســتانی خــۆی لەبــەر پلــەو پایەکــەی ناووبــانگی هــەبوو، بەڵکــە لەسەرانســەری وولاتــدا لــەناو والی و مــیرزاو حــاجی ئاغاکــان لــەو پیــاو مــاقوڵ و شایســتەتر نــەبوو، ئــەو هــەم وەك بابیــەك هــەم وەك بازرگــان و هــەم وەك جــەنگاوەرێك ناووبــانگی هــەبوو و لە ڕاستیشدا کەسی دیکە نەبوو لە ویژەی سامان و ڕێزو عەقڵ و هۆشی ئەو دابێ.

هەرچــی دڵــت بیخــوازێ لــەم پیــاوە چــاوەڕێ دەکــرێ: هــەم بــاش و هــەم خــراپ، هــەم چــاکە خوازی هەم خراپە خــوازی. بێقســور وەختــێ بــەقتیقول لــە دێیەکــە نزیــك دەبــووەوە بــە خــۆی وت: "بۆ گەیشتن بــە شــادمانی هەوڵــدەدەم، لــە تــەنیایی بێــزارو و بەتــەنگ هاتومەتــەوە. وادیــار بــوو ژارا ســبای بڕیــاری دابــوو زســتان لــە ڕەشماڵەکانیانــەوە بــەرەو خــانوە قــووڕە زســتانییەکانیان گوێزابوویانــەوە، دەمــەو ئێــوارە بــوو، لەبەرئەمــە هــەموو خــەڵکی هەوارەکــە لــە ڕەشماڵــەکان هاتبوونە دەرەوەو تا پێش تاریك داهاتن هەر کارێکی هەیانە جێبەجێی بکەن.

بــەقتیقول لەبــەردەرگای فــراوانترین حەوشــە زەلامێکــی کەڵەگــەت و گۆشــتنی دیــت، کلاوێکــی ســێ سوچــی کــەوڵی لەســەر نــابوو، فــەروێکی کەوڵــە بــەرخی لەبــەرکردبوو، ئــەو ئارەقــەی کردبــوو ڕەنگــی ســوورێکی ئەرخــەوانی دەنوانــدو ڕەونــەقی دەداوە، بــەلاّم بــەرێزو شــکۆمەند بــوو، ژاراســبای لــە بــەقتیقول بەتەمــەنتر نــەبوو، بــەلاّم وەرەو خــۆتی بگەیــەنێ، حەشــاماتێکی زۆر لەدەســت و پێوەنــدەکانی لــە دەوریــدا کۆبونــەوە، دوو ڕیشســپی بەشــکۆ، کوڕێژگەیەکی خرپنی حەوت ساڵانە، کــە کــوڕە گــەورەی بــوو، کاسەلێســی پــیرو گــەنج، هــەروەك ڕەوە مشــکێکی بــۆر دەوریــان لــە کیســە ئــاردێکی ســپی دا بــێ، بــە چــوار دەوری کۆبــوونــەوە و بــەقتیقول بــەرێزەوە ســەلامی کــرد، والی چــاوێکی بــە شــاخە پــڕ لولوپێچــەکانی کەڵەکیویەکــەدا خشاند و بەسەر لەقاندنێکی لوتف ئامێزەوە وەلاّمی داوە، بۆ ئێستا خراپ نییە.

کــە بیبــانوو، ژنــی یەکــەمی بــای، ژنێکــی بــەهێزو گــوپنی ســپیلکە بــوو، بــە خــۆی و مەسینەوە لــە دەرگــا هاتــە دەرەوە، ئــەویش ســەیری ســەرو کەللــەی کەڵەکێویــە جوانەکــەی کــرد، کە لــە خــوێن ئــاڵابوو دوو شــاخی درێــژو لــوولی هــەبوو، لەســەرەخۆبەدەوری ئەســپەکەدا خــولاوەو چونکە چوکێکی کرد دوای ئەو تەماشا کەرێکی زۆر بەدەرکەوتن.

-وابزانم دیاری زۆر لەمــە گــەورەتر قــابیلی ئێوەیــە؟ ئیمــڕۆ بــەیانی کــە گەیشــتمە گوندەکــەتان بــەخۆم وت: ڕەنگــە ماوەیــەکبێ نێچــیریان نــەدیتبێ و گۆشــتی حەیوانــە کێویــان نەخواردبــەبێ... جارێك سەری ئەســپەکەم وەرچــەرخاندو بــەرەو ناوچــیا ڕۆیشــتم... بــەلاّم هــەر بــۆم هێنــان، ئەگــەر قبــوڵم بکــەن فــەرموون وەریگــرن... کــەییبانو بــە مــەکرو دۆلاّبــەوە بەتیلــەی چــاو ســەیرێکی مێردەکەی کردو دەتوت پرسی پێدەکردو، دەترسا ئەو رەتی بکاتەوە.

ـ: بــەقتیقول لــە دلّــەوە پێکــەنیکێکی گــرت: لەبــەرخاتری ئــەو ڕەتــی ناکاتەوە

ژاراسبای بەسستی و لەژێر زمانەوە وتی:

- قبــوڵی کــە... چــیت لێبکــەم... پاشــان چــاوێکی لــە دەوروبــەری کــردو وتــی: نێچــیر نێچیری چیای خۆمانە، ئەگەر خۆی پێشکەشی نەکردبا.. بەزۆر لێم دەستاند.

هــەموویان پێکــەنین، بــەقتیقول دلّــی ڕەحــەت بــوو، یــەکێك لــە ڕیــش ســپیەکان بەپەلــە دەستی راوەشاند:

- کیژوکار لە کوێنە؟ با بیبەن.

بــەقتیقول بــەبیری خــۆی زانــی کــە ئــەم ڕیــش ســپیە (قــیران بــای) پــیرە مێــردی پیســکەو حســابگرە: ئــەو دۆســتی گیــانی بــە گیــانی بــاوکی خــوا لێخــۆش بــووی ژاراســبای بــوو، ئێســتا هــەموو ســەرو ســامانی والی لــەژێر سەرپەرشــتی ئــەوەو بەدەســتە ڕاســتی والی دەژمێــردرێ. قیران بای بەکەییبانوی وت:

- کە بیانو، وامەزانە، ئەگــەر قــۆزی بەقــەکان ئــەم پیاوەیــان ریســوا کــردو لــە قــوڕە شــینیان وەردا، مانای وایە هەرچی لە دەستیشــی بــێ هــەر ڕیســوایی و قــوڕە شــینە، ئــەم بێنەوایــە ئەگــەر کەســێکی خــۆش بــوێ ئەسپەکەیشــی پێشــکەش دەکــا. ڕاســتە دەلّــێن بزێــوەو ناڕەحەتــە پیــاوی ئازاو بوێر بزێوو ناڕەحەتن.

بەقتیقول کە زۆر بەشان و باهویدا هەڵگوترابوو تەعزیمێکی بۆ کرد.

- باوکـه سوپاسـت دەکـەم منـەتبارم، چـیدیکه بڵـێم تـۆ لـه مـن باشـتر باسـکرد، مـن خۆشبەخت نیم، هەرچـەند بزێـوو نارەحـەتم وا هاتومـە لای مـیرزا بـۆ ئـەوەی هەرچـیەکم لـە دڵـدا دەجوشـێ عـەرزی جـەنابتی بکـەم... بـەڵام لەبەرانبـەر دانـایی و حـەلیمی تـۆ بێـدەنگ دەبم. تـۆ له هەموو کون و کاژێرێکی دڵی من ئاگاداری بابەم جۆره بێ که تۆ دادوەری دەکەی.

کـوڕی والی دووژنـی شـۆخ و شـەنگی بـانگ کـردو ژنـەکان گۆشـتی حەیوانەکـەیان لەسـەر ئەسـپەکەوە داگـرت و بـۆ ژوورەوەیـان بـرد. ئـەم منداڵـە شـەیتانە پێچـەکانی پێشـەوەی نێچـیرەکەی بەدەسـتەوە گرتبـوو لەگـەڵ ئەوانـدا کەوتـە ڕێ و جارجـارە شـاخە مەزنـەکانی حەیوانەکـەی لەکەلەکـەی تـازە بـوو کـە نازدارەکـان ڕادەکـرد، ژاراسـبای بـە چـاوی لۆمـەکردن سەیری شەیتانی کوڕەکەی خـۆی دەکـرد، یـەك کەلیمـە قسەیشـی لەگـەڵ بەقتیقولـدا نـەکرد، خـۆ ڕەنگـە ئـەو مەبەسـتی ئـەوە نـەبوو بـێ کـەڕووی نـەداتێ، بـەڵام شـان و شـکۆ و مـەقامی ئـەو ڕێگـای نـەدەدا پێشـوازی هـەر ڕێبوارێـك بکـا. بـەقتیقولیش لـەم پیـاو ماقولانـە نییـە و دیاریەکەیشـی هێنـدە شـایانی بـاس نییـە. لـە باتیـان ڕیـش سـپیەکەی دووەم بـەهاو دەردی سەیری بەقتیقولی دەکرد، ئەم ڕیش سـپیە سـەر سـن بـوو، یـەکێك بـوو لـە کـۆنترین دادوەرەکـانی وڵات، لـە کـاتی هەڵبـژاردنی قازیـەکان، هەمیشـە ژاراسـبای لایـەنگیری لێـدەکرد، لەبـەر ئـەزموونی چـەندین سـاڵە و گـرنگتر لەمانـەش لەبـەر پەیوەندیـە چـروپڕو فراوانـەکانی قـەدری دەگرت.

سەرسن هاوتای والی بوو، دەستی بەریشی خۆی داهێناو وتی:

- لاوی بێنـەواو دەرەتـان... نییـەتی چـاك نیـوەی کـارەو مـن لـە بـیری تـۆدا نییـەتی بـاش دەبیـنم. باشـە پێشـدانیش دەبینـرا کـە زۆر قوربەسـەری وەکـو تۆیـان، پـاش دان بـە خـۆداگرتن و تەحـەمولی کردنـی هـەموو ئەزیـەت و ئـازارێکی وەك شـێتان لـە گونـدی خۆیـان رایـان دەکـرد، ئایا تۆش کەوتیوتە هەمان بیرکردنەوە؟

بەقتیقول بە گۆشەی چاو سەیری والی دەکرد، وەڵامی دایەوە.

- قوربـان بەڕاسـتی هەروایـە، زۆرم بیرکردۆتـەوە لـە زۆر گێروگـرفتم کۆڵیوەتـەوە.. و ئامـادەم ئەوەنـدەی پـێم بکـرێ بێمـە ژێـر بـاڵی بـەزەیی و میهرەبـانی ئێـوەو پاداشـت هـەتا سەرانەش بدەم، والی بە نەرمی برۆیەکانی جووڵاندو ڕووی لە بەقتیقول کرد.

- جـارێ لەسـەر ئەسـپەکەت دانیشـتوی و قسـەدەکەی وەك ڕاسـت بکـەی وایـە، بـابزانین لەسەر سفرە چی دەڵێی وەرە ژوورەوە ئەسکورد شکاو..

بەقتیقول شادمان بوو و بەدوای بایدا رۆیشت.

- میرزا، لە ڕاستیدا من هێشتا نەهاتبوومە ژوورەوە هەمووم بێزار کردن، دیقی دڵم گەڵی گەڵی زۆرە.

کاسە لێسان دەیانزانی ورەی بای لەچ بارێکدایە، پێکەوە کەوتنە هاوار هاوار:

- بەڵی... ئەهای باشە... ئافەرین....

ئەوان بەرەچاوکردنی گەورەو بچووکی یەك بەدوای یەکدا بۆحەوشەو پاشان بۆناو خانووە بەشکۆ و پڕ حەشامەتەکە ڕێیانکرد.. بەقتیقول زۆر رێکەوتی وای نەکردبوو بچێتە ئەم جۆرە مالآنەوە.. ڕەنگە لە ژیانیدا جارێك ئەم ڕێکەوتەی کردبوو، لەبەرئەمە لەبەردەرگا پێی تێك دەئالا لە ژوورێکی گەورەو گەرم و پاك و خاوێن دا چرایەکی نەفتی وەك رۆژ رۆناکی کردبووەوە، لە بنەبان لە جێ و بالینگانی بایدا کە لە خۆی زێتر هیچکەسێك لێی دا نەدەنیشت قەلآتێك نوێنی ڕەنگاوڕەنگ لەسەریەك قەد کرابوو، مافورێکی سوور لە کن دەرگاوە تا بنەبان لەسەراپای ژوورەکە داخرابوو، کە پیاو پێی لەسەر دادەنا موچڕکی پێدادەهات لەلای ڕاستی ژوورەکە سیسەمێکی وەرشەوی گەورەو بەشکۆی رووسی و لەسەر ئەویشدا بەرو قاڵی پڕ نەخش و نیگاری گەورەترو بەشکۆتر لە دیوار درابوو، لەدەورو بەریدا لەسەر رووی هەموو شتێك رووناکی شەوقی دەداو هەروەك چۆن لە ئاونگی سەرگوڵزاری پڕ گوڵ و لاڵەی بەهاران شەوق دەداتەوە.

دەرچوونی بەقتیقول لە ڕەشماڵی ساردو سڕی بە کەچە جل و پەلاس و کۆنە تەژگە ڕاخراو کە هی ماڵە هەژارو رەنجدەرانەو گەیشتنە ئەم جۆرە خانووانە جێی شانازییە نوستن لەناو ئەم نازو نیعمەتەئەو پەڕی شادی و کامەرانی دەبەخشێ.

وەختێك وەك هەموو میوانەکان ئەویان لەسەر سفرەی رازاوەی بای دانا. هەرچەندە دەمی پڕ لیك ببوو، بەلآم وەك بلێی برسیەتی بیرچووەوە بێ ئارەزوو نانی دەخوارو هەموو دەیاندیت کە ئەم لەسەرەخۆو بەبێ مەیلی خواردنەی چەند بەزەحمەت لەسەر دەوەستێ.

سوپاس بۆ خوا کەیبانو دریغی لە خزمەتکردنی نەدەکرد، ئەو سوپاسێکی شایستەی کردو کەوتەوە گێرانەوەی داستانەکەی خۆی... وشە، وشەی تاڵ و هەڵقڕچاو پڕ لە خەم و خەفەت هەر لە خۆیەوە لە دەمی هەڵدەڕژایە دەرێ.

هەموویان بەتاسەو ئارەزووەوە گوێیان لە قسەکانی ڕاگرتبوو، دەتگوت دەنگ و باسێکی نوێیان ئەفسانەیەکی عەجیب و غەریبی دەگێڕایەوە، کاتێ وشەی ترسناکی (زیندان) ی

بەسەر زمانـدا هـات، کـەیبانو زیرانـدی و کەوتـە ئـاخ و ئـۆخێکی ژنانـە، پیـاوە بـە تەمـەنترەکان نێـو چـەوانیان گرژکـردو سـەریان بـادا، سەرسـن ڕیشـی خـۆی گـرت، بیابـان نشـین بـۆی هەیـە مەرگ بۆ بیابان نشینێکی دیکە بخوازی بەلاّم زیندان کردنی بۆ ناخوازێ...

بـەقتیقول لـە دوو تـوێی دڵێـەوە سـەری سـوڕمابوو، ئەمانـە چ ئاغایـەکی بـەڕەحم و جگەرسـۆزن، تێدەگـەن، هەسـت بـە ناعەدالـەتی دەکـەن. ئایـا ئـەم خانووبـەرە ئـەم خـواردن و عەیش و نۆشە ئەم ئاوڕلێدانەوەو خزمەتکردنە لەو دادەبینێ؟ بەقتیقول دەیگوت:

– مـن ڕوت و بێکـەس و بـێ پشـت و پـەنام.. وەك جوانویـەکم لـە ڕەوە دووركەوتبێتـەوە.. تەنیا ئومێدم ئەوەیە.. لەژێر سایەی هێزو دەسەلاّتدارێکدا بگیرسێمەوەو پەنایەکم هەبێ.

ئامـادەم هـەموو شـتێك لـەم ڕێگایـە ببەخشـم، بەهـەر هـەل و مـەرجێك بێـت ئامادەم...کەیبانو ژانکاری کـوڕە گـەورەی کـە گـوڵی مـەجلیس بـای بـوون بـێ ئـەوەی چـاوەڕێی پیاو ماقولاّن بکەن بە ئاشکرا دەستیان بـە تـف و لەعنـەتی لـە قـۆزی بەقـەکان کـرد، هـەم ژنـەو هەم کورە چاویان لە بەقتیقول بارمتەچی بەناووبانگ هەڵنەگرت.

جێـی خۆشـحاڵیە، کـە پیـاو خزمـەتکاری وا، دۆسـتی وای هـەبێ، هـەروەها (سەرسـن) ی دادرەسیش لـە خـاوەن مـاڵ پێشـکەوتەوەو وتـی: زۆر باشـە، ئـەی سوارچـاك، دەبیـنین، لەمـەودوا دەزانـین کـەوا تۆچـیت لەباردایـە،کۆتایی بـە ئـاهوزاری بێنـەو دەسـەو دامـەنی والی ئێمـە بـە، چـاکتر ئاگاداربـە ئـەو پێویسـتی بـە کەسـانێکی وەك تـۆ شـارەزاو لێهـاتوو چوسـت و چـالاك هەیە.. ئەگەر بتوانی هەوڵ بـدەی و کۆشـش بکـەی، دەبیتـە بـرا بچـووکی ئاغـاو کـەس و مـامی کوڕەکەی، ئەو کاتە باکت بەهیچ شـتێك نـەبێ! هـیچ دادگـاو حکومـەتێك دەسـتی بـە تـۆ ناگـا.. قەیسـەری رووسـیش نـاتوانێ نـە بـە زینـدوویی نـە بـە مردوویـی دەسـتگیرت بکـا، ئیمـڕۆ نـا ئینشـالاّ بـەیانی، حیسـابت لەگـەڵ دوژمنانـت پـاك دەکەیتـەوە، خراپـەو خراپـەکاری و غەدرەکانیان بەبیردەهێنیتەوە هێزو لێهاتویی خۆشتان نیشان دەدەی.

بـەقتیقول گـوێی ڕادەگـرت و بـاوەری بـە قسـەکان نـەدەکرد، ئـەم سـەخاوەت و بەخشـندەییە چی یە؟ و جەنابی بـەگ لـەم کینایـەت هێنانـەوە چ مەبەسـتێکی هەیـە؟ " دەبێتـە خـزم و کـەس ئیمـڕۆش نـەبێ، بـەیانی... بـەقتیقول دەیزانـی قـۆزی بەقـەکان کۆنـە ناحـەزی ژاراسـبان، ئـەوان دوو سەرزەمین، دوو لێوار دوو کێـون لـە ولاّتێکـدا، بـێ ئەسـەل نـەبوو کـە بـەقتیقول خـۆی کوتـا ئێـرە ئـاخر دەکـرێ ژاراسـبای هـەژارو چـارە ڕەش دەربـەدەرێکی وا بـە بـرای خـۆی دابنـێ؟ بـەقتیقول چـاوەڕێی نـەدەکرد مەسـەلەکە شـێوەیەکی وا بگرێتـە خـۆی چارەنووسـی مـوژدەو

ئومێدکی نوێی دەدایەوە کە گەلێك لە خواستی خۆی زیاتر بوو، ئەو لە ترسی زیندان ڕایکردو ئامادەبوو بە کۆیلەیش بێ خۆی لێ ڕزگار بکا.. بەلاّم دەستی دۆستایەتیان بۆ درێژ دەکرد، دەتوت بۆ ئەویش لە بیابان شەرافەتمەندی و دادگەری هەیە.

ژاراسبای بۆ دەرخستنی ڕای خۆی پەلەی نەدەکرد، ئەو هەر گوێی لە قسان رادەگرت و بایەخی پێنەدەدا. نەدەکرا پەی بە سەروسیما پڕ لە هەواو فیزو مەسخەرە ئامێزەکەی ببرێ کە بیر لە چ دەکاتەوە. باشە کە گوێ لە قسەی ئەوانی دیکە دەگرێ و قسەیان پێ نابڕێ ئەگەر ئەوەیە هێزو توانای ئەم بێنەوایە تاقی بکاتەوە. دیسانەوە هەر باشە بەلاّم ڕەنگە دوو دڵبێ؟ گوێ ڕادەگرێ و رووی دەسووڕێنێ. نەقبوڵی دەکاو ئیزنی دەدا.

بەقتیقول لەم شەوە ئەخیری هەر لەبای نەگەیشت.

والی بەکەیف و شادی و سەرو سوحبەتەوە بۆ نووستن چوو بە کەیف و ڕوویێکی خۆشەوە و مرەخەسی لە میوانان و کاسەلێسان خواست، بەسەبری خۆی بۆ لای بەقتیقول سوڕاند، هەروەك لە کاتی یەکەم بینیندا سەری بۆ بادابوو.

هەموویان بە خۆشحالّیەوە پەرتەیان لێکرد، بای رازیە، بە کەیفە ورەی بەرزە لەگەلّ سپێدەی بەیاندا ساحێب دەعواو شکایەت بەرەو مالّی والی دەهاتن، ژمارەیان زۆر بوو، بەقتیقول شێ رەوهانی خۆی زین کردو لە تەنیشتیەوە ڕاوەستا وای نیشاندەدا کە بەهەر شێوەیەك فرمانی پێبکەن، ئەو ئامادەیە بڕوا یان بمێنێتەوە.

والی پاش لە گۆڕ هەلّگرتنی نان و چای بەیانی هاتەدەر. لە نیگای بەقتیقولدا پاڕانەوەیەك دەبینرا وەك بلّێ " هەر هیچ نەبێ... ئومێدێکم بدەیە.." ژاراسبای بەرۆخی دا تێپەڕی و تەماشای نەکرد و بەلاّم بەقتیقول سەبری گرت... تا ئەوانیدیکەی بەڕێکردو دووبارە لەبەردەمیدا قیت بووەوە، والی بە ماندویی هەناسەیەکی قوڵی هەلّمژی و پرسی:

- میوانی ئەزیز، تۆ چیت دەوێ؟

بەقتیقول قیت ڕاوەستاو لێی نزیك بووەوە:

- سوێند دەخۆم تا مردن خزمەتت بکەم! بۆهەر شوێنێك عەقلّت دەیبرێ بمنێرە هەرچی دلّت دەخوازێ داوام لێبکە. دەبمە برا بچووکی تۆو مامی کوڕەکەت... ئەدی سەرسنی ریش سپی وای نەوت؟

ژاراسبای بە وشکی وەلاّمی داوە.

- لـەم بـارەوە ئـەوەی پێویسـتە ووتـراوە، سـوێندەکەی تۆشـم هـەر لـەبیردەبێ.. بـەڵام چـار نییـە دەبـێ دوابخـرێ، تاقسـەو قسـەلۆك دەبڕێتـەوە. ئێسـتا لەبەرژەوەنـدیم دا نییـە، کـەهێن و مـەهێن لەگـەڵ قـۆزی بەقانـدا بنێمـەوەو بەئیشـی لابـەلا سـەرلەخۆم بشـێوێنم قـەدەرێکی دیکـە کـە بـارێکی ڕەخسـا، مـن خـۆم بەدواتـدا دەنێـرم، نـەك هـەر خـەو وخـۆراك و ئیسـراحەتت دەدەینـێ! بـەڵکو دەبـێ ببیـنین بـۆ سـوێندەکەت چـۆن وەفـاداری دەنـوێنی... بـەڵام لێمـان دەورمەکەوە، زیاتر سـەرمان لێبـدە. مـاڵ و منـداڵی مـن ئێوەیـان خـۆش دەوێ لـە کاروبـاری نـاو مـاڵ یارمـەتیان دەدەی، ئـەوان سـەرقاڵیەکت بـۆ پەیدادەکـەن پاشـان دەتخەمـە بـەر کارێـك شایستەی تـۆ بـێ، بکـەوەرێ بـەقتیقول ئەوەنـدە شـادمان بـوو وەخـت بـوو لـە خۆشـیان بفـڕێ.. نەیدەزانی چ ووشەیەکی رازاوە بدۆزێتەوە بۆ سوپاس کردنی.

- ئـای والی میهرەبـان و... ئـەزیز... لـە بـاوك ئـەزیزتر... خـەیاڵم دەکـرد ڕووم لێـوەردەگێڕی.. دەبـێ بمبـووری کـە لەبەرانبـەرتان وێـرای قسـەکردنم هەیـە. بـەقتیقول جڵـەوی یۆرغـەی ڕاکێشـا ئەسـپە سـەری مـەغرووری خـۆی بڵنـدکرد. بەرانبـەر دڵدانـەوەو دەسـت بەسـەر داهێنانەکـەت بەرانبـەر سـەلام و مـەدح و سـەنای تـۆ... کـە نـاتوانم لەبەرانبـەر خـوادا تـۆ لەبیربکـەم... ئینجـا بفـەرموون، دەمـەوێ کوڕەکـەت، ژانغـازی سـواری ئـەم ئەسـپە بکـەم! ئێسـتا ئێمـە بێگانـە نـین ڕێگابـدە ئەسپەشـێ، وەرگـرێ، لێگـەڕێ سـواری بـێ ڕایبهێنـێ.. والی بێـدەنگ بـوو نـەڕێگای دەداو نـە نارەزایشـی نیشـاندەدا بـەڵام لـە چـاویدا نیشـانەی ڕەزامەنـدی دیار بـوو و بـەقتیقول بـە تـەنگاوی دوورکەوتـەوەو بـە دەنگێکـی بـەرز ژانغـازی بـانگ دەکـرد... شـێ ڕەوهانەکـەی ئـەم ئەسـپێکی وەك بـا خێـراو کـەم وێنـەو لەبەرئەمـە پێشـکەش کردنـی... دیاریەکی جوان و بەجێیـە کـوڕی بـای هـەروەکو بـاوکی نـە نـاڕەزایی نیشـانداو نەسوپاسـی کـرد. بـەڵام وادیـار بـوو کوڕیژگـە زۆری پێخۆشـە، قسـەی لەسـەر نییـە، کوڕێژگـە بـێ عـەقڵ و منداڵکارو دەست بازو شەیتانە، بەڵام هەسپ ناسە!.

دیسـانەوە کـە بیـانوو بـەقتیقولی بەدەسـت بـەتاڵی بـەڕێ نـەکرد هەنـدێ خـواردن و خـۆراکی ناومـاڵی بـۆ لـە خـورجین هاویشـت بـە دەسـتی خـۆی چـەند پارچـە گۆشـتێکی گـەورەو بـەتام و چـێژی بۆهەڵبـژارد. بـەقتیقول بەسـەرودڵی ڕەحـەت و بەکـەس و کـار و خۆشـبەختیەوە بۆماڵـەوە گەڕایەوە..

پاشـی دوو ڕۆژان ژانغـازی هاتـە ڕەشماڵەکـەی بـەقتیقول، دانیشـت و قسـەی خۆشـیان کـردو سـەلامی بـاوکی پێڕاگەیانـد و پاشـان لـە ڕەشـماڵ هاتـە دەرەوە و چـوو جڵـەوی ئەسـپەکەی گرتـە

دەست و خـۆی هەڵدایـە سـەر پشـتی و بـەرەو دێیەکـەی خۆیـان کەوتـە ڕێگـا. یۆرغـەی شـارەزاو بەئەزموون بەباشی لەژێری ڕێ ی دەکرد، وەك باز پەڕو باڵی کردبۆوە..

**(٥)**

ژیـانێکی عـەجیب، ژیـانێکی ئـارام و نائاسـایی دەسـتی پێکـرد، والی لەیەکـەم زسـتاندا چـاوەدێری بـەقتیقولی دەکـردو نەیدەهێشـت پـێ لـە شـوێنی ئـیش و کـار بنـێ.. ئاسـاییە کـە بـەقتیقول هـەروا بـێ ئـیش و کـار دانەنیشـتبوو، بـەلاَم وەك پێشـان بەبرسـیەتی و ملکەچـی نەدەژیا، ناوبانگی دێرێن و خەمناکی ئەو بەرە بەرە لەبیردەکرا.

ژاراسـبای لـە کـۆڕو کۆبونەوەگـەورەکانی مشـورخۆریدا کـە گـەورە لێپرسـراوانی ولاَت — سەرکردەودەسـەلاَتدارانی عەشـیرەتە گـەورەکان و گـەورە ئاغـاو ئەشـرافەکانی تێـدا کۆبـووەوە، لـە پاشـا بـە شـان و بـاڵی خزمـەتکارە نوێیەکـە هەڵـدەداو موسـیبەت و موشـەقەت و سـەبرودان بە خۆ داگیری ئـەوی بـاس دەکـرد سەرسـەن و قـیران بـای هەریەکـەیان لـە لایەکـەوە درێـژەیان بـە قسەکەی ئەو دەداو تەواویان دەکرد، لـە پاداشـتی ئـەم کـارەی کـە لـە ڕێـی خـوادا ئەنجامیـدا بـوو ڕێزو پایەیان لێدەنا.

لـە چـاوی پـیس بـەدووربێ، دزی شـەوگەڕی بـۆ زەحمـەت کێشـێکی ئـەمین گۆڕیـوە، ڕەحـم و بەزەی بە دڵی ڕەقی بەخشیوە.

- ڕێی ڕاستی گرتۆتەبەر... دەبێتە پیاو...

گـەورە پیـاوان کـە وەك ڕەوەکانیـان زەبـەلاح و وەك تایەفـەکانیان لـوت بـەرزو مـەغروور بـوون. بـەووردی سـەیری نۆکـەری ئەشـقیایان دەکـرد. خـەڵکی بـەرێزەوە دەسـتیان لەشـاندەداو قسەیان لەگەڵدا دەکـرد، ئەوانـەی کـە توانـای بیرکردنـەوەیان هـەبوو دەیـانزانی ژاراسـبای بـیروڕای تایبەتی لەسەر ئەم لاوە ئازاو بوێرە هەیە.

بـەقتیقول لـە بێکـاری بەتەنگـەوە هـاتبوو، نەیـدەزانی چـیبکاو قـوڕی کـوێ بەسـەری خۆیـدا بکـاو ڕوو لـە کـوێ بکـا ژیـانێکی ئاسـان بـۆ ئـەو دژواربـوو — شـەهێن حـەزدەکا بـۆ پەڕەگـەی ئاسمـان بفـڕێ و ئەسـپی تیـژڕەو حـەزدەکا خـۆی تاوبـدا ئـەو بـە هـەموو توانایـەوە هـەوڵ دەدا خزمـەتی گوندەکـەی ژاراسـبای بکـا. دەسـتی بـۆ هـەر کارێـك دەبـرد بەشـێوەیەکی والێهـاتوو

ئەنجامیدەدا ئێرەییان پێدەبرد، لە ژیانیدا جگە لە مەیتەری و چایەری [٤] چیدیکە فێر نەببوو تۆ بڵێی ڕاکە ڕاکەی ناو گوندیش بە ئیش حساب بکرێ؟ ئایا لێرە پێویستیان بەهێزو توانای ئەو هەیە؟ ژنیش دەتوانن ئەم ئیشانە بگرنە ئەستۆ.

بەقتیقول لە گزنگی بەیانی تا زەردەی ئێوارە هەر خەریکی وەرەو بڕۆو حەوکە حەوکی ناو گوند بوو، لە ڕۆژە گەرمەکاندا وەك زمانی سەگ لەناو گونددا دەهات و دەچوو.

شتێکی چاك دەکردەوەو، خاوێنی دەکردەوە، دەیکێشاوە زۆرزۆر ماندوو دەبوو بە دوای خۆ خەریك کردن بۆ ئیشێك دەگەڕاو دەتگوت بە دوای ماندووبووندا دەگەڕا وەختی قیران بای تیژبین گڕو شەوقی کارکەری و جگەرسۆزی پرژانە سەر ئێشی ئەوی دەبینی بەجارێك شێت و شەیدادەبوو — پێکەنینێکی پڕ بە دڵ هەموو رووی دادەگرت، چ دیمەنێکی شیرینە چۆن پشتیان بۆچەماندویەتیەوە و عەرەق دەڕێژن:

قیران بای بەوالی گوت:

زۆرباش ئیش دەکا، لە هەموو ئیشێکدا وەستایە دەبێ حیسابیشی بۆ بکرێ و فێڵ و فەرەجی لێناکرێ...

قیران بای وای بۆ ئەوانی دیکە باس دەکرد:

- بێنەواو بێکەس، بەڕاستی لە سایەی خواوە لە ژیانیدا لە خۆشی و نازو نیعمەت بێ بەشە ئەگەر وانەبووایە پیاوێکی وا ئی وەی بوو دەست کورت و نەدار بێ؟

بەقتیقول لە هەموو جۆرە کارێکی وەك مولکداری، لە پەروەردەکردنی ڕەوە ئەسپان و بەخێوکردنی مێگەلە مەڕان، لە کشتوکێڵی بەهارەو وەدەست هێنانی بەروبوومی پایزیدا شارەزاییەکی باشی هەبوو هەر وەختێ بیان ویستبا بەدوای لەوەڕگای نوێدا بگەڕێن و یان بۆ پارێزگاری مێگەل لە مردن، قەرسیل و پووش و پەلاش و کاوکۆت ئامادەکەن، یان بە بۆنەیەك نانی گەنك بکەن. بەقتیقول دەپرژایە سەر تێکڕای ئەم ئیشانەو ئیشەکەی لە هەموو ئەسپەوان و شوان و نانکەران باشتر ئەنجام دەدا لەسەرەتادا خزمەتکاربوو، دوایی یارمەتی دەر پاشان بووە ڕاوێژکار نەك هەر بۆ کە بیانوو و لەماڵی والی دا، بەڵکو بۆ هەموو هاوسێکیان بێ پەردە بۆتەگبیرکردن لە کاروباری ژیان و خێزانداری دەهاتنە کنی و

---

(٥) چایەر: ئەو کەسەی وولاخ دەلەوەڕێنێ، چ ئەسپ یان هەر بەرزەیەك بێ

هەرچــەندە پیریــش نــەبوو، ئامۆژگــاری دەکــردن، هۆشــی دەخســتنەوەبەر، ڕێــی ڕاســتی نیشــان دەدان.

بــەرە بــەرە نازنــاوی (پێشــبین) یــان لێنــا والی وردە وردە ئــەوی لــە کاروفرمــانی خۆیــدا نزیــك دەکــردەوە. لــە کاروفرمانێــك بــۆ فرمــانێکی دیکــە... بــەقتیقول دووبــارە ســواری ســەر پشــتی ئەسب بۆوە، بەلاّم نەك بــە شــوانی بــەلکو بــە قاســیدەو پــەیام بــەر، نیشــانەی متمانــەو بــەتوانایی بەبەرۆکیەوە کردبوو، ئێستا خۆی نەدەناسیەوە.

بــەقتیقول لــەناو گەرمــەی ئــیش و کــاردا، هــەرگیز خــۆی لەبیرنــەدەکرد کاتێــك بــەخۆی و کیســەی پــڕ لــە نامــە گــرنگ و بەمەرەکــەب نووســراوە ســەر مۆرەکــان لــە ولایەتــەوە ســەفەری دەکــرد، لەوســەری کــالاّی دەکــڕی و دەیهێنــا و بــەقازانجێکی بــاش دەیفرۆشــتنەوە، زۆر کــەس چــاوەڕێی گەڕانــەوەیان دەکــردو دەیــان پرســی چــی لەگــەڵ خۆیــدا دەهێنــێ، بــەقتیقول لەبــەهاردا پارچە زەویەکی ســێ چــوار جــار گــەورەترو فــراوانتری لەپێشــدان بۆخــۆی کــێلاّ، ژاراســبای هیچــی پێ نەگوت:- قیرانبای ڕێگای دا تۆی بکا.

هــەروەك ئــەو ڕۆژانــەی لــە لای ســەلمەندابوو، هــیچ مافێکیــان نەدەدایــە، بــەلاّم خــۆ نــەبێ ژاراسبای دارکاری نەدەکرد، بژێویشــی دەدایــە، قتشــە بــۆ زســتان زەخــیرەی دانــا هــەر لــە گۆشــت و ئــارد و ڕۆن و خــوێی ســپی شــقارتە هەرچــی لــە مــاڵی بــای دا هــەبوو ئــەوانیش دایــانکرد قیســی[٥] داوی ڕیستراویشــی دانــا قتشــەش لــە گوندەکــەی والی دا ئیشــی دەکــردو کارەکــەری کــەبیانوی دەکــرد، تــا هــاوین بــە تــەواوی حــاڵ و بــاڵی گــۆڕاو هاتەوەســەرەخۆ، شــێوەی جلوبەرگیشی گۆڕابوو، کۆنــە جــل و پۆشــاکی مــاڵی بــای بــۆ ئــەو جــوان و رازاوە بــوو، قتشــە لــە شــڕە کراســەکانی پێشــانی جلکــی بــۆ منداڵــەکانی دووری و ئیــدی بــۆ ئــەوانیش بــەروت و قــوتی نەدەگەڕان.

زستان بوو کە ژاراسبای بە بەقتیقولی وت:

- ئایا حەزدەکەی کوڕەکەت فێرە خوێندەواری بێ؟

ئەمە لوتف و مەرحەمەتێکی بێ وێنە بوو.

لــە گوندەکــەی والی دا قەوزاقیــەکی گــەنج دەژیــا نــاوی (ژەنس)بــوو ئــەو قوتابخانــەی رووســی تــەواو کردبــوو لەبەرئــەوەی خوێنــدەوار بــوو خــەت و قەڵــەمی هــەبوو پێیــان دەگــوت مــەلا. ئــەو

---

(٦) قیسی هەتا.

دوو سێ منداڵی ماڵـە دەوڵەمەنـدەکانی فێـرە خوێنـدن و نووسـین دەکـرد یـەکێك لەوانـە ژانغـازی کوڕی ژاراسبای بوو. بەقتیقول سیەتی کوڕی بەڕێزو حورمەتەوە بۆ کن مەلا برد.

بەقتیقول بە کوڕەکەی خۆی وت:

- ئەگـەر کتێبەکـە بخـوێنی سـەردەکەوی، دەچـیتە شـار جگـە لەمـەش دەبیتـە پیـاو سـیەت ئـەم قسـە سەرسـوڕهێنەرانەی لـە مێشـکی خـۆی چەسـپاند. بەدرێـژایی زسـتان سـیەت ئـەلف و بێـی ڕووسـی دەوردەکـردەوە، بـۆ خوێنـدنی دەرسـەکانی هـەوڵی زۆری دەدا، کـە ئـەلف و بێـی دەخوێند دەتگوت دوعای جادوکەران دەخوێنێ و تا ئەویش ببێتە پیاو.

سـیەت زۆر حـەزی لـە خوێنـدن دەکـردو هـەر لـە زووەوە پێشـی لـە کـوڕە (بـای) ە تەمـەڵ و تەوەزەل و بەنازو فیزو بێ مێشکە زەین کوێرەکان گرتەوە.

مەلا بەخۆشەویستیەوە بەسیەتی دەگوت:

-کە گەورە بووی دەبیتە مەلا.

سـیەت زۆربـەی شـەوان نەدەنووسـت- بـیری دەکـردەوەو زۆر حـەزی دەکـرد گـەورەبێ و ببێتـە مەلا.

کێڵگـەکانی بـەقتیقول سـەوزبوون، چـڕوپڕ پـاك بـوون، دڵـی بـەقتیقولی هـێمن دەکـردەوەو هـاوین بـە ماڵـەوە هاتـە گوندەکـەی ژاراسـبای و تـازە ببـووە پیـاوی ئـەو. لـە کـاتی گـەرمای هـاوین لەگـەڵ سـیەت دا لـە هـەواران، لەبـەرزایی چـیاکان ژیانیـان دەبـردە سـەرو تـا تێربـوون کومیسی [٦] کۆلکن و زەردیان خواردەوە. هاوین ئیش و کاری مولك داری کەم بۆوە.

والی بـەقتیقولی بـە تـەواوی هێنایـە بەردەسـتی خـۆی و ڕۆژانێکـی پـڕ لـە مانـدووبوونی تایبەتی پڕ لە نهێنی دەستی پێکرد کە ئیش و کارە گرنگەکانی ژاراسبای گرتبووە خۆ.

بـەقتیقول زانسـت و هونـەری ئاغاکـان فێربـوو پـێ ی لەبەرەکـەی زیـاتر ڕانەدەکێشـا —لـە دیهاتێکـدا کـە لـە ژێـر پارێزگـاری والی دا بـوون، ڕوخـۆش و دەم بـە پێکـەنین و بـەرێز بـوون، بەپێچـەوانەوە ئـەو شـوێنانەی کـە ڕێـزی تایبـەتی والیـان نـەدەگرت، بـەقتیقول هەڕەشـەو گـەفی لێدەکردن، جار جـارە والی ڕێگـای دەدا کـە لـە کـۆڕو کۆبوونـەوە بچـووکەکانی نـاو دێ قسـەبکا. بـەقتیقول قسەشـیرین، ڕاسـت و زرنـگ بـوو، تـاوای لێهـات شـتێکی ناخۆشـی هەسـت پێکـرد.

---

(٧) کۆمیسی: جۆرە خواردنەوەیەکە.

زانی خەڵکی هەر بەو چاوەی سەردەمی کە نۆکەری بۆ سەلمەن دەکرد- تەماشای دەکەن و دەم و دەست دڵی ڕەش بوو.

سەلمەن ئاسەوارو سەرو سۆراغی خۆی نیشان نەدەدا نزیکەی ساڵێك تێپەڕی ژاراسبای سەلمەنی بەبیر ئەو نەهێنایەوە. بەقتیقول بە هەموو توانای تێدەکۆشا دەرك بەوە بکا والی چی لەژێر سەردایە هەرچەندی پتر بیری لێدەکردەوە پەست و غەمبارتر دەبوو. ئەم جیهانە فریوەدەر بوو، ئەم بێدەنگیە پایز هەڵبژاردن لە ئاردا بوو لە سەرەتای ساڵەوە لە چلکارو بورگن و تێکرای ولایەتەکان ئاگری زۆرانباریەکی پەنهان و پڕ گیرمەو کێشە لە نێوان حیزبی تیرەو تایەفەکان هەڵایسا. ئەم زۆرانبازیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو. بەقتیقول پێشبینی دەکردو بەخۆی دەگوت:" لەم ماڵە چاوەڕێی خۆشی ناکرێ.." بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی پێشبینی بکا کە ڕۆژە ڕەش بەچ سەروسیمایەك بە سۆراخی دادێ و یاخەگیری دەبێ ئەو ساڵە دەبوایە لە چلکار. دەنگدانی سەراپای ولایەت دەست پێبکرێ. لە هەمان کات هەڵبژاردنی ولایەتی چاوەڕێ دەکرا، هەر کە دەنگدان نزیك بووەوە ساماندارانی سەرانسەری ناوچەکە، بەگەرم و گوڕیەکی زۆر کەوتنە خۆ ڕێکخستن، لەو کاتەوە کە ئەوانەی دەستەی بەشداری کەرانی ئینتیخابات ئالای خۆیان هەلکرد، پێنج مانگ ڕابورد. ئەمجارەیان جموجووڵی دەنگدان لە ڕادەبەدەر بوو، بەشێوەیەك لە سنووری ولایەتێك تێپەڕی و بەبەدبەختیەکی وا گۆڕا، ئەگەر هەمووش نا نیوەی خەڵکی وولات تێوەی گلا، ڕەنگە هۆی ئەوەش ئەمە بوو کە هەر حوکمڕانێك بە حوکم کردنی ولایەتەکەی دا نەدەکەوت و دەیویست دەست لە ئیش و کاری ولایەتی دیکەشدا وەربداو حوکمیان بکا.

لەوانەیە کە هۆیەکەشی ئەمەبووبێ هاوینان لەسەر سنوورەکانی دوو وڵاتدا، لەسەر لەوەڕگاو مێرگ و چیمەنەکان بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات و زستانان بۆ زستانە هەواری خەڵکەکە، ناخۆشی و شەڕشو شۆڕ ڕوویدەدا. لە هەموو جۆرە نەسازان و ناخۆشیەك دا بە شێوەیەکی هاوزەمان چەند ولایەتێکی دەگرتەوە. پێی ناوێ لەبەر ئەمەی خەڵکی ئەم سێ ولایەتە لەسەر سنووری ئەم مێرخوزارو لەوەرگانەدا تخوبیان لێك دەگەڕایەوە.

بوون بە دوو دەستەی مەزن و هیواو ئامانجێکی زۆریان لەبەرچاوان دابوو.

ژاراسبای لە لایەنی خەڵکی وڵاتەکەوی خۆی هێندە نیگەران نەبوو. ئەو لەمە ناڕەحەت بوو کە ژمارەی تیرەکەی زۆر نەبوو، تیرەو تایەفەی بەهێزتر کە لە بنەماڵەی زۆرو زەبەند پێك دەهاتن بە ئاسانی دەیانتوانی ئەو لەسەر ڕێگای خۆیاندا ڕابماڵن لەم زۆرانبازیانەی

لەسەر هەڵبژاردن لە ئارادابوو. ژاراسبای لە یەکێك لە بەنفوسترین دەسەڵاتداری ئەم سێ کوچکە دادەندرا. پاراستنی ئەم متمانەیەی کە بە دەستی هێنابوو. بۆ ئەو هەروا ئاسان نەبوو.

لەو کاتەدا دەبوایە هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ پارازتن و دەوام پێدانی ناوبانگی خۆی بخاتە کارەوە ململانێی دارو دەستەکان وەك ئاگرێك بوو لە هاویندا هەڵایسابوو. لە مانگی ڕێبەنداندا لە چلەی زستان شێوەیەکی توندتری بەخۆیەوە گرت.

سەرۆکی دەستەکان یەعنی سەرکردەی تایەفە دەوڵەمەندە بەتواناکان بەدرێژایی هاوین خەریکی کۆمیس فرکردن بوون. تەمەڵ و تەوەزەل ڕایانبواربوو، ئیدی ئێستا ئارامیان لەبەر برابوو کێچیان کەوتبووە کەوڵەوە. زۆر پیاوی خۆشگوزەران کەبەرانبەر پەیمان و هەربێی خۆیان وەفاداریان نەنواندبوو ئەوە ژاراسبای زیاتر نیگەران کردبوو.

تیرە ساماندارەکان کەسەرتاسەری زستان لە دژی ژاراسبای وەستابوون، زۆریان شکایەت لێدەکرد تا بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان و پاشەکشەی پێبکەن.

ژاراسبای تەنیا لە ئەنجامی پەیوەندی خۆی و هام و شۆو خۆشەویستی و دۆستایەتی دادگەری ئیقلیم توانی خۆی قورتار بکا. سەرەڕای ئەمە ئەو بەسوود وەرگرتن لە وچەکانەی کە دوژمنەکانی دژی ئەو بەکاریان هێنابوو (ست) ی دادگەری بەتواناو بزورگی ولایەتی بورگنی پێ نەمێ خواردو کرد، هەرچەندە ئەم (ست) ە زۆر ئومێدی بە تایەفە زۆر و لە ژمارە نەهاتووەکەی هەبوو، جارێکیان لەسەر قسەی ژاراسبای بۆماوەی پانزە رۆژ لە بەندیخانەیان قایم کردو هەمان مەسەلە بوو بەهۆی گەورەبوونی ململانێی هەوادارە دوژمن بەیەکەکان. حەپس بوونی ست بووە هۆی کاردانەوەیەکی توندوتیژی سەردەستەکانی تاقمی وولایەتی بورگن. ئەوان بەرق و کینە و لێو کرۆژتنەوە دەیان وت: ژاراسبای کە خاوەنی تایەفەیەکی ساماندارو بەنفوسی قۆزی بەقانە ئەمەش بەهۆی نزیکی و پەیوەندی لەگەڵ فەرمانداری ئیقلیم ئەنجام داوە. ستی بەزینداڵ کردن داوەو ئابڕوی ئێمەی بردو، ئەوان لەنێوان خۆیاندا چەقۆیان لێدەسوی و بەزۆری و توانای خۆیان دەنازی و خەریکی ئەوەبوون چەند ناوچەو ولایەتێکی (ئالبان) لە دژی ژاراسبای تەحریك دەن ژاراسبای ئاگاداری ئەم کەین و بەینەیان بوو. لەبەرئەمە ئەویش لەلای خۆیەوە بۆ پەیداکردنی دۆست و لایەنگر دەگەڕا.

بەدرێــژایی زســتان لەگــەڵ دەســەڵاتدار و ســامانداره‌کانی ولایــەتی بــورگن — کــە حــەزیان لەست نــەدەکردو لێــی نــارازی بــوون دەیــان وویســت تــاقم و دەســتەی ســەربەخۆیان پێکــەوە بنــێن — کەوتــە نامــەو نامــەکاری و بەڵێنــدانی ڕەنگــاو ڕەنــگ و ئەســپ و پــارەی زۆری دەداتــێ، ژاراسبای ئەمانەی لەدەوری خۆی کۆکردە و دۆستایەتی لەگەڵ پەیداکردن.

ستبیش لــەلای خۆیــەوە هــەوڵێکی زۆری دا کــە تــاقمێکی وا لــە ولایــەتی ژاراســبای دروست بکــا بــەڵام بــۆی نەچــووە ســەر چــونکە بەڕاســتی ژاراســبای توانایــەکی تــەواوی هــەبوو لــە ڕازی کردنی دڵی ئەوانەی لــەو نــاڕازین و لــەلای خــۆی بیــان حەوێنێتــەوە و بیــان هێڵێتــەوە. بــەم جــۆرە دوژمنایەتی نێوان ست و ژاراســبای کــەوا وڵاتــی بــۆ دوو ئــۆردوو بــەرەی دوژمــن بەیــەك دابــەش کردبــوو، جگــە لــە چــەند ناخۆشــییەکی دیکــەش بزوتنەوەیــەکی ترســناکی بــەخۆوە گرتبــوو، هێشــتا چارەنووســی ژاراســبای لــە هەڵبژاردنەکــە دیارنــەبوو، دەیباتــەوە یــان نــا بــەڵام موخالیفــەکانی بیریــان دەکــردەوە کــە ژاراســبای تــەنیا لــە لایــەن ئاگــاداری و لــوتفی فەرمانــداری ولایەتەوە نەبێ لەنێو خەڵکیدا ناو و شۆرەتی نییە و دەنگی نادەنێ.

ئــەوان شــانازیان بــە پەیوەندیــە فراوانــەکانیان دەکــرد و بــەوە دەنــازین کــە خــەڵکی هەرســێ چــوار ولایــەت لــە بنچــینەدا دەگەنــەوە یــەك ئەســڵ و نەســەب. زۆر کــەرەت لــە کــۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا دەبیسترا و دەیان وت:

- ئێمە بەزوویی تەمێی دەکەین.
- ڕام کردنی ژاراسبای بۆ ئێمە ئاو خواردنەوەیە.

کــەرەتێك ڕەوە ئەســپەکانی ژاراســبای بــۆ هــەوار دەچــوون، لــەناو قەڵــەبالغی دا ســێ مــاینی ئــاوس و جوانــوە ئەســپێکی خڕوپــڕ ون بــوون. بەدوایانــدا کەوتنــە گــەڕان و شــون پێــی دزەیــان دۆزیــەوە، کەســێکی جێــی متمانــە، ســیخوڕێك لــە خــەڵکی بــورگن دا، گێڕایــەوە، پیاوەکــانی ســەلمەن بەتــەحرێکی ســت ماینــەکانیان ڕفانــد، تاقیــب کــەرەکان داوای ماینــەکانیان کــرد، بــەڵام ســەلمەن بــەبێ هــیچ ویــژدان نارەحەتییــەك تیــزی پێکــردن و جــوێنی پێــدان و بەهــەڵلاو هوریــا لــە گونــدی وەدەرینــان ژاراســبای شــەو خــەو نەچــووە چــاویەوە، لــە ڕق و تووڕەییانــدا وەخــت بــوو بخنکێ.

لەگــەڵ گــەردی بــەیانی بــەبێ خافلانــدن و دڕەنــگ کــردن فرمــانی بــە (سەرســن)دا ئاگــاداری نامەیــەك بنووســێ و نامەکــەی بــۆ شــار نــارد، بــەقتیقول چــاوەڕێ بــوو کــە والی ئــەو بــە نامــە هەڵگری بنێرێ، کەچی هــەر ناویشــی نــەهێناو بــەقتیقول سەرســام و دڵشــکاو زینــی لــە ئەســپەکە

کــردەوە و بەدرێــژایی بــەیانی خــەڵکی لــەنزیك ڕەشماڵــە گــەورە هەشــت تەنافیەکــەی بــای کۆببوونــەوە و قســەو دەمــە قــاڵی مقۆمقۆیــان نــابووەوە، لــەوێ ڕیــش سـپیان لێیــان دەکۆڵیــەوە، جوێنیــان دەدا، هەڕەشــەیان دەکــرد ســەر لــە نیــوەڕۆ وەختــێ ڕیــش سـپییەکان پەرتــەیان لێکــرد و لــە گــەرمان پــەنایان بــۆ ژێــر چــادرەکان بــردو کۆمیســی ســاردیان دەخــواردەوە ژاراســبای بەقتیقولی بۆکن خــۆی بــانگ کــرد، هــەر کــە دیــتی ســوور هەڵگــەڕابوو، دڵــی لــە پێشــبینییێکی نــاخۆش گوشــرا لــەلای ڕاســتیەوە بــەتواناترین بــەگ، (قوقیشــە ڕەش) ی عــەبوس، نێــو چــەوانی گرژکردبوو و یاری بە قامچیەکەی دەکرد.

ژاراسبای ئامــاژەی بــۆ بــەقتیقول کــرد و ئــەویش کۆمیســی بــۆتێکرد و هەربــەدەم نۆشــکردنی کۆمیســەوە.. دەســتی پێکــردو وتــی: ئەلحەمــدوئیلا دوا ســاڵی ژیــانی بــەقتیقول خۆشــترین ســاڵی ژیــانی بــووە و هــەموو ئــەم ڕاســتییە دەزانــن و بینیویانــە بــای ڕێگــای نــەدەدا مانــدووی بکــەن ئیشــی ناشایســتەی پێبکــەن، هــەر بــۆ ئــەو نیشــانەی هەڵــدەگرت کــە شایســتەی پیاوانــە، بەقتیقول هەستی کرد: ( ژیانێکی سەر و دڵ ڕەحەت ئەوا ئەم جۆرە ژیانە وا کۆتایی هات).

ژاراسبای دیسان دەستی پێکردەوە.

- تا مەترەق ڕانەوەشــێنی ئــەم تورگــە حــەرام زادانــە تــەمێ نــابن قــوقیش تفێکــی رۆکــرد و قامچــیەکی لــە لا تەنیشــتی چــەکمەکەی خــۆی ســرەواند و دەســتی بــەقتیقول لــەرزی و کــۆمیس لە پیاڵەکە رژا.

ئــەو تێنەدەگەیشــت، ســامناکترین شــت ڕوویــداوەو بۆنــاو ژیــانی ڕابــردووی دەگەڕێتــەوە. درێژەی دایێ و وتی:

- ئەگــەر بەســەر شــۆڕی دانیشــین و دەرفــەت لــە دەســت خۆمــان بــدەین دەدۆڕێــنن بــەزەبری ســەرەنێزە ســواری ســەر ملمــان دەبــن و پــەتك لــە ملــی مــەڕ و ماڵاتمــان دەکــەن. خەڵکەکــە دەکوژن و ماڵ و سامانمان بەتالان دەبەن.

بەقتیقول مات بوو.

- ئیمڕۆ بە ئــارەزوو ســەلیقەی خــۆت دەســواران هەڵدەبــژێری نــاوی خــوای لێــدەهێنێ، ئەگــەر ڕەوە ئەسپ و مێگەلی ســەلمەن یــان (ســت) تــان وەبــەر چــنگ نەکــەوی گــوێ مــەدەنێ هــی هــەر قــۆزی بــەقێیك بــوو وەکــو یەکــە، پــێش خۆتــانی دەن و ڕەوە ماینێــك و ئەســپێکی بــاش کامــەی لــە هــەموان بەهەیکــەل تــرو ڕەســەنترە جیــای کەنــەوە بیهێــنن، تــۆ دەتــوانی ئەســپ و مــاینی بــاش دەســت نیشــان بکــەن... خــۆ یەکــەمجارت نییــە... بــەقتیقول کاســە کۆمیســەکەی بــەنیوە

چـلی دانـاو دەسـتی بـە لچـکی کراسـەکەی سـڕیەوە هـەر بێـدەنگ بـوو، دەتگـوت پـارووی لـە قوڕگــدا حاســێ بــووە. ئــەم قســە چــییە؟ مەگــەر لــەو ڕۆژەوە ژاراســبای بــەقتیقولی وەك دڕندەیـەکی دەسـتەمۆ نیشـانی دەسـەڵاتدارانی شـار دەداو لـە لایـان مـەدح و سـەنای دەکـردو دەسـتیان لـە پشـتی نۆکـەری بەسـتەزمان دەداو بیابانـدا هەڵـدەداو ئامۆژگاریـان دەکـرد... کـە ڕێگای هەسـت هەیـە، زۆر بەسـەر ئـەم قسـانە رابـردووە کـەی قسـەی وابـووە؟ ئیمـڕۆ دوێنـێ !" نـاوی خـوای لێبێنـە؟" خـەڵکی چـی دەڵـێن؟ بەسـیەتی کـوڕی چـی بڵـێ؟ قـوقیش لەسـەر چینچـکان ڕوو بـە ڕووی بـەقتیقول دانیشـت و پێکـەنی، بەهـەواوە گەردەنـە کۆڵەگەییەکـەی گیڤ کردەوەو وتی:

- بـیر لـە چـی دەکەیتـەوە! ڕات گوشـی نـانی (بایـت) لێ دێتـەدەر، تـۆ بـە خـۆراکی مفتـی ماڵی بای دەژیـت. پیـاوی ئـازا لـەناو گۆریشـبێ ڕاسـت دەبێتـەوە، بـەڵام بـەقتیقول زەردەخەنـەی بەسەر لێودا نەهات، ژاراسبای کۆمیسی بۆ تێکردەوە و وتی:

- هـەر وەك تـۆ ئاگـاداری هـەموو دەزانـن، یەکـەمجار سـت شـەڕی پیفرۆشـتین ئەگـەر سـەر سفتاح نەبوایە کڕین و فرۆشـتنیش نـەدەبوو، ئەوانـە دەسـتیان دایـە شـەو دزیـن و دەسـتی خۆیـان پــێ گلاوکــردوە، ئێمــەش ڕووی خۆمــان بــەتالان و بڕۆیــەکی شــەرافەتمەندانە ســپی دەکەینــەوە! ئەگەر لە دواییدا ئەم دزانـە ڕوو لـە هـەر کـوێ کـەن هـەتا ئەگـەر ڕوو لـە ئاسـتانداركەن، هـەموو چ ڕووس و چ قەوزاق لایەنگیری ئێمە دەبن... خۆ تۆ لەمەبەستی من گەیشتی؟

بەقتیقول بەکزی وەڵامی دایەوە:

نـەخێر،... تێنەگەیشـتم مێشـکم وڕ بـووە.. تـەنیا شـتێك دەزانم. بـە زوویـی پـاییز دادێ و پاییزی ئەمسـاڵ دزو جـەردە لـە تەنیشـت یـەك لـە نێـوان زەوی و ئاسمـان بـەدارەوە دەکـرێن.. مـن زۆرم ناخۆشــی دیــوەو بەتــەواوی لێــی تێــر بوومــە، مــن مــەنێرە تکــا دەکــەم.. دەســتم بــە دامەنتان.

ژاراسبای بە تووڕەییەوە قسەکەی پێبڕێ:

- تــۆ لــە کەیــەوە بــیر لــە ســێدارە دەکەیتــەوە؟ ســەیری پیــاوی پێشــبین کــە! تــۆ ئــەرکی سەرشانی خۆت لەبیرکردوە؟ دەنگـی بـاب و باپیرانـت گـوێ لێنییـە؟ سـت قـوڕی بەسـەری باوکـت کـردو ڕۆژە ڕەشـی بەسـەر هێنـا سـەلمەن تـۆی بێکـەس کـرد، مـن لـە بەرانبـەری سـت و سـەلمەن هێزو توانات دەدەمێ ئەگەر سوود لەم هەلە نەبینی دیارە ترسنۆك و غایەنی.

تەمەڵی بێ دەست و پێ چەپارەی بێهۆش و فامی و بەلاش نانم داوی.

- ئاغەم، تۆ فێری چیم دەکەی؟ من چ فێری کوڕەکەم دەکەم؟
ژاراسبای بەگرژیەوە:

- من بەرپرسیاری هەموو شتێکم ! وەلاّمی هەموو شتێك دەدەمەوە ! چ لە بەرانبەر خواو چ لە بەرانبەری حکومەت:- من نان دەدەم — فرمانیش دەدەم، گوناهو ئۆبال بەئەستۆی من بڕۆ ناوی خوا بێنە.. قوقیش هەلّی دایە.

- بەسە قسەی خۆمان کرد.. گومانت نەبێ، دەڕوا ژاراسبای بەگرانییەکەوە هەلّسا. بەقتیقول بەچاپووکی جوولاّ تا لە بەری هەلّسێ بەلاّم گێژ و وڕ و دەستە پاچە لەسەر ئەژنۆیان وشك بوو.

هەر لە هەمان ڕۆژدا دەکەس بەسەر دەستەیی بەقتیقول دە ئەسپیان لە ڕەوەکانی ژاراسبای و سەرسن و قوقیش هەلّبژارد، دە ئەسپی سەمەند [٧] خۆشبەز خۆ ئامادەکردن و تەدارکانیان لە کەس پەنهان نەدەکرد چونکە لەسەر هەق بۆ بارمتە هێنان دەچوون، پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەموو دانیشتووانی دێیەکە بە گەورە و بچووکەوە بۆ بەڕێکردنی دلاوەران ڕژابوونە سەرشەقام سوارچاکان جلوبەرگی سادەیان پۆشی بوو، پەستەکی بۆزیان لەبەردابوو، بەلاّم جوانی پیاو بەبەرگ نییە، بەلّکو بەهێزی ئەو و ڕەسەنی و جوانی ئەندامی ئەسپەکەیەتی دەستەی لاوان کۆببونەوە.. پەستەك مەحکەم بەشانە پۆلاّیینەکانیانەوە چەسپابوو. بەتیلە چاوێك دیارە کە هەریەکیەك لەوان بەمەست بەرد دەکاتە بڕوێش چالاکیشی بەوەڕا دیارە وەك پەرەسێلکە تیژ بفڕێ بارمتە چییەکان گالّتەجاری و دەست بازییەکی زبریان لەگەلّ یەکدا دەکرد.

وەك بلّێ خەریکی یارییەك بوون سەری خۆیان پێگەرم دەکردە خۆیان لە بەرانبەر خەلّکی گوندەکە دەنواند و خۆیان و ئەسپەکانیان نیشاندەدا، ئەسپەکان شایانی سەیرکردن بوون، ئەسپەکانیان زینی کورت و پانیان لەسەر پشت بوو و بەکلکە گرێداوەکانیانەوە سەر و کەللە لاوازەکانیان بە غرورەوە بلّندکردبوو، چەپۆکە جوان و نایابەکانیان بەسەر کەشیەوە لە زەوی دەکوتاو پێکۆلّیان دەکرد. ڕەنگە جوانەکانیان لەبەر تیشکی فێنکی زەردەی ئێوارە وەك زێڕ دەبریسکانەوە. ئەوانە ئەسپی ڕەوهان بوون لە غارغارێن و پێشبرکێیکاندا بردبوویانەوە لەژێر پێی سوارەکان چەرخیان دەدا.

---

(٨) سەمەند: ئەسپی زەرد.

چـاوەڕێ و بــەقتیقول بــوون. ئــەو لــەژێر ڕەشماڵــە گەروەکــە هاتــەدەر، والی بــەڕێی دەکــردو دەتگــوت گــۆڕاوە، ئــەویش جلوبــەرگی ســادەو هاکــەزای لەبــەردابوو و هــەموویان بــە مەکــەیف خۆشبوون، بەڵام لەبەژن و بــاڵاو ڕەفتــارو کــرداری ئــەودا شــتێکی تــازە هــەبوو. کــە پــێش ئێســتا کــەس نەیــدیتبوو، پەســتەکی تــەنیا بــە لاشــانی چــەپیەوە کردبــوو قــۆڵی لای ڕاســتی بــەردابۆوەو بەژێر کەمەربەندیدا شــۆڕ ببــووەوە تــا بتــوانێ قــۆڵی بەســەر بەســتی بجوولێتــەوەو دەســتی ڕاســتی بە باشــی بەرزبێتــەوە، لەژێرکەمەربەندەکــەی دەمانچــەی شەشــلول دەبینــدرا. بــەقتیقول گوللــە بــە کەســەوە نــانێ، بــەڵام لــەم بەزمــە دەردەکــەوت کــە کــێ ســەرکردەیە، یەکــەم کــەس کێیــە زەبــر دەوەشــێنێ و کــێ پــێش هــەمووان خــۆی لەبــەر زەبــرو فشــاری بــەزەبرترین دوژمنــی هــاوکوفی خۆی ڕادەگرێ.

بــەقتیقول بەهــەنگاوی هــێمن و لەســەرەخۆ لــە هاوڕێکــانی نزیــك دەبــووەو ئــەوان لەتەماشــای تێــر نــەدەبوون لەگــەڵ ئــەودا زایــە نــابی ئــەو لــەوانی دیکــە تۆکمــەترو ئەنــدام درشــت تربــوو لــە دەســتە ڕاســتیدا ماســوولکە خڕەکــان کــە لــە مەچــەکیەوە تــا سەرشــانی بــەهێزێکی وەك هێــزی زەمبەلــە هەڵدەبەزیــەوە. وا دیــارە ســەرو ســیمای بــەقتیقولیش گــۆڕاوە. لــە دەرزی پێڵــووە باریکەکانییــەوە ئــاگری حــەزێکی بــێ ئامــان دەبریســکاوە تــەنیا لــەژێر مــووی تیــژی سمێڵــە دڕەکەیــدا بــە پێچــەوانەی چــاوەڕوانی گــەرم و خۆشەویســتی ئــامێز زەردەخەنەیــەکی پــڕ ئــارەزوو دەبینرا، ئەو بەدەنگێکی پچڕ پچڕی سەرکردانە هاواری کرد:

- هۆ هۆ، هەڵۆکان! هومێدەوارم لە سەفەرەکەتان کەیف خۆشبن:

هاوارەکەی لە نێو بێدەنگی خەڵکەکە و پێکۆڵی سمی ئەسپان دەنگی دایەوە.

- هەموو کەیفتان خۆشبێ، هەموو !...

ئەوانەی بەڕێیان دەکردن لەگەڵیان هاودەنگ بوون.

-ماشاڵڵا... ماشاڵڵا!

پــێش ئــەوەی بــەقتیقول بگاتــە جڵــەوی ئەســپەکە، شــوانێکی گەنــد ئەســپێکی گــەورەو هەیکــەل بڵنــدی کــەحێلی بــە کلکــی پێچــڕاویەوە بــەرەو پیــل بــرد — ئەســپە لــەژێر پرشــنگی سووری خۆرنشین کەهــەر لــە تیشــکی گــڕی ئــاگرێکی مــەزن دەچــوو- ئەســپی خۆشەویســتی والی بــوو ، ژاراســبای ئــەوا ئەســپەی بــۆ غــارێن و پێشــبڕکێی چــەند قۆناغــەڕێ لــە دەشــتدا بــەخێو کردبوو..

شــوانه بــەرێزەوە خــەریکی یارمــەتی دانــی سەرکردەبوتاســواری ئەســپەکەی بکــا بــەڵام بەقتیقول سەری جڵەوەکـەی لەزینەکـە گرێـداو نـووکی پێـی گەیانـدە ئاوزینگەکـەو خـۆی هەڵدایـە سـەر پشـتی، ئەسـپەکە کـەمێك داهاتـەوە و بەلاداچـوو، بـەقتیقول ڕکێیـی لێـدا و تێیوەژانـد فرمانیدا.

- یا ئەڵڵا. بابرۆین..

سـواران بـە فشـاردانی یەکـەوە بەدوایـدا تاویانـدا و لـەبای غـاری قەمـەی دووسـەرو کـوتکی سەر بە بزمـارو نیـزەو گورزیـان بـە زینەکانیانـەوە کـرد. هەنـدێك دەڕۆیشـتن و ببێـاك تۆبزەکانیـان بەبن هەنگڵەوە گرتبوو، دەتگوت بۆ شەڕ و دەعوا ناچن بۆ پیاسە دەڕۆن.

پیاوان،ژنان و منداڵانی گونـد لـە دوایانـەوە کۆببونـەوەو قـڕە قـڕو قیـژ و هۆریـان بـوو، ئـای و ئـۆی و ئـاخ و داخیـان بـوو، هێـز، بـوێری جـوانی پیاوانـە، بەدەشـت سـپێردرا. ملـی دەشـتیان گرت! ئەم هێزە وەختێ بێتە جۆش و خرۆش ئەهریمەنیش ورد و هەڕا دەکا...

لــە نــاو تاریکــایی ئێــوارەدا کەفــەڵی ئــەو ئەســپانەی کــە ڕەنگیــان کراوەتــر بــوو کزکــز دەبریقانەوەو لـە دواییـدا بـۆ پەڵەیـەکی ڕەش گـۆڕان، بـەڵام شـەپۆلی دەنگـی چـوار ناڵـەی بـەتاو کە بەرە بەرە کزدەبوو، تا ماوەیەکی زۆر دەهاتە گوێ.

تــاڵان و برۆێیــك کــە ســادە لــەوحان و نــەیرەنگ بــازان بەڕاســتیان دەزانــی. بــەم شــێوەیە دەسـتی پێکـرد. ئاغاکـان هـەواو غرووریـکـی دێرینـەیان دەخسـتە نـاوەوە و ڕەنـج بەزایـە جـوانی تینـوی ئـازادی تینـوەتی خۆیـان بـەوە دەشـکاند بەشـی هەنـدێك زەبـری تۆبزێـك بـوو بـە تـۆقی سـەریان دەکـەوت و نسـیبی هەنـدێکی دیکـەش مێگەلـە مـەڕو ڕەوە ئەسـپ بـوو کـە لـە جێـوە بەمفتی بۆیان دەهاتە ژوورەوە.

هەرکەسـێك ئەوەنـدەی بەنسـیب دەبـوو کـە دادوەری نادیـارو لـە هـەمووان بـاڵاتر گـەورەی گەوران بۆی بڕی بووەوە.

بەقتیقول و هەڵۆکانی تـا بـەرە بـەری سـپێدەی بـەیانی ئیشـی خۆیـان ئەنجامـداو دەسـتەیەکی بچـووك، دە جوانـە مـاین و ئەسـپێکی قەڵـە و یاڵـداریان لـە ڕەوەی سـت ڕفانـد هەرچـەندە لـە دوای خۆیانـەوە تەقـەی چـەند تفـەنگێکیان بیسـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ئاسـانییەکی سـەیر قورتایـان بـوو بەسـەلامەتی لـەناو چیا چـۆڵ و هێمنـەکانی سەرسـنووری هەرسـێی وڵات خۆیـان شاردەوە.

لەسەر ڕێگادا لە دێیەکی نەناسیاودا بەرخێکی یەك بەهارەیان لەگەڵ دەستی خۆیاندا بردو تەنیا وەڕە وحەپەی سەگانیان لە دوای خۆیاندا بەجێهیچشت بێترس لەسەر بەردان ئاگرێکیان هەڵکردو بەقتیقول فرمانیدا گۆشت ببرژێنن و خۆشی چووە سەر بەرزاییەکی ڕوت و ناهەموار، بەردییێکی تیژ لە ڕەنگی خشتی سوور دەتگوت لە خوێن وەردرابوو، تاك و تەنیا لەبەرانبەری ئەودا خۆی دەنواند.

لە پشت بەردەوە جەنگەڵی کاژ وەك یاڵی یەکانە دەبینرا. دارکاژە مەزن و تێك هەڵقژاوەکان دەتگوت سوتاون و بوونەتە ڕەژوو، ڕەش دەچوونەوە مانگێکی شین دوو کەلاَوی بەسەریانەوە تریفەی دەداوەو لەسەرەوەی ئەواندا لووتکەییێکی بەبەفردا داپۆشراوەك چادرێکی سپی پڕ شکۆکە دەتگوت خۆرەو لەناو چنگی شەودایە، دەدرەوشایەوە. هەڵۆ لە ئاسمانی بێ کۆتایی پەڕەگەی گرتبوو و هێندی کێشکەیەك[٨] دەهاتە بەرچاوان بەقتیقول لەسەروەی بەردی سوور، بێشەلاَنی ڕەش چادری سپی بەفرین، بەو بازەی هەڵدەڕوانی کە پەڕو باڵی کردبووەوەو دڵی تەنگ بوو، سەیری کردو بەخۆی وت: ( ئەوەی لە دەستی هەڵدەهاتم، بەرۆکەگیرم بووەوە، ئەوەتا دەستم پێکرەوە).

لەخوارەوە دووکەڵێکی تەنگ لە ئاگرەکە بڵند دەبووەوەو پێچ و لوولی دەخوارد، بۆنی گۆشتی برژاو دەگەیشتە بەرلوت، سوارەکان، سوارەکان وەك پیرەژنان دووچاری ئەشکەنجەو ئازاردان دەبوون، بێ سوود فرمێسکیان دەڕژت و نەفرەتیان دەکرد، (ئاخر وتویانە هەڵبژاردن نەهاتیە) ژاراسبای دەزگاکەی زۆر بەوردی ڕێکخستبوو مەڕو ماڵاَتی تالاَنی ئەو وەك بازرگانێکی بەڕاستی لە ولایەتی خۆیان و لە ولایەتی هاوسێ بە خەڵکی دەفرۆشتەوە، بەقتیقول مێگەلە تالاَنییەکانی بۆ ئەوێ پێش خۆی دەداو قیران بای لەوێوە دەیبرد... یەکێك ئامادەی دەکردو یەکێکی دیکە دەیفرۆیشت.. بیری نەدەکردەوە، بەنیوە قیمەت دەیفرۆشتەوە تا بە زوترین کات خۆی لەشەڕیان ڕزگاربکا و ئابڕوی خۆشی بپارێزێ شوبهەیان نەدەکرد سەلمەنی سەوداگەری چاوچنۆك هەرگیز دەروەستی ئەم جۆرە کارانە نەدەهات دەتگوت مەڕو ماڵاَت بەئاوێدا دەچن شەو بەدیاردەکەوتن و بزر دەبوون، لەسەر و سامانی ژاراسبای کەم نەدەبووەوە.

---

(٩) کێشکە: چۆلەکە

بـەقتیقول هـەمووی دابـەر لەقـە.. دەتگـوت لـەنێوان مـانگێکی داغ و خوێنـاوی، یـان لـەنێو بۆڕانێکی تەپ و تۆزاوی بیابانـدا کـە بـەڕۆژی ڕوونـاك چـاو چـاو نـابینێ. یـا نەیـدەزانی زۆر بڵێـی و وەك منداڵـە وردەکـە قەڵـەبالغیان دەکـرد، وردکەبـەردی لـووس و نارێـك لـەژێر پێیانـدا خرمـە خرمیان دەهات.

بـەقتیقول سمێڵـە زبرەکـەی خـۆی جـوی و دەموچـاوی گرژکـرد زەوق و شـەوقی شـەو دزینـی وەك خەیاڵ مەستی لەسەردا فڕی خەیاڵێکی تاڵی لەدڵدا بەجێما.

بەقتیقول بەدەنگی بەرزەوە وتی:

- ئای.. هەروەکو یەك وایە... جیاوازی نییە.

ئێسـتا چ بەشـان و بـاڵی هـەڵبڵێن چ بـەدناوی بکـەن. وەکـو یـەك وایـە، چـارەنووس و دوا ڕۆژی لەناو دەسـتی ژاراسـبایە، بـای دەتـوانێ سـزابداو دەتـوانێ ببـوورێ، شـوکرانەی خـوای دەوێ کـە لەگـەڵ ئەمانەشـدا لەگـەڵ سـەلمەن بـەراورد نـاکرێ ژاراسـبای لـەبیری ناچـێتەوە کـە بـەدڵ و گیان بەفیداکاری خزمەتت کردووە.

بەقتیقول لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئای بابە، ئەمەش بۆ ئێمە سەروزیادە ئاو بێنەوە دەستان بشۆ.

- لـە نشـێوە بەردەلاَنەکـە بـۆلای ئاگردانەکـە گـەڕاوە ئـەم مەوزوعـە بـووە هـۆی ناخۆشـی و بەگژیەکـدا چـوون لـەنێوان خێڵـەکان. لـەو شـەوە پـڕ دەسـت کـەوت و شـوومە دا لـەنێوان تـیرەو تایەفەکانـدا ڕۆژە ڕەشـێیکی وا بـەرپابوو هـیچ کـەس بـەبیری نـەدەهات شـتی وا ڕوویـدابێ و سـەگ سـاحێبی خـۆی نەدەناسـیەوە. بەشـەوی تاریـك و ڕۆژی ڕوونـاك لـە دەشـت و چـیاکاندا ناخۆشـی و شەڕوشـۆری دڕندانـە ڕوویـداوە، هـات و هـاواری شـێتانە و مێشـك کاسـکەری تاقیبکـەران، خـۆڵ و تـۆزو خـاکی ڕەش و سـوتاو بـۆ ئاسمـانی داغ بـەرزبووەوە، و لـە دوایـی دا هـایو هـۆی جوێنـاوی شـەبەیخونان وەك رۆژگـاری ڕابـردوو، دزینـی بـەحیزەو نهێنـی بـە گونـدو پاوانەکانـدا بلاَوبـووەوە. هێنـدەی نەخایانـد کـە هـیچ ئیمـام و پیـاو چـاکێك نـەیاتوانی بـەرێکی حوکمبـدەن کـە کامـە دزی شـەوانەو کامـە دزی ڕۆژانەیـە، ڕاسـتیان وتـوە کـە هەڵبـژاردن لـە بیابانـدا وەك نەهاتیـە نـاتوانی بڵێـی کـە نـەهاتی موسـیبەتی زسـتانەی دەشـت و دەربەلاَکـەی بەسەرسەرتدا دەبارێ.

بـەلاَم هەڵبـژاردن هـەر لـەناو سـێ سـالاَندا دووبـارە دەبێتـەوەو لـەبریاری ڕوون و ئاشـکرای ژاراسبای یان دەبێ، سەرکەوێت، یان دەبێ تێکبشکێت.

هـــەروەکو جـــاران کـــۆڕی قەڵـــەباڵغ و کۆبوونـــەوەو شـــورای پـــڕ قـــاو و قیـــژو هـــات و بـــات سازدەدراو بێپسانەوەش میوان بۆماڵی دەهاتن.

مەڕو ماڵاتێکی زۆر بـۆ میوانـان سـەردەبڕا. یـان بـەدیاری دەڕۆیشـت بـەڵام چ پـیرە پارەیـەك لە باخەڵی بای بـەدیاری و پێشـکەش دەچـوو! دەتـوانرێ بگـوترێ سـێیەکی ئـەو ماڵـەی سـەر لـە بـــەهارێ هـــەیبوو لـــە مـــاوەی دوو مانگـــان خـــەرج کـــرد. ئێســـتا ئـــەویش هـــەروەکو ئـــەوەی ســـەردەمی خـــۆی ســـەلمەن دەیکرد.پشـــوی بەبـــەقتیقول وســـوارەکانی نـــەدەدا بـــەڵام ئەوتەڵەکـــەبازە هەرنەبێ دەیگـوت کەئـەوان بۆتـاڵاڵن وبـڕۆ دەنێرێ.بـۆدابین کردنـی خـەرجی نییـە بـەڵکو بۆتـەمێ کردن وچاوشکاندنە.بەڕاستی جوانی دەهێنا.

جێگـــای سەرســـوڕمان نییـــە کەجادوکـــەر ســـەرکەوت و بـــەبێ ئـــەوەی ســـت ئاگـــای لێبـــێ پشـــــتیووانی بـــــەهێزی پەیداکردبوو.لەناکاوییێکـــــدا ژاراســـــبای لەگـــــەڵ دییێـــــی دوســـــاییەکانی نیشـــتەجێی ولایـــەتی بورگن.گونـــدێکی دەوڵەمەنـــد و بەســـەر و ســـامان کەحـــەزیان لـــە قـــوزێ بەقەبێشـــــەرمەکان نەدەکرد.دەســـــتی دۆســـــتایەتی بۆدرێژکردن.ئـــــەم دۆســـــتایەتیە خـــــەرجی ومەسـرەفێکی بـێ ئـەژماری پێوەبـوو دادگـەرە عاقلمەندەکان.سیاسـیە دوو ئاتەشـەکانی دەشـت ودەر،گوتویانـە: ئـاوی رووبـار بەبەربەسـتی تۆکمـە دەگـیرێ و جۆشـی ئـاگری دوژمنایـەتی کـچ دەیکوژێنێتەوە.بەڵێ،بەڵێ،کچـــێیك کەبەشـــــویدەن....گەورەی خێڵـــــی دوســـــاییەکان کچـــــێکی عـــــازەب و بێغایـــــەت جـــــوانی هـــــەبووناوی(کالیش)بوو وژاراســـــبای خـــــوازبێنی کـــــەرانی بـــــۆلای دووساییەکان نارد.

بەقتیقول یەکسەر زانی کەمەبەستی پەنهان کراو لەمەدا چییە.

هەڵبەتە مومکینـە جـوانی کچـە دڵـی لەژاراسـبای سـەندبێ ویسـتویەتی کـە کچـە بهێنـێ و لەتەنیشـت ئاغـەژنی خۆشەویسـتەوەبێ، بـەڵام ئـەم خاڵـە لـە لایـەنی گرنگیـەوە لەپلـەی دەیـەم دایـــە مەبەســـتی نهێنـــی مەســـەلەکە لەمـــەدابوو، ژاراســـبای بەدەســـتی خـــۆی پـــەنجا وشـــتری هەڵبژاردو بۆ بـاوکی کچـەی نـارد. شـیربایی بـێ وێنـە، دەتگـوت (کچـەخان) ی دەخـوازت پـێش ئـــەوەش ژاراســـبای لەبـــەرەوە دیـــاری دیکـــەی بـــۆداك و بـــابی کچـــە نـــاردبوو لەڕاســـتیدا ژن و ژنخـوازی باشـترین یەکگرتنـە. ئـەم یەکگرتـە بەرشـتەیەك مـەڕومالآت. پتـەو گـرێ دەدەن و تونـد و تۆلیشی لەیەککگرتنی خوێنی متمانە بەخشترە.

بەم بۆنەوە دێیەکانی بوك و زاوا وەك هەناوی مرۆڤ، هەتاهەتایە تێك دەئالێن.

ست هەر ئەوەندەی بۆی دەکرێ دەستی خۆی بگەزێ.

لەبەرئــەوەی گونـدی دوســاییەکان لەســەر ڕێگــای بــووە لەمپــەرێکی چــڕوپڕی دڕکــاوی نــاتوانرێ بەناویــدا بــڕواو نــە بەرۆخیــدا تێپــەڕێ. بــەڵام دەشــت و دەر وەك ژنێــك ســووکایەتی پێکرابێ و سـەریان شـۆڕکردبێ، ناڵـە نـاڵ و شـیوەنی بـوو، جارێـك لێـرەو دەمێـك لـەوێ ڕووت و هەژارە بێ گوناهەکان، کـە حەوسـەڵەیان نـەبوو بـیر لـە ئـیش و کـاری ست و ژاراسـبای بکەنـەوە کەوتنەبــەر ڕقــی بارمتەچــیەکانەوەو بــێ ســووچ و خــەتا ئــەو مــەڕو ماڵاتــەی کــە لــە شــەو هەڵمەتەکان بە دەستی هێنـاوە، بـۆ کـوێ چـووەو چـی لێهـاتووە، ژاراسـبای خـەمی لێخواردبـوو، تـا دڵـی بەبـەقتیقولی سەردەسـتە لـەم ڕووەوە ئاسـوودەبێ فرمـانێکی توندوتیـژی بـێ پێچـوپەنای بەسەرسن و قیران بای و قوقیشدا:

- کاتێ کە ئێـوە بێـداران، لێـی گـەڕێن ئـەو بنـوێ... تـا ئەگـەر بـە پێچـەوانەی چـاوەڕوانی ئێمــە ڕوویــداوە ماشـیان لـەناو ئـاگردان سـوورکردەوە،ئەو لـەژێر داغکـردنیش نـەتوانێ هـیچ بلـێ کەچی بووەو چی ڕوویداوە؟

هەلبــژاردن کۆتــایی پێهــات ،ژاراســبای ســەرکەوت و هــەر بــەوالی چــلکار مــاوە ،ســت شکسـتی هێنـا، ئـەویان هەلنەبـژارد، هەرچـەندە گونـدە دوسـایەکان نـەیانتوانی نوێنـەری خۆیـان بهێننە سەر کورسی لەگەل ئەوەشدا قۆزی بەقەکان شکستیان هێنابوو .

ژاســبای هــەروا مەســرەفی نــەکردبو . ئێســتانۆبەتی ئەوەیــە مــەڕی تســکنی زێــرین کۆبکاتەوە .ئەو لەهەمان کاتـدا بـەقتیقولی بـانگ کـردە کـن خـۆی پیرۆزبـایی لێکـردو لەسـیلەی ڕەحم و دل بێسووتانەوە دەستی بەسەری داهێنا و بۆ مالەوەی ناردەوە .

بچــووەوە ومــاڵ تێــری لێ بنــوو و ژن و مــاڵ و منداڵەکــەت خۆشــحاڵ بکــە، بەتــەواوی ئازادت دەکەم، بۆ سێ ساڵان، تا هەڵبژاردنی ئاینده..

بـەقتیقول بـەبێ ئـەوەی لـە کـەس بشـارێتەوە. هەناسـەیێکی ئـارامی هەڵکێشـاو ئـەو خـوا خــوای بــوو بــەخێرایی خــۆی لەبەرچــاوی ئاغــادا ون بکــا، ئاغــاش دەیوویســت ئــەو دوورتــر کەوێتەوە:

- والی ئازیز، کەیفی تۆیە.

ئاغای دەوڵەتی بێ بایەخ پێدان وەڵامی داوە:

- بڕۆ.... بڕۆ! لەدواییدا قسەی لێدەکەین.

## (٧)

ئێستا ئیدی بەقتیقول تەنیا ناوەناوە بۆ گوندی والی دەهات.تا هەواڵی بپرسیٚ و چۆنی و چاکی لێبکا یەك دوو ڕۆژیك لەلای میوان دەبوو ولەدواییدا بەدلێكی رحەتەوە بۆ باوەشی گەرمی ماڵ وخێزانەكەی دەگەڕایەوە.لەم ڕۆژانەدا لەگوندەكە وەك بێگانەیەك دەهاتەبەرچاوان ، لەبەڕێوەبردنی ئیش وكاری مولكداریدا لاتەریك بوو.دەستی بۆهیچ یەكیك لەم كارانە نەدەبرد.دەتگوت تەنیا بۆخۆی دەژیا،لەقسەی خەڵكی ورد نەدەبووەوە،گوێی لەپڕوپاگەندان ڕانەدەگرت لەبەرئەمە بەباشی نەیدەزانی لەدنیا،واتە لەحیزبی والی چی لە ئارادایە، شتێكی بەهەند هەڵگرتبوو ئەویش ئەمەبوو:دوژمنێكی هاوبەشیان هەیە،كەقۆزی بەقاكانن...ئەمەی لەگوێیی كردبووە ئەلقەوبیری لەهیچ شتێكی دیكە نەدەكردەوە.سوارێك بەئەسپێكی ئارەقاویەوەبۆئەویٚ تاویداو لەسەرپشتی زینەوە هاواری كرد:(ژاراسبای هەرئێستا تۆی دەویٚ!) بەقتیقول خۆی هێندە مشەوەش نەكرد و بەدوای قاسیددا كەوتەریٚ.

گەورە پیاوانی ولایەت خڕبان...وژمارەیەك لەپیاوانی دێیی دەوروبەر كۆببونەوە.میوانان ئەسپەكانیان بە پێوەندكراوی بۆ لەوەڕ ناردبوو لەچواردەوری والی دانیشتبوون بەقتیقول كەمێك دوورتر لەخەڵكەكەی دیكە، هەندیٚ زەلامی لەخەڵكی گوندی ئەورازەكان دیت_ كەلەگەڵ ولایەتی بورگندا هاوسیٚ بوون.لەبورگندا تایەفەی ئەو رازەكان لە تایەفەی دوساییەكانی — كە ژاراسبای ژنی لێخوازتبوون- بیٚ هێزتربوون و لەتیرەی قۆزی بەقەكانیش هەر زۆر لاوازتربوون.بەلاٚم تا ئەوان یەكتریان قڕدەكرد، ئەو ڕازەكان زەلامێكی خۆیان ناردە حزووری والی،وارێكەوت كەوالی نوێیی بورگن دوای هەڵبژاردن كارەكانی بۆشكست خواردنی ست ئەنجامدەدا.خۆی لەخۆیدا ئاشكرایە،كەوالی لەتیرەییێكی بێهێز بوو نەیدەتوانی بەسەربەخۆییەكی تەواو لە كەناری قۆزی بەقەكان دانیشیٚ.

كاتیٚ بەقتیقول ئەوزارەكانی دیت بیری كردەوە:"هەبیٚ ونەبیٚ ئەوان شكایەتیان لێكردووم بۆیە داوایانكردومە).بەهەڵەشدا نەچووبوو.لەكاتی بارمتە هێناندا سوارەكانی ماڵ و مالاٚتی ئەوانیشیان هێنابوو.چونكە ئەوانیش خەڵكی بورگن بوون...بەقتیقول گومانی لەشتێكی دیكە دەكرد.ژاراسبای بەساردیەوە بەرەو ڕووی هات.دەتگوت بیٚ ئارەزوو بەزۆر وەلاٚمی سەلامەكەی داوە،پاش سەلام،وەكو پێویست بوو ئەحواڵ پرسی نەكرد،دەتوت بەقتیقول بێگانەیە،دەم ودەست لێی كەوتنە گلەیی:

- ئەها،بەقتیقول....لەئەنـــدازە و ســـــنووری خــــۆت دەرچویت!ڕاســــتییەکەی ئەمەیــــە لەبەرەکـەت زیـاتر ڕاکێشـاوە.من متمانـەم بـە تـۆ هـەبوو و هـەمووم دڵنیـاکردن کـە تـۆ خـۆت تێکـەڵ ناکـەی،وادیارە هـەتا مـن خـەریکی تـاریف و پێداهەڵـدانت بووم،تۆمنـت تێوەگلاند،ئـەم خەڵاتـە لەپاداشـتی چ گوناهێکمە؟،دەقسـەییێك بکـە بۆمـان ڕوونبکـەوە ژاراسـبای تائێسـتا بـەم شـێوەیە لەگـەڵ بەقتیقولـدا نـەکردبوو.والی بەشـێوەیەکی حـیرس بـەخۆیی و شـەرەفمەندانە ناڵـە وبێـدادی بـوو لـەداخان سـوور هەڵگـەڕابوو بـای وەکـو ئیمانـدارییێك خـۆی نیشـاندەداو سـیمای ڕاسـتی خـۆی دەشـاردەوە و داوای لەخزمـەتکاری خـۆی کردبەڕاسـتی قسـەبکا.بەقتیقول گـوێی گرتبوو حەپەسابوو،چۆن لەبەرانبەر وەلینیعمەتی خۆی گوناهکارە.

- مـیری ئـەزیز،چ کـەم وکورتییـەك لـەمن ڕوویـداوە تابـەم ڕادەیـەبتان ڕەنجێنیێ؟ئایابەڕاسـتی نـاتوانن بـەجۆرییێکی دیکـە قسـەم لەگەڵـدا بکەن؟یەکـەمجار گوناهـەکانم بۆدەست نیشـان بکـەن و پاشـان بێڕەحمانـە سـزام بـدەن بیسـتنی بوختانییێـك کـەپیاوخراپان بۆمیـان هەڵبەسـتوە ! یەکـەمجار لێی بکۆڵنەوەو رونی بکەنەوە...

- لـــەچ شــــتێك بکۆڵنەوە.کـــەباش دەزانــــیین تۆ..جگـــە لـــە تـــۆ کـــەس ئیشــــی ئەوهاناکا.هەرلەتۆدەوەشێتەوە.ڕاســـتیەکەی بڵێ.تـــۆ لـــە گونـــدی ئەوزار،لـــە ولایـــەتی بورگنـــدا ئەســـپی بـــۆرەی خـــاڵ خاخـــاڵ و ئەســـپێکی کـــەوێت و دوومایـــنـــت بـــردەوە؟والی بەگـــەف وگوڕەوەفرمانیدا:تۆبردوتە....تۆڵـــەی بەوە.بـــەقتیقۆل لەژێرچـــاوەوە تەماشـــای دەکـــردو کڕبـــوو. ڕەنگە ئەو ئەم ئەسپانەی بردبـێ... ئـەم قسـە ڕاسـتە... بـەقتیقۆلیش دەروەسـت نییـە ئـەو کـارە بکـاو لەبەرانبـەر خەڵکـدا درۆبکـا، بـەڵام والـیش نـابێ قەشمـەڕجاری بکـا — ئـەم ئەسـپانەیان بـەفرمانی ئەولـەرەوەی ئـەوزارەکان بـرد و بـۆ ئـەم قسـەش شـایەدییێکی زۆری هەیـە.بـەڵام شایەدەکانیش ماتن و سەیری بەقتیقول دەکەن.

ئایـا والی پشـتی لەسـەر کـردەی سـوارەکانی کـردوەو دەسـتی لێبەرداوە؟.نـەکراوەو نـاکرێ! شـتی وانییـە! ئـەو ئـەم قسـانە بـۆ پاراسـتنی ئـابڕوی خـۆی دەکـا...بۆ ئـەوەی لـەپێش لاییـدان تواناوهێزی خۆی بنـوێنێ..بـای باشـتر دەزانـێ چ بکاوچـی بڵـێ و ئێسـتا نـابێ هـێن و مـەهێنی لەگەڵـدا بکـرێ و سـەری لـی بشـێوینرێ. بێگومـان ئـەو ئامـانجی دوورتـرو تێکەولێکـەی ووردتری لەبەرچاوگرتوە.

بەقتیقولی دوورین وتی:

- مــن پــێش ئەمــەش حاشــام لێنــەکردووە و ئێســتاش بەهانــە نابینمــەوە، حاشــای لێناکــەم، جــەنابی والی هــەموو شــتێکمان ســەروماڵمــان هــی تۆیــە. مەگــەر مــن دەتــوانم لــە قســەی تــۆ لادەم؟ تــا کــە دادوەری مــن تــۆی و تــەنیا خــواش دادوەری تۆیــە! مــن ئەســپەکانم بــرد. هــەر چۆنێك تــۆ بەڕاســتی دەزانــی بڕیاربــدە، تــاکو زیــانی ئــەوزارەکان بەتــەواوی بدرێتــەوە ئیــدی مــن هیچ قسەیەکم نییە.

مەجلیســەکە هــەمووی دەتگــوت گیانیــان هاتەبــەر. لــە جێگــای خۆیانــەوە کەوتنــە جووڵــە و جــووڵ مقــۆ ڕیشــیان دەهێنــاو دەبــردو پێڵووەکانیــان دەترووکانــد، ســەری پەنجــەیان ڕادەوەشــاند. قســەکانی بــەقتیقولیان پەســەند دەکــرد. وەك بڵێــی گوێڕایــەڵی قســەی یــەکن ویــەکیان خــۆش دەوێ.

دیســان ژاوەژاو بــۆ مــەدح و ســەناو وردبینــی دادگــەری والی دەســتی پێکــردەوە یــەکێك لــە بارەی بەقتیقولەوە وتی:

- ئەسـپێ لـە باخەڵیـدا فەتەڕۆیـەتی[9]، بـەلاّم وەك ئاغـاو خانـان ئازایـە. دەمـرێ بـەلاّم درۆ ناکا.

یەکێکی دیکە وتی:

- ئەگــەر پیــاویش بکــوژێ، لــە ئاغــای خــۆی ناشــارێتەوە کاتێــك ئەســپی بردبــێ دەڵــێ بردومــە... ئــەم قســانە مــەدح و ســەنای والیشــی تێــدابوو، لــەم وەختــەدا بــەقتیقولیش خۆشــحاڵ بوو چونکە جێی دڵخۆشــی ئاغایــە. ئــەو هــەر لــەوە نەگەیشــت وەختــێ ســەیری دەوروبــەری خــۆی کــرد. لــە تەنیشــت ئــەوزارەکانی بۆشــکایەت هــاتبوون پیــاوێکی دوســایی دیــت... بــەقتیقول بــاوەڕی نــەدەکرد چــۆن شــتی وا دەبــێ؟ بەدرێــژایی زســتان دوژمنــی خــوێنی یــەك بــوون و ئێســتا وەك دوو جووجەڵــە بــۆ کــۆلیتی دایکیــان هــاتوون وەك باوبارانیشــیان پێــدا نــەهاتبێ دانیشــتبوون پێوەیان نەدەبینرا ناڕێکیان هەبێ و لێك ناڕازی بن.

لێــرە خۆییــەکان بــەقتیقولیان محاکەمــە دەکــرد.. هەرچــەندی ئــەو بــە دەمــی خــۆی گوناهەکــەی خســتە ئەســتۆی خــۆی و حاشــای نــەدەکرد، کەچــی هێشــتاش دەنگــی والی نــەرمتر نەبوو و ئاگری دەم و چاوی دانەمرکایەوە.

---

(١٠) ئەم قسەیە بۆکەسی هەژارو نەداربەکاردێ.

ئێستا ژاراسبای بە تووڕەیی و هات و هاوارەوە جوێنی دەداو لە کۆتایی دا گلەیی لێدەکرد:

- چیتر چاوەڕێی چاوپۆشین لەلایەن منەوە مەکە! من دەستم بەسەرتا هێنا دالّدەم دایت و لە خۆم نزیك کردیەوەو بەخۆییشم دادەنای — بۆچی؟ لەبەرخاتری کەسایەتی ! ئەگەر جارێکی دیکە یەك هەنگاو لەڕێگای ڕاست لادەی، بە پیاوی خۆمت دانانێم و بە بێگانەت دەژمێرم!.

پێش ئەوەی هەنگاوێك بهاوێ ی سێ جار لێی ورد بەوە... بەقتیقول بیری کردەوە:" ئیدی ئەمە بەسە!" بەلاّم ئەم کەڕەتەش بێدەنگ بوو.

دەتگوت دەنگی تووڕەو شەرم بەخۆیی پڕ لە ئاوازی والی، سەرنجی ئەوانیشی ڕاکێشابوو، کڕ و بێدەنگ دانیشتبوون. دەنگی وا پڕ لە جۆش و خرۆش بەهرەیێکی خواییە، پاسەوانی ڕاستی و شەڕافەت دەبێ بەتایبەتی دەنگێکی وای هەبێ.. بای ئاماژەی بۆ گەورەی ئەو رازەکان کرد:

- ئێستا ئەم پیاوە، خاوەنی ئەم مالاّتەیەکە تۆ بەتالاّنت بردوە، بەدوای تۆ دادێ، بۆ مالّی خۆتی دەبەی و بەدەستی خۆت چوار ئەسپی باشی دەدەیەی لەباتی ئەو ئەسپانەی لێت بردون، بەقتیقول بیری کردەوە:" کام ئەسپانە؟" جگە لەوانەش لەباتی ئەو زیانەی لێی کەوتووە ئەسپێکی باش و وشترێکی باشی سەر ڕابدەیە، بەم شێوە جوانە ویژدان ئارام دەبێ.

بەقتیقول دەیویست دەم بکاتەوە، بەلاّم لەجێی خۆی وشك بوو، دەتگوت کوتکێمکن بەمیزەلاکی سەرباکێشا دەوران دەور هەموو بێهەست و خوست دانیشتبوون دەتگوت لالّ بووین، هەبێ و نەبێ ئەوانیش سەریان سوڕماوە بای دەزانێ و زۆر باشیش دەزانێ بەقتیقول چ مالاّتێکی کۆکردۆتەوە، دەزانێ و فرمانی دەدا کەلە نیوەی زیاتری بدات... فرمان دەدا کەوشتریش بداتەوە.. هەڵبەتە ئەوەی ژاراسبای لە بەقتیقولی دەستێنێ پاشان دەیداتەوەو شتێکیشی سەر ڕا دەداتێ، لەمە بەدەر نابێ شتێکی دیکە هەبێ! میر لەبەرچاوی خۆییان، نەك هی غەریبان، لەدواییدا بانگی دەکاو دلّی دەداتەوە، مەڕومالاّت و قسەی خۆش پێشکەش خولاّمی ئەلّقە لە گوێی خۆی دەکاو ئاشتی دەکاتەوە تاهیچ زیانێك بە گیان و گوزەرانی ئەو نەکەوێ.. بەجوانمەردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

کـاتیێ ئـەوزارەکان و سەرسـنی ڕیـش سـپی بـۆ پشـکنین و جێبـەجێکردنی کارەکـانی والی دانرابوون — کـە بـەقتیقول سەرسـن و ئـەوزارەکانی لەگـەڵ خـۆی دەبـرد ئـەو بـیر و لێکدانەوانـەی بەمێشکدا دەهات بەلاَم رۆژێیك دوو رۆژ سێ رۆژ رابوردو والی بانگی بەقتیقولی نەکرد.

والی سـەرقاڵ بـوو زۆری کـاری گـرنگ و پـڕ سـەر یەشـەو کۆسـپ و تەگـەرە هـەبوو. بـای بـەقتیقولی لـەبیرکرد. بـۆ خـاتری دوژمنـە باوەکوشـتەکانی لـە چـرکەیەکدا دۆسـتی گیـان لەسـەر دەسـتی خـۆی نایـەژێرپێی و تـاڕادەی مـەرگ رەنجانـدی... و تـا ئاوڕیشـی لێنەدایـەوە! بۆچـی وایکرد؟.

بـەقتیقول حەپەسـابوو. قتشـە هەرچـاوی بەفرمێسـك بـوو ڕەش داگـەڕابوو. سـیەت بـەبێ ئـەوەی لـەوە تێبگـا. تەماشـایەکی پڕلێکدانـەوەیان بیبایەخانـە لـەباوکی دەڕوانـی کوڕێژگـە دەم نادەمێـك بەبیرکردنـەوەکانی خـۆی پێدەکـەنی و ئـەم کـارە بـەقتیقولی دەترسـاندو لـە پێسـتی بردەدەر.

بەقتیقول بۆ ئـەوەی پـەی بـەم کـارە ببـا گیـانی دەرچـوو بـوو، بـۆ گونـدە هاوسـێکان، بـۆلای دۆستان، بەگوندو دێهاتی ئەو ئاقـارەدا دەگـەڕا تـا ژەهـری دەردی دلّـی خۆیـان بـۆ بـاس بکـا، تـا بزانـێ دوای ئەمـە چـۆن دەتـوانێ بـژی بـەلاَم بەترسـەوە قسـەیان لەگەڵـدا دەکـرد. خـەریك بـوو ئەمـە چـۆن دەتـوانێ بـژی بـەلاَم بەترسـەوە قسـەیان لەگەڵـدا دەکـرد. خـەریك بـوو بەبیسـتنی حەکایەت و ئەفسـانەو قسـەو قسـەلۆکدا گێـژ دەبـوو، تـامردن نـاتوانرێ پـەی بەجەوهـەری ئـەوان بـبرێ، دووبـارە بـەقتیقول وەکـو ڕۆژانـی دوای مردنـی تـەکتیقولی بـرای، خـۆی وەك کەسـێك دەدیـت کـە لەکاروانـدا بـەجێماوە، لەبیابانـدا بـەجێیان هێشـتوە، ئـەوهای ڕێگـای لێ ون بـووە هـیچ چـارەو ئومێـدییێکی نییـە... دیسـان چارەنووسـێیکی ڕەش و تاریـك هەتیوانـە وەك دیوارێکی ڕەق و بێگیـان لەبەرانبەریـدا قیـت بـووەوە. هـەموو خـەڵکی و تێکـڕای دنیـا لـەودیوی دیـوارن و ئـەو وەك ئەنگوسـتێکی بـڕاو لـەم دیـوە ماوەتـەوە. وەك بـەردی بـن گـۆمی لێهـاتبووە بارمتەچـی... پـڕ جـۆش و خـرۆش هـاوین عـەیش و نـۆش و ڕابـواردن بـوو.... و پـایز، دەورانـی سەرخۆشـیان دادەهـات، هەڵبەتـە بـۆ ئـەم ورگەسـتوور و تێکسـمڕاوانە، ئاسـاییە کـە بـۆ لاوازو بێدەسەلاّتان نییە هـەروەکو لـە ڕۆژگـاری باپیرانـدا و بـاو بـوو. ڕەشـیان بەسـپی و سـپیان بـەڕەش نیشـان دەدا. بەگـە دەشـت و بیابـان نشـینەکان لـەم کـارەدا وەسـتانە، گوناهکـار ورگـی دەرپەڕانـدوەو بـەپیاو مـاقول و خانـەدان لەقەڵـەم دەدرێ و بیگونـاح بەسـووك و ڕیسـوایی لـەژێر چادری شڕو وڕدا ڕایاندەکێشنەدەرێ. ئەمانە دیمەنی ئاسایی کۆن بوون.

تــازە هەڵبــژاردن تــەواو بــووەو هــەلاّو هوریــا هــات و هــاوار و بگــرە و بــەردەی بارمتــە و بارمتەچیان لـە ولاّتـدا ڕووی لـە هـێمن بوونـەوەو خامۆشـی کردبـوو، هەرکـە هـەلاّو هوریـاییێکی دیکە لە ولاّتدا هاتە ناوەوە.

پایــەی شـکۆمەندی سـەرۆکایەتی گوێیـە درێـژەکانی جندرمـەی تیـژکرد. لـە بەڕێوەبەرایەتیـە دیوار ئەستوورەکانی شاردا بەجۆرییێکی دیکە تێیان دەنۆڕی.

- تــرس و هەڵمــەت بردنێکــی زۆر لــەناو قــەرەغیزەکان (لــەو ڕۆژگــارە قەوزاقەکانیشــیان لەگــەڵ قەرەغیزەکانــدا دەژمــارد) و هێرشــی دەســتە ســواران زۆر بــووە. گیــانی جــەنگیان بــۆ ئــازادی دەســتی پێکردبــوو نــەوەکو ئــەم نەخۆشــیە لــەو لایەتــە قەرەغیزنشــینەکاندا بەناوچــەی قــەوزاق نشــینەکاندا بلاّوبێتــەوە. ئەفســەری پۆلیســی گونــدان و ئەفســەرانی پۆلیســی شــارەکان بلاّویــان دەکردەوە:ــ قوربــان، نافــەرمانی دەکــەن! بێحورمــەتی لەگــەڵ پایــەو بڕیارەکــانی مەقاماتی سەرۆکایەتی دەکەن.

ئــەو دەنــگ و باســانەی کەوالیــەکان لــە دژی یــەکتر بــۆ لێپرســراوەکانی ســەرەوەتریان دەنووسـی، زیـاتر ئاگرەکـەی خـۆش دەکـرد، نامـەی فەرمانبـەرانی مـیری وەك سـیمای پیـاوێکی دەنوانـد کەدووچـاری ئاولــە بووبــێ. پــڕ بــوو لــە وشــەی ترســناك وەك ئــاژاوە و.. ئاژاوەنانــەوە شـۆڕش، شۆڕشـکردن، فسـق و فەسـادو دزی و دەسـت لـە ئـیش و کـار وەردان.. و لـەزاراوە و مانای بەڕێوەبەران دز هەمان شۆڕشگێرە.

لــە ڕۆژێکــی ســاردی پــایزدا فــەرمانی ســەرۆکی چــەندرمە وەك گرمەیــەك هــەموو ولاّتــی هێنانــە لــەرزان هــەموو حوکمڕانــانی ولایــەت هــەموو قــازیی گونــدان، بــۆ پرســیارو وەلاّم و ســەرکۆنە کردنێکــی تونــد. بــەزورترین کــات بــۆ شــار بــانگ کــران. سەرانســەری ئاســتان بــە نووســینەوە خــەریك بــوو. کەللــە بۆگــەن و ورگەســتوورەکان لــە پشــت مێــزی دایەرەکانــەوە بــە خۆیــان و قەڵــەمی بلــورین و مەرەکــەب وشــك کــەرەوەی مەڕمەڕیــەوە ســەخت پرژانــە ســەرکار. لەســەر بناغــەو دابــی کــۆن سیاســەتی تۆقانــدنیان گرتەبــەر.. والیــە هەڵبــژاردراوەکانیان بــە دوور خستنەوە لـە پلـەو پایـە.. سـەرۆکی تـیرەو تایەفـەکانیان بـە دوورخسـتنەوە لـە ولاّت دەترسـاند و هەڕەشـەیان لێـدەکردن و مەحرەمانـە باخەڵـە بێینـەکانی خۆیـان پـڕ لـە بـەرتیل و ڕیشـوە دەکـرد بەرێیان دەکردن و فرمانیان دەدانیێ:

- جەنابی بای عەزیز، دەبێ ناوچەی ئێوە هێمن و ئاسایش بێ !

لێپرسینەوە کارێکی زۆر شیفابەخشی لە ورگ ستوران کرد. خورشتێکی مەستانە لە ئەنجامی کۆمیس خواردنەوە لە ژێر پێستیان پەیداببوو. لە چاو چوقانێیکدا خورشتیان داکەوت تاکو نەخۆشی بێدەرمانی فیتنە ئەنگێزی کە لە تاعوون ترسناکترە، دەتگوت ڕووی لە کەمبوونەوە کرد.

سەردەستەی تاقمە دوژمن بەیەکەکان بۆ بەشداری لە کۆڕی گشتی پڕ لە چەقەچەق کە هەر لە جەژن دەچوو، گەیشتە شار بۆ خۆنیشاندان و خۆدەرخستن سەربڕینی مالآت دەست پێکرا.... ئەسپی ڕەنگاو ڕەنگی یەك لەیەك قەڵەوتریان دەکوشتەوەو بە دەنگی بڵند قورئانیان دەخوێند، ئاغاکان دەستەخڕو خەپەتۆڵەکانیان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوەو داوایان لەیەکتر دەکرد، کۆتایی بەشەڕە دەنوکێ و ناخۆشی نێوانیان بێت و پڕ بەدڵ بگەنە یەك و لەئەنجام بەسەر خوێنی قوربانییەوە لەبەرچاوی شایەتێکی بێ ئەژمار سوێندیان خوارد، کە تادنیا دنیایە بەر لە ئاژاوە نانەوەو یاخی بوونی خەڵکی بگرن، پێش لە دزی بگرن، بەڕیاییەوە خۆیان وا دەنواند کە نەئاگادارن و نە بەبیریشیان داهاتووە، کە ئەم دزی و جەردەییە کەی دەستی پێکردووە.

هەروەها ژاراسبای و ستیان لەبەرچاوی خەڵکەکە لەگەڵ یەکتر ئاشت کردەوە، سەین و بەینی ئەوان لە لایەکەوە نەبوو هەر لەبەرئەمە بەسادەیی خۆی دەنواند ڕیش سپیە دڕندەکان، درۆزنە وەستاکان بە ئاماژەییێك پەیان بەنیازی یەکێك بردو لە پێشەوە لە دڵی خۆیان بڕیاریاندا، کەوا کێ تاوان بار دەکەن، کێ دەخەنە ژێر پرسیارو وەڵامی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، ئەگەر چی ناوی یەك کەسیشیان بەسەر زماندا نەهێنا.

لە کۆنەوە ڕێ و ڕەسم واباوە: تا لە پایتەختی وڵاتدا دەمیان چەورنەکەی بە ئاسوودەیی و هێمنی لێت ناگەڕێن. بەڵام ئەمجارە ڕیشوەییێکی تایبەتیان داوادەکرد: مرۆڤ بەڕیشوە دان... هی ئەمجارە پارەو ماڵ نەبوو مەرایی و مامەحەمەیی نەبوو. مرۆڤ بوو.... مرۆڤێك بەتاوانی ڕێگری و پساندنی پەتی یاسابوو....

ژاراسبای لە شاردا ئاشنایەکی وەرگێڕی هەبوو بەناوی تۆکپایۆڤ، ژاراسبای لەگەڵ ئەودا یەك دڵ و هاوراز بوون. ئۆکپایۆڤ بۆبای وەك فریشتەیەکی نۆبەداربالی بەسەردا کێشابوو، یان ڕاستتر بڵێن، فریشتەی خۆشخەبەر بوو. لەو فریشتانەی کە هاوین و زستان بێپسانەوە کرێیان بەشێوەی کالآوپارە وەردەگرن.

ئەمەی لەسەر عەرشی ولاّت دانیشتبوو ڕۆژگارێك یارمەتی ژاراسبایدا، پارەی پێویست و ئەسکەناسێیکی زۆری لە فرسەتێکدا دایە دەست ئەو کەسەی جێی باوەڕیان بوو و (ست)یان لە زیندانی شار میوان کرد.

برادەرە وەرگێڕەکەی لە دوای هەڵبژاردن ژاراسبای بۆ شار لە ماڵی خۆی بانگ کردو بەتەنیا دانیشتن و بەزمانێکی شیرین بەبەرگوێی هەڵدا:

- مەقامی سەرۆکایەتی گەڵێ پەست بوون... ئاگادارمان دەکەن، زۆریش خەبەردارمان دەکەنەوە. کە دزو جەردەت لەپەنای خۆتدا داڵدەداوەو لە نێویشیاندا سوارە و ئەسپ دزی ناقۆلایان تێدایە، تۆکپایوۆ ئامۆژگاریکرد یەکێك لە دزە بەناوبانگ و جەربەزەکان کە چەقڵی چاوانە بداتە دەست میریەوە.

- خاڵی گرنگ ئەمەیە دەبێ ئێوە لەلای خۆتانەوە لە داگای (بای)یەکان ئەو تاوانبارە بگرن بەدەست و پێی پەتك کراوەوە لەگەڵ چەند پاسەوانێك بۆ شاری بێنن... تا ئەو کارە نموونەیەکی زۆر جوان بێ بەقتیقول ئاگای لەم سەین و بەینە نەبوو کۆنگرەی قازیەکانی ولایەتی چلکار نزیك دەبۆوە. والی هەر لەناو سێ — چوار مانگاندا جارێك کە کێشەو بێنە و بەرەبێکی زۆر سەری هەڵدەدا، ئەوانی بانگ دەکرد.

وەك عادەتی دادوەران دادوەری و پینە و پەرۆیان دەکردو والی لە دواوەیان دەیوت:

- من سزام نەدا، پیاوماقولانی تێگەیشتوو خۆیان بڕیاریان داوە.

بەلاّم دادوەران لەم کۆنگرە لەو خەیاڵەدا نەبوون بپرژێنە سەر داواکاری ئاسایی خەڵکی، بەڵکە لە خەیاڵی درێژەپێدانی بابەتێکی زۆر گرنگ دابوون کە پێویستی بەهۆش و فامییکی تایبەت هەبوو، لەبەرئەمە تا ئەم کۆنگرە دەبەسترا لەسەر ئاوو ئاگران بوون، چاوەڕوان بوون و بەپەلە والیان ناچاردەکرد. بەقتیقول لەم کەین و بەینە بێ ئاگابوو.

موسیبەت وەك پینەی کورتەك بە هەزارانەوە دەنووسا. لەو کاتەی کە بەقتیقول بەسەر گەشتەیی و ڕاکەراکە هانای بۆ هاوسێ و دەوروبەری دەبردو چارو بێچاری خۆی بۆ باس دەکردن چەند سەرێیك لەمەڕو مالاّتی قۆزی بەقەکان بزربوو، دزو دزیاری بێ سەرو شوون ون بوون. بەلاّم قۆزی بەقەکان یەکسەر بەقتیقولیان تاوانبار کرد.

ئێستاکە هیچ سەرو شوونێك دیارنییە، کەواتە بەقتیقول دزیویەتی ! لە خۆڕا نەیان وتوە: کە یەکێك کوێر دەبێ بەهەمان ڕێگا دەکەوێتەوە کەلەکاتی بینایی دیتویەتی !

دوو کەس بەدوای مالآتە بێ سەرو شوێنەکە داهاتن. هێرشیان بۆ سەرماڵی ئەوهێناو وەك سالّی پێشوو بە کون و کاژێراند گەڕان بەقتیقول لەسەرەتادا سەری سوڕمابوو: ئەم بێ ئابڕو بێشەرمانە لە ولایەتێکی بێگانەدا بەشێوەیەکی وا بە پانایی و درێژایی ماڵیدا کەوتنە گەڕان، دەتگوت لە ولایەتی خۆیاندان، ڕاستە چاوەڕێی چاکەیان لێ ناکرێ، ئەوان پیاوی قۆزی بەقانن! لەگەڵ ئەمەشدا بەقتیقول هەولیدا بەزمانێکی خۆش دەریان بکا، بەلاّم نەڕۆیشتن و وەك ئەوەی خاوەن ماڵ بن بەسەریاندا هاوارکرد: دەتەوێ ئەوەت بەسەر بێنین کە پار بەسەرت هات؟

لەشت بۆ قامچیەکانمان بەخورشت هاتوە؟

بەقتیقول هۆشی لە کەللەدا نەماو گەرم داهات کێردیێکی گەورەی ڕەشی لەبەر پشتی هەلّکێشاو:

- ئەنجن ئەنجنتان دەکەم... سەگە هارینە!

بەدیارکەوت بێگانان دلاوەری لە ڕادەبەدەر بێ وێنەن و تەنیا زمانیان درێژەو سینگیان هەمبانەی بایە هەردووکیان کەچاویان بەکێردەکەوت بە لێشاوی جوێن و قسەی ناشرین پێیان بە غارەوە ناو بۆلای ئەسپەکانیان ڕایانکرد ئەوان تاقەدەرێك لەبەرچاوی بەقتیقول لە دەوری هەواردا چەرخیان دەدا، سەر شۆڕو نامەردانە لووره لووریان دەهات. چەقەلاّن دەیانزانی کەوا هەرگیز ئەو بەدوایاندا ناچێ.

لە هەمان ڕۆژ قتشە لەتە گۆشتێکی گەورەی جوانی سەروبەرکردو قاورمەیەکی ناسك و بەتام و چێژی ئامادەکردو بەخۆی دیاریە جوانەکەی کە بۆماڵی ژاراسبای دروست کردبوو، بەرەو گوند ملی ڕێی گرت. بەلاّم ئاغەژن بەدیتنی قتشە چاو و برۆ ڕەشە بەکل ڕێژتوەکانی مۆن و گرژکردەوە و سەیری قاورمەی گۆڕینی نەکرد قتشە بەخانم گیان خانم گیان سەری لە دوانابوو بانگی دەکرد، بەلاّم ئەو هەر لێوی هەلّدەقرچاندو بەزەردەخەنەوە لاقرتێی پێدەکرد، کیژۆڵە کارەکەرو ژنە خزمەتکارەکانیش وێنەیان لە خانمیان هەلّگرتبووەوەو گاڵتەیان بە قتشە دەکرد، بێشەرمانە بە قسەکانی پێدەکەنین، بەتیزەوە بەڕوویدا تریقانەوە. قتشە لە فرسەتێکی باش هەلی بینی و لە خزمەت ژاراسبای لە بارەی سیەتەوە، بەئاغەژنی گوت:

- کوڕێژگە نەفامەکەم حەز لە خوێندن دەکاو دڵی هەر لەلای مەلایە. خەو خۆراکی لێ تاڵ کردوم و هەر دەیلێ و دەیلێتەوە:

وا زستان هات، کەینی بۆ کن مەلام دەنێرن؟.. نازانم چ وەلاّمێکی بدەمەوە.

بـەلاّم ئاغـاو ئاغـەژن هـەر ئاوڕیشـیان لێنـەداوەو لـەبزیان نـەبزوفت... دەتگـوت قتشـە هـەر لە مالّی ئەوانیشدا نەبوو. قتشـە بەپەرێشـانی بـەبێ ئـۆقرە بـۆ کاولـە ئاشـەکەی خـۆی گـەڕاوە... ئـەو وەختـە بـەقتیقولیش بـۆ لای والی چـوو و ئـەویش بـەخێرایی و کـش و مـات گەڕایـەوە. لـە گونـدی والی بـەژێر چـاوەوە سـەیریان دەکـردو بـە سـوکیەوە قسـەیان لەگەلّـدا دەکـرد. بـە ئەنگوست دەستنیشانیان دەکرد، بێخوایانە لە دوایەوە پسکەپسکیان دەکرد.

- سە-ر-کەش.....

دوا سـەرکردەی سـوارەو خۆشەویسـتی لەبـەردلاّنی بـای... دە ڕۆژی دیکـەش دوور لـە هـەموو کـەس خـۆی خزانـدە مالّـەوە و لـە مـالّ نەدەهاتـە دەرەوە و لـەهیچ شـوێنێك دیارنەدەکـەوت و بێهـوودە سـەری نـابووە سـەر بیرکردنـەوەو لێکدانـەوە. چـی ڕوویـداوەو دەبـێ ئیتر چـی ڕووبـدا. وەك بەندییـەك دەژیـاو تـەنیا بەڕێکـەوت لـە ڕێبـوارێکی غەریبـە گـوێ بیسـت بـوو ئێسـتا سـێ ڕۆژە کـۆنگرەی دادوەران لـە چـلکار بەسـتراوە خـەلّکی دەیـانگوت دادوەر لـە ڕادەبەدەر دلّڕەق و بـەدخوەکان گربوونەتـەوە لـە دادوەریـدا سـەخت و بـێ بـەزەیی و بـێ چاوپۆشـی گونـاه کـارێیکی زۆر سـزادەدەن گوایـا لیسـتەی ڕەشـیان ئامـادەکردوەو نـاوی بیسـت کەسـیان تێـدا نووسـیوەو ئەوانـەیان بـە دزو جـەردە دانـاوە، هـیچ کەسـێك نـازانێ نـاوی چ کەسـانێك لـەم لیستەیەدا نووسـراوە بـەلاّم ئاشـکرایە کـە ئـەم بێچـارە مـالّ وێرانـە بـەبێ یـەك و دوو لـە زینـدان دەپەستن دیار نەبوو قتشـە لـە کـوێی بیسـتبوو کـەناوی یـەکێك لەوانـە (یادگـارە) و بـەقتیقول لـە گێـژاوی هەسـتێکدا کەسـالّێکی تـەواو دەبـوو بەدلّیـدا نـەهاتبوو، دلّـی کەوتـە لـەرزە، یادگـار، سوارەی لاو، هاوین، کاتی بارمتە هێنان دەستەوڕاستی سەرکردەبوو. بەقتیقول بەخۆی وت:

- ئیبلیس دەزانێ سێرە لە کێ بگرێ و گوللە بەکێوەبنێ نۆرەی منیش دادێ.

لـەم ڕۆژانـەدا زەردەخەنەشـی بەسـەر لێوانـدا نـەدەهات. بگـرە زادی نـەدەبڕی خـەو نەدەچـووە چـاوانی قسـەی لەگـەلّ هـیچ کەسـێکدا نـەدەکرد، کلاّوەتوکنەکـەی تاسـەر بڕۆکـانی داگرتبـووە خـوارەوە، لەسـەر کۆنـە لبـادێکی و نجڕونجـڕ ڕاکشـابوو وەك دەسـت و پێیـان بەسـتبێتەوە جوولّـەی نـەدەکردو وا دیـاربوو لەبەرچـاوە تاریکـەکانی هـەموو دنیـا سـەرەوبن بـووە، بەڕاکشـاویەوە چـاوەڕێ بـوو کـەی بـە دوایـدا دەنێـرن و بەدوایانـدا نـارد، زەلاّمێـك بـەخۆی و هەگبەیـەکی پۆستەیی بەشانەوە هات و ئەوی لەگەلّ خۆیدا برد.

لـەبن چـادرێکی هەشـت تـەنافی پـاك و خـاوێن، گەسـك درابـوو و هەلّبـژێرابوو و زۆر بـەجوانی ڕازێنرابـۆوەو ورگـە سـتوورە تێکسـمڕاوەکان لەسـەر دۆشـەگ و بـالیفی پـەرمووچ

ڕاکشـــابوون و کۆببوونـــەوە. شـــەو و ڕۆژ گۆشـــتیان دڵـــەدەرد دەکـــرد لـــەتێریان وڕببـــوون بـــەلادا دەهاتن دەیـانخوارد و دادوەریـان دەکـرد... و زیـاتر بـە سـەگی ئـەو دێهاتیانـە دەچـوون کـە مـەڕو ماڵاتیان قڕی تێکـەوتوەو خـوێن بـەری چـاوی گرتـوون، باڵیـان تیـژبووە وەك سـەگی هـار کلکیـان لەناو لـنگ دا کردۆتـەوە. لاشـەیان خـواردوەو تـاو بـۆ خـەڵکی دەهێـنن. بـەقتیقول وەك کەسـێك لە نەخۆشیەکی سەخت و تولانی تازە ڕاست بوویێتەوە هەنگاوی دەنا.

چووەبن چـادرەکە و لەسـەرخۆ سـەلامی کـردو لـە تەنیشـت دەرگـاوە ڕاوەسـتا، هـیچ یـەکێك نەریش سـپی و ڕووگـرژ و نەسەرسـنی بـە نوزەنـوز بـە خـەمخواری و هـاودەردی سـەیریان نـەکرد.. دادوەران ڕوویان وەرگێراو وەك بڵێی ئاگایان لە وەلاّمی ئەو نەبوو.

بـەلاّم کاسەلێسـان بـە پێچـەوانەوە، چـاوەکانیان وەك ماسـی تـەنکاو دەرپەڕانـدبوو زەق زەق سـەیری ئـەویان دەکـرد و سـەریان لەوەسـوڕمابوو کـەدەوێری سـەلامیان لێبکـا. لـەو نـاوە کـەس نەبوو کە لە ساغ و سەلامەتی ماڵ و منداڵ و حاڵ و باڵی ئەو بپرسێ.

بـەقتیقول بـە زەردەخەنەیـەکی تیزاویـەوە لـەخۆی پرسـی:" باشـە ئـیتر ئێسـتا تـۆ هەسـت دەکـەی کـە مەسـەلەکە چـۆن بکەوێتـەوە؟ لـەناکاو بەپێچـەوانەی ئـەوەی خـۆی چـاوەڕێی دەکـرد هەناسـەیەکی ڕەحـەتی هەڵکێشـا... دەتگـوت ڕووناکییـەکی کەوتـە دڵـەوەو مێشـکی سـاف بـووە.. ئـەم داوایـە کـارێکی ئاسـاییە ڕوون و ئاشـکرا لەسـەر رووی زەویـدا دادو ویـژدان نـەبووەو ناشبێ شتێکی زۆر ئاساییە.

بـەقتیقول بـەخۆی دەگـوت، مـن دەفتـەرم پاکـە گونـاهم نییـە ئەگـەر مـن دزبم.. ئێـوە سـێ جـاران دزن، تۆمـەت خسـتنە پاڵـە مـن، موحاکمـە کردنـی مـن لـە دەسـەڵاتی ئێوەدانییـە خـوا خۆی شایەتی حاڵی منە."

وەك ئـەوەبوو لـە خـۆی بکوڵێتـەوە حیکایـەتی خـۆی بـۆ خـۆی دەکـرد، لـەم سـەروبەندانە دادوەران دەستیان بەدادوەری خۆیان کرد.

قسـەی لەسـەر نییـە کـە دەم بەسـکالاکان قـۆزی بـەق بـوون. دادوەران بـەرێزلێنان و وردی یـەوە گوێیـان بـۆ سـەرۆکی قـۆزی بەقـەکان شـل کـرد. پاشـان بـەزەوق و سـەلیقەوە قـۆرگ خۆشـکەرەیان کـردو نێوچـەوانیان گـرژ کـردو پێکـەوە دەسـتیان دایـە تاوانبـار کـردن بـەلاّم هەرچـەندی بینـەو بـەرەو جـەنگ و جـەدەلیان کـرد... بـەقتیقول سـەری شـۆڕنەکرد وەکـو جـاران حاشـای لێنـەکرد و بـەزوبانێکی جـوان و ڕەوان وەلامـی قـازی یەکـەم و، قـازی دووەم هـی سێیەمیشی دایەوە:

- ئـەم شـاردۆتەوە نایشـارمەوە، کـە مـەڕومالاّت و ڕەوە ئەسـپی قـۆزی بەقـەکانم بـەتالاّن بردووە.

- بۆ دەتبرد؟

- بۆ دەتبرد؟

- لەبەرئەوەی، سەردەستەی سوارانی ئێوە بووم!

دادوەرانـی چـلکار بۆدەمێـك کورکـەیان لـە خـۆبڕی بۆڵـەبۆلیکیان کـرد، کڕوکـپ تەماشـای یەکتریان دەکرد.

دادوەری قـۆزی بەقـەکان، زەلامێکـی کورتەنبـەی قەڵـەوە. سمێڵێکـی زەقـی ڕاسـتەی ڕاسـتی وەك سوژنی پێوەبوو، بە دەنگیانەوە هات و لەتێریان قاقا پێکەنی و هاواریکرد:

- ئـای لەگـەڵ چ سەردەسـتەیەکی چ سەردەسـتەیەکی نـەفوراتنان هەیـە! ئـەم سەردەسـتە بێنەوایـەی ئێـوە چ کەسـێك مـاوە خزمـەتی نـەکردبێ؟ وا دیاردەکـەوی کـە وەك ولاغـی بـەرزە لەلای ئێوە پشتی گرتوە، سەیری؟

چـلکاریەکان بـە جووڵـە جـووڵ کـەوتن، بـەدەم زەردەخەنـەی گاڵتـە ئـامێزەوە لێـوە وشکەلاتوەکانیان دەلێستەوە.

- زانینـی ئـەم داواکاریـە سـەرنج ڕاکێشـەرە، تـۆ لەگـەڵ ئـەورازەکان چ وردە حیسـابێکی حیزبیتان لە نێوانـدا هەیـە؟ ڕەنگـە تـۆ لـە کۆڕێـك یـان کۆبونەوەیـەکی نـاو خـەڵك دا گفتوگـۆت لەگـەڵ کردونـە، بەلایـەنگری کردنـی ولایـەتی چـلکار هەڵسـاوی و لـە ڕێگـای سـوود و بەرژەوەنـدی خـەڵك وەك چـیا زەق بوویتـەوە؟ مـن شـتێکی لـەم بابەتـەم لەبیرنییـە، لوتـف بفـەرموو بـەبیرمان بهێنییـەوە! دادوەرەکـان پێکـەنین، سـکی خۆیـان گـرت و کەوتنـە سـەر تیرەقەی پشت.

- تـۆ بڵـێ بـەچ هـەقێك پێـنج سـەر ئەسـپت لـەڕەوەی قـۆزی بەقـەکان بـردووە؟ ئـازیزم ئـەم خاڵەمان بیێنەوە بیر.. پێنج سەر ئەسپ.

بەقتیقول بەسـەر سـامی و تالێـەوە سـەیری ئـەم لاو ئـەولایکرد ئـەم خەڵکـە بـەچ پێدەکـەنن؟ لەسەرەتادا بەڕاستی هەولێدا بـەبیرخۆی بهێنیتـەوە، کـە مەبەسـت لـە کـام پێـنج ئەسـپە. پاشـان خۆیشی بە خۆشـحاڵی سـەیری دادوەرەکـان دەکـرد و زەردەخەنەیـەکی بـە گاڵتـەی هاتـە سـەرلێو، ئـەوان هەمیشـە خۆشـحاڵن هـەموویان خۆشـحاڵن. هـەم خۆییـەکان و هـەم غەریبـەکان. هـەم سکالاکەرو هەم دادوەران.

بەقتیقول بەدەنگێکی گیراوەوە وتی:
_من پێنج ئەسپ ودووبارە پێنج ئەسپم بردوە...مەگەر ئێوە نازانن کەچەندم بردوە!
باشە،ئاسـاییە کـەمن لایـەنگیری ولاتەکـەم کـردوەو درێغـیم بـەگیانی خـۆم نـەکردوەو بـیرم لەخۆم
نەکردۆتـــــەوە لـــــەپێناوی ئێـــــوەدا دەجـــــەنگام و چەرمەســـــەریم دەکێشا،ســـــەرم دەبەخشی،لەپێناوی
ئاغا،لەبەرخاتری ورگی ئەو...
دادوەران بەجارێك هاتنەجۆش،کردیانە ژاوەژاوو ماوەیان نەدەدا قسەکەی تەواوبکا....
_سەیری ئەمەکەن،چ درۆو دەلەسەیەك دەخولقێنیَ،بەندوبالۆرە بۆکویَ دەباتەوە.
_دەجەنگام!..عەجەب بێشەرمێکە..ئەم قسانە لەکویَ فێربووی؟
- دەجەنگام_دەمدزی! ئەم قسانە بۆئەویەك مانای هەیە.
- خۆی وتی: دووجارپێنج ئەسپ...
بەقتیقول لەسەر خۆوبە ئۆقرەوە وتی:
- ئەی خەلَکی بەرێز نازانم چیتان لەمن دەویَ؟
گەورەی دادوەران بەلوت بەرزیەوە وەلاَمی دایەوە.
- بەتۆمـــەتی تاوانـــەکانت موحاکەمـــەت دەکـــەین! ڕوخســـەت بـــە تـــۆ نـــادەین قســـەی قۆڕبکەی.
دوای رەزا بـــوون لـــەوەی کـــەوتبووی،قڕەرقڕێکی زۆری کـــردو لەگـــەل خـــۆ بـــەزال زانینێکـــەوە دەستێکی بەریشە سپیە دریژەکەی خۆیدا هێناو بەردەوام بوون:

نەبادا جورئەت بکەی قسەی
لەخۆت گەورەتر و لەعەقل وهۆشت بەدەرترت بەسەر زار دابیَ.
ئەوان کەفرمانبەرن،ئەوانەی کەخوداوەند فرمانی پێداون بەپێی بیرو بۆچونی بەرز،
کــە تــۆ نــاتوانی تێیــان بگــەی،کاری خۆیــان سەروبەردەکەن.سەردەســتەی ولایــەتی ئێمــە ماوەیــەکی گــەلێَ زۆرە،خــۆی لــەدزینی ئــەم پێــنج ئەسپەوشــتەکان پــاك کردۆتــەوە!من گــوتم :لەمێــژە خــۆی پــاك کردۆتــەوەو ڕووی خــۆی ســپی کردۆتــەوە! پــاش پــاك کردنــەوەی خــۆی داواکاری گشتی لەسەر

ڕێ وشونێکی ڕاست ڕێگای گرتۆتەبەر.
ئێستاکە پرسیارت لێدەکەن وەڵامیان بدەوەو سزای گوناهی خۆببینە.
بەقتیقول نائومێدانە پرسی:
_ئاخرگوناهی من چییە؟خۆبۆخۆم نەدزیوە،لەسەر حسابی ماڵی دزیاری دەوڵەمەند نەبووم
چارم ناچار بووەو بەکەیفی خۆم نەبووە،بەدەستوورو فرمانی ئەوان دزیم دەکرد وادیارە گوناهم ئەوەیەکەهەرچیەکیان پێ فەرمووم ئەنجامم داوە؟ ئەدی وانییە؟.
دادوەری قۆزی بەقەکان چاوەقەیمەکانی لەقەپێلك دەرپەڕاندبوو و پرسی:
- باشە...وکێ فرمانی وەهای پێدەدای کە ماڵی خەڵکی بدزی؟بەقتیقول سەری لەبەر خوێنا.
ئەو دوودڵ بوو.بەتەماشاکردنی ئەم خەڵکە،بیستنی قسەکانیان،وەڵامدانەوەیان شەرمی لەلانەما
- بۆ بێدەنگی؟بوختان کەر...
بەقتیقول بەدەنگێکی خەمناکەوە وتی:
- باشتربوو ئەوان خۆیان بیڵێن نەدەبوایە زۆریان بەدوادا گەڕابان.بادوورنەرۆین...
ئەوان لێرە لەسەر مەجلیسەکە دانیشتوون:بەقتیقول پەنجەی بۆ سەرسن و قوقیش درێژکرد
کەتازە بەخۆیان ودەست وقامچی پڕ نەخش و نیگارەوە هاتبوونە ژێر ڕەشەماڵەکەو وتی:
هەرچەندە من وەك پلەوپایە لەڕیزی ئەواندا نیم،بەلاَم حەزم دەکرد بزانم،
ئەوان چۆن ئۆباڵی دزینی ئەو پێنج ئەسپ و تێکرای شتەکانی دیکە لەئەستۆی خۆیان لادەبەن و...بیرڕای پایەی بەرزتان لەم بارەوە چییە؟
دادەران بەتوڕەییەکی پەنهانە روگرژیەوە سەیری یەکیان کرد.پسکەپسکێکی پڕ لە گومان و گاڵتە و ئێرەیی لەنێوان کاسەلێسان کەوتەوە ڕووتەڵەیەك بەچاونە ترسانێکی بیغایەت و زۆردانایانە لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتان ڕەفتاردەکا.یەخسیرە داوای ڕاستی دەکا!
لەبەر ئەمە وابەسووك و ئاسانی لە مەیدانی شەڕناچێتەدەرەوە.

سەرسن بەفیزو نێوچەوان گرژییەکەوە بێدەنگ بوو قوقیشە ڕەشی تێکسمڕاوکەهەرلەگامێش دەرچوو،یاری بە قامچییەکەی دەکردو بەمرچ و مۆنی زەردەخەنەی دەهاتێ قوقیش وتی، باشە لەبیرت بێ، ناخۆشی نێوان سەردەستەکان شتێکەو دزی شتێکی دیکەیە! ئێمە بەرامبەر شتێك بەرپرسیارین و تۆ، عەزیزی من، بەرانبەر شتێکی تر! سەری داوەکە ون مەکە... پاشان سەری کەلافەکەت بۆ نادۆزرێتەوە ! بەقتیقول بیری کردەوە (قوقیش ئەم قسانە دەکا؟.....) قوقیش بەپەلە درێژەی پێدا:

ئەی دادوەران! ئەگەر جڵەوی ئەوەنەگرن،نەك هەر ئێمە،بەڵکو دەکەسی دیکەش تاکو ژاراسباش لەپیسی وگلاوی خۆی وەردەدا. والی منی بۆ ئێرە ناردوە کە بەزوترین کات ئەم داواکاریەتان پێبگەیەنم.

گوێ بگرن بزانن والی چی فەرموو:کاروباری هەڵبژاردن هیچ پەیوەندیەکی بەم مەسەلەوەنییە.دزێك بەرانبەری ئێوە وەستاوە!...لەسەر دزی و چەپەڵی کە ئەو خۆیشی دانی بەم ڕاستییە داهێنا !حوکمی بدەن.

بەقتیقول دەستە پڕ ئەزموون و قورسەکانی بە عادزیەوە بە خۆدا شۆڕکردەوەو بە سادەییەکی مندالانە پرسی:

– من دزم؟ ئەمە... میر وتی؟ بەلام گوێی لە وەرامێك نەبوو، لەگەڵ تێکڕای ئەم شتانەی کە لەبەر چاویدا ڕووی دا، هێشتاش لە ناخی دڵیەوە چاوەڕێ بوو، لە دوا دەقە قسەی میر تەنیا یەك وشە لە دەمی میرەوە دەیتوانی ئەو لەو بەدبەختییە ڕزگار بکا.( من زامنی ئەم ئاخرشەڕە دەدەم!) بەس بوو، والی ئەمەندە قسەی بەسەر زماندا بێت لەمە زیاتر هیچ شتێکی دیکەی پێویست نەبوو. بەقتیقول تامردن ئەم قسانەی بەسەر زماندا بێت لەمە زیاتر هیچ شتێکی دیکەی پێویست نەبوو. بەقتیقول تامردن ئەم قسانەی لە بیر نەدەکرد. هەتاکو ئەگەر دادوەرەکان زاڵمانە حوکمیان لەسەر بدابایە. بەقتیقول ئەم قسانەی لەگەڵ خۆیدا دەبردە گۆڕەوە.(من زامنی ئەم چارە ڕەشە دەکەم..).

– بەقتیقول بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ ئەنگوستە زبرەکانی بەسەرجێ برینەکانی سەر گۆنای خۆی داهێنا شوون برینی قاش قاش و ئاوسا و وەك شوێنی داغ — یادگاری دوا پێکدادانی لەگەڵ سەلمەنییەکان بوو. ئیمڕۆ لەم جۆرە برینانەی کە هەرگیز لەبیرناچنەوە لە دڵی بەقتیقولدا سەری هەڵداو خوێنی لێدەچکا.

مەگـەر ئـەم دڵـە هـەتیوو بێکەسـە نـازانێ کـە دڵ ڕەقـی تـا ڕادەیـەك و غـەداری و پـەیمان شکێنێ تا چ سنوورێك دەبێ؟ دەبێ نەزانی!.. بەقتیقول وتی:

- باشـە، ئەگـەر قـوقیش درۆی نـەکردوەو ئـەم قسـە قسـەی مـیرە، کەواتـە مـن دەمـم دەبەسـتم وەك مـردو بێـدەنگ دەبم. کـەیفی خۆتانـە. قـاش و گۆلەدەسـت ئێوەیـە ژیـانم نـابوت کـەن، چـونکە لـە ژیـانی سـەگ خـراپترە، بـوون و نـەبوونی هـەروەکو مـن نرخێکـی نییـە! لـە کۆتـایی گفتوگۆیەکـەدا قسـەیەکی دیکـەش هەیـە، ئـاخر مـن بـاوەڕم بـە ئێـوە هـەبوو بـاوەڕم هـەبوو! زۆر باشـە، بـاوابێ... دەسـتتان خـۆش ! هـەقی خۆمـە هەرچـیم بەسـەربێ بـەقتیقول قسەکەی تەواو نەکرد. سەری لەبەر خۆی ناو ڕەبیێ بوو لە چادرەکە چووە دەرێ.

وەك کـوێر بـەرێگادا دەڕۆیشـت لێوەکـانی خـۆی دەگـەزی تـاکو وەك سـەگ لـوورەی لێـوە نەیـە، لـەوێ والی دیـت ژاراسـبای و چـار زەلامـی دیکـە، جلوبـەرگی گرانبـەهایان لەبـەردابوو وردە وردە بـەرێگادا دەڕۆیشـتن و ڕێگایـان لێبڕیبـوو بـە خۆنـازین و بـەدەم قسـەکردنەوە تێپـەڕین.. ژاراسـبای گـوێی بەسـەلامی بـەقتیقول نـەدا. تاسەریشـی بـۆ نەلەقانـد! ئیـدی ئەمـە خدوو پیسی بوو.. ئەمەی دیکەی بێشەرمی بوو!..

بەقتیقول بۆ یەکەمین جار سەیری پشتی ژاراسبای کردو ددانەکانی لە جیڕەوە برد.

ڕاسـپێردرا و هـات و بـانگی کـرد تـا گـوێ لـە دادنامـەی بگـرێ. بـەقتیقول بـەدوای ڕاسـپاردراوەکەدا ڕۆیشـت دادوەران حوکمیـان لەسـەردا کەبەرانبـەر پێـنج ئەسـپەکەی گـۆڕین. بـەپێی یاسـا پێـنج ئەسـپ لـە تۆڵەبـداو. سـەرەڕای ئەمـە بـە تـاوانی دزی سـێ سـاڵ زینـدانی بکرێ.

## (٨)

دوو سـواری چـاپووك تاوانبـار کراویـان هێنـادەرەوە. لـە بیابانـدا شـوێنی وانـەبوو و پەنجـەرەی شیشە ڕایـەڵی تێـدابێ، عـادەت نـەبوو زەلام حـەپس بکـەن. لەبەرئەمـە پـێش ئـەوەی تاوانبـاران ڕەوانـەی شـاربکەن. بـۆ دڵنیـایی لـەوەی کـە تاوانبـار ڕاناکـا پێیـەکانیان بـە کـۆت و زنجیرێـك دەبەستەوە کە هەر پێوەندێکی قفڵێکی گەورەو سەنگینی پێوە بوو.

لەسـەرەتادا بـەقتیقول وا دەستەپاچـە ببـوو بـۆ خۆشـی نەیـدەزانی بـۆ کـوێیی دەبـەن سـەیری سـوارەکانی دەکـردو بـەم گێـژوو وڕیـە بـیری لێـدەکردەوە. چ بێهـزن... سـەیرە چ پووخـە زەلامێکی مەڕەمردون...

یەکێك لە سوارەکان وتی: لێرە بوەستە. ئەویدیکە ڕۆیشت و زنجیرە ژەنگاویە سورهەڵگەڕاوەکانی هێناو سەیری پێیەکانی بەقتیقولی دەکردو زنجیرەکانی لەناو دەستاندا دەسووڕاند ئەو ساکە بەقتیقول نەفریناوی پالێکی وای پێوەنا بەزەحمەت توانی خۆی لەسەر پێیان بگرێتەوەو کۆت و زنجیر لە دەستی بەربۆوەو زرنکە زرنگی دەم بە سکالاّیان لێ بەرزبووەوە. سوارەکەی دیکە بە چوست و چالاکی گیسکۆڵە ئاسا، بۆلای برادەرەکەی ڕاپەڕی.

بەقتیقول بەرەو ئەسپەکەی چوو و خۆی هەڵدایە سەر زین و بەچوار ناڵە لەسەرەخۆ بە نێوان چادرەکاندا ڕۆیشت و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:" ماڵئاوایی لە هەموو شتێك دەکەم..." سوارەکان چەکدار نەبوون و مەگەر دەتوانرا بەکەمتەرخەمیان لەقەڵەم بدەن. کاتێ بارمتەچی بەناوو دەنگ لە دەستیان هەڵاّت و سواری ئەسپ بوو. دوورکەوتەوە ئەوان دادو هاواریان لێ بەرزبووەوە:

- ئەها... ئەهای؟ بۆ کوێ دەچی؟ بیگرن بیگرن هەلاّت.. بیگرن ڕۆیشت!..

دەستگیرکردنی قەوزاق لە بیابانـدا وەك ئەوەیە بەدوای بادابگەڕێی تاکو سوارەکان بەدادو فیغانەوە خەریك بوون، ئەو لە دیوی ئەو گردە ئاوابوو کە دێیەکەی لە دامەنـدابوو و بۆ دیوەکەی دیکە شۆڕ بووەوە.. لەو ئاقارە دوورکەوتەوە؟ بە قووڵایی دۆڵێکی بەردەلان و پڕ پێچ و پەنادا چوە خوارێ.. لە ملە چیاکاندا وون بوو.

ئایا دیسان دەتوانرێ ئەو کەسانە تاوانبارکەن کە بە تاقیبی داچوو بوون بڵێین بۆچی شوون پێیان ونکردوە؟ خۆ مرۆڤ سەگ نییە.. والی بێ سوود تووڕە دەبوو، دادوەران لەبەلاش جوێنیان دەداو گەفیان لەو کەمتەرخەمانە دەکرد کە تاوانباریان لە دەست هەلاّتبوو، هەڕەشەیان لێدەکردن کە دەیاندەنە دەست جندرمە. دڕندەی سوور ڕۆیشت. بەناچاری بۆ باوەشی ئەو ژیانە ڕۆیشت کە هەمیشە لە دەستیدا هەڵدەهات و لێی دووردەکەوتەوە، گەڕانەوەیشی نییە.. ڕۆیشت.

بەقتیقول لە هیچ جێگایەکدا نەوەستاو یەکسەر بەرەو ماڵەوە لێیخوڕی و قتشە بەبێ قسە تێگەیشت چی ڕوویداوە دەمودەست بەبێ فنگەفنگ. لشمەلشم دەستیکرد ئامادەکردنی جلوبەرگی گەرم بۆ بەقتیقول.

بەقتیقول بەخێرایی ئەسپێکی شێی زین کرد، لێرە بە دواوە ئەم ئەسپە دەبێتە تاکە دۆستی خۆشەویستی تفەنگە چەخماخیە پڕ گوللەکەی لەشان کرد، ئەو دەمانچەیەی کە

هـاوین هەڵیـدەگرت خسـتیە بەرکەمەریـەوە. چـونکە ئـیتر وەزعەکـە گاڵتـەی لەگەڵـدا نـەدەکرا.. چووە ناو بەردە ڕەشـەکانی ئـەو دەوروبـەرە، لەوێـدا دوا مـەڕی خـۆی سـەربڕی. بـەخێرایی کـەوڵی کـردو نیـوەی گۆشـتەکەی بۆمـاڵ و منداڵەکـەی بەجێهێشـت و نیوەکـەی دیکەشـی بۆخـۆی لـە کیسەی ئاخنی.

پـاش نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە. لـە تـاریکی ئێـوارەدا قتشـە ئـاردە هـەرزنی بـۆ هێنـاو ئـەویش گۆشـتەکەی دایـە قتشـە و سـەرەڕای ئـەو جڵـەوی ئەسـپێکی کـەحێلی قەڵەویشـی بەدەسـتەوە گرت. مـاڵ ئاواییەکـەیان کـورت بـوو. بـەقتیقول مـاڵ و خێزانەکـەی بـە خواسـپاردو بـە قتشـەی نەگوت کەینی دێتەوە و لەژێر بـاڵی ڕەشـی شـەودا ونبـوو. قتشـە لێـڕەش نـەگریا تـەنیا بـە لێـوە وشکەکانی بەسەختی ئەم قسانەی بەدەمدا داهات:

- ئـەی ژاراسـبای زۆڵ و دوو ڕوو! خوایـە ژنـی تـۆش بـۆ ئـەم شـوێنەت بەرێکاکـە پیاوەکـەی من سەری بۆ هـەڵگرت. خوایـە ئـەوەی بەسـەر مـن و منـداڵم داهـات بەسـەر تـۆوو منداڵـەکانت دابێ... باوەڕێکی تەواوی بەمە بـوو کـە ئـەم تەڵەکـەبازە خوێڕیـە نامـەردە لـە چـنگی ئـەم تـوك و نزایـە ڕزگـاری نـابێ. سـەیرێکی ئاسمـانی تاریـك و بـێ ئەسـتێرەی کـردو ناڵاێـەوەو سـنگ و مەمکی بەرانبەر ئاسمـان کـردەوە. لـە هـەمان شـەودا پیاوەکـانی والی ڕژانـە مـاڵی بەقتیقولـەوە. والی هـیچ سەروسـوراغێکی لـە قتشـە چـنگ نەکـەوت. قتشـە بـە زەردەخەنـەکی دەسـتکردەوە وتی:

- بـەیانی بـۆلای ئێـوە هـات. مەگـەر شـتێك ڕوویـداوە؟ بـەلاّم چـاوەکانی لـە نـاو ڕق و سەرکەشـیدا دەدەروشـانەوە.. دوو هەفتـە ڕابـوورد ژاراسـبای کێچـی کـەوتبووە کەوڵـەوە لـە ئەرزو ئاسمان بە دوایدا دەگەڕا. بەدەردی کابرا گوتەنی ژاراسبای بەچرا لێی دەگەڕا.

دەسـوار شـەو و ڕۆژ بێدابـەزین بـە هـەموو چیاکاندا لـە ڕۆژهەلاّتـەوە بـۆ ڕۆژئـاواو لەسـەر و بۆخـوارو دەگـەڕان. دەیـانزانی لـە بـورگن و چـلکار نـاتوانن بـە ئاسـانی بـەقتیقول بدۆزنـەوەو نـاگیری ئـەو بـە ئاسـانی دەسـتگیرنابێ. لەبەرئەمـە ژاراسـبای هەوڵیـدا بەتەڵـەی برسـیەتی بیگرێ.

پیـاوانی والی بەنۆبـە خۆیـان و ئەسـپەکانیان دەگـۆڕان ئیشـك گریـان دەکـرد لـەناو دۆڵ و چیاکان لـە گونـد و هـەواران بـە دوای بـەقتیقولی ئەشـقیادا دەگـەڕان. هـەموو شـوێنێکیان بـە بۆسـەووقەڕاوڵ چـنیبوو تاپشـوێکی رەحـەت بـە ئەشـقیا نـەدەن و ئەسـپی بیڕەتێـنن و شـەکەتی بکەن. خۆیشـی لـە دەسـت سـۆراغ و بەدواگەڕانـدا دفکـی داوە. هەتڕەشـی چـووە. تـا بـەم شـێوە

دەستگیری کەن ڕاوچییە بەناوبانگەکانی کە کون و کاژێری شاخ و داخیان یەك یەك پێدەزانی. ئەو نەفوراتە ناقولاَیانەی کەوا لە تاریکی شەودا شتیان دەبینی و دەیانتوانی بەبەرچاوی مەڕی ترسنۆکدا بڕۆن بەبێ ئەوەی بهێڵن بترسێ. ئەمجۆرە زەلامانە بەدوای بەقتیقولدا دەگەڕان.

بەقتیقول وەك دووکەڵ کە لە تاریکیدا نابینرێ، لە چنگیان هەڵدەهات، بەلاَم زۆری لەلا دژوار بوو.

تارمایی سەرسوڕهێنەری زیندان. تارمایی بێ چاو و گوێی بەددانە بەردینە بێ سەرو بنەکانی. وەك ئەهریمەن پێ بە پێ هەنگاو بە هەنگاو بەدوایدا دەگەڕان. بەقتیقول سەیری دواوەی کردو دەستی نزاو پاڕانەوەی بۆ خوا پان کردەوە:

- خوایە ڕەحم پێبکە... لە هانام وەرە!

دوژمن وەك پیرە ژنی دلّڕەقی جادووکەری ناو حەکایەتان کە سواری وشترێکی خۆشڕەو بووە بەدوای (قولامرگن) ی ڕاوچی بەناوبانگدا دەگەڕا، بەوپەڕی سەر سەختی و تینوەتی بەدوایەوە بوو. جارێکیان ئەشقیا لەخەویدا دەیدیت کە ئاگری جەنگەڵ وەك دیوارێکی یەك پارچە سۆراغی دەکاو یان سێلاَوی گرشەو هەڵچوو شین و تاریکەکانی ووردە ووردە بەدوایدا دەهاتن، لەناو شەلاّلی ئارەقە یان بەدەم لەرزەوە لەخەو ڕادەچەنی جارێك ئەم دیمەنانەی لە بێداریدا دەهاتنە بەرچاوی بەقتیقول کاتی وا هەبوو کە ئەو خەو و بێداری لێك جیانەدەکردەوەو وەك یەکێك باوەڕی بە ئەفسانە بێ تفی لە دوای خۆی روو دەکرد. تا ئەفسانەو خەیالاَت لە خۆی دووربکاتەوەو خۆی لە چڕنووکی نادیاری ئەهریمەن دەربازبکا.

بەسەرهاتێکی وا هاتە پێشەوە کە ئەسپەکە بەقتیقولی لە بارێکی بورانەوەو بێهۆشیدا لە دەست سۆراغ کەران دەربازکرد، جێی خۆشبەختیە. کە سوارە هەتا لە کاتی بێهۆشیشدا لەسەر زین بەرنابێتەوە، وەختێ بەقتیقول بەهۆش خۆی دەهاتەوە سوپاسی بەختو چارەنووسی دەکرد کە هاوڕێیەکی وای بەنسیب کردووە، بەوپەڕی تووڕەییەوە لە ژێر لێوانىدا دەیگوت:

- خۆم نادەمە دەست... بە زیندوویی خۆم نادەمە دەست.. لەسەر زیندا دەمرم.. گیانم بە دەست خوا دەسپێرم نایدەمە دەست بای.. لە تەلانێکی هەزار بەر هەزاردا هەڵدێرێم باشترە نەك بکەومە قوڕگی زیندانی تاریکەوە... وەڵی زیاتر لە پێویست نائومێدی دەستی لێدەستاندوو وەك ئەسپێك کەوتبێتە ناو کەمەندەوە،دەیپڕماند.

دڕەنـگ یـا زوو دەسـتگیری دەکـەن و ئـەم ورگـە سـتوورە چاوچـنۆکە پـیٚ ی دەخەنـە کـۆت و زنجـیرەوە. نەیدەویسـت بمـریٚ.. لەناخیـەوە لـە هـەموو دەمارەکـانی لەشـەو لاوازو شـەکەت و نەخۆشـەکەی خـوێنی گـەرم فڕکـەی دەکـرد، کـاتیٚ کـە لـە ڕۆخ ئاگردانـە ناچـیزو کـەم گرەکـەی دادەنیشـت. وەك گـورك لـە شـەوی سـاردو مانگەشـەودا لمـوزی بـەرەو گابـەردە بلٚنـدەکان بەرزدەکردەوەو دەیوت:

– ژاراسـبای هـۆ ژاراسـبای، تیٚـی مەپەڕێنـە لـەتامی مەبـەدەر.. و دەنگـی وردو لەسەرەخۆی ئەم وشانە لەنێوان بەردەکان پێچی دەخواردەوە.

ژاراسـبای زەینـی بـۆ ئـەوە دەچـوو کـە لـە گونـدە هەژارانشـینەکاندا خـۆش و ڕەفتـاری لەگەڵـدا دەکـەن. هەنـدێکیان دەیشـارنەوەو داڵـدەی دەدەن و هەنـدێك دادەیکـەن خـۆراکی دەدەنیٚ. لەبەر ئەمە پـەیك و قاسـیدی بـۆ بـەحس وخواسـی موچـڕکاوی لـەبارەی ئـەم یارۆیـە بـۆ هەموو شوێنێك نارد:

– تـا ئـەم ئەشـقیایە لەنێوانمانـدا بمێنـیٚ هـیچ کەسـێك سـەرودڵی ڕەحـەت و ئـارام بەخۆیـەوە نـابینیٚ. نـەبادا تـاقمی جنـدرمان لـە شـارەوە بەسـەر ڕابگـەن... ئـەو کاتـە هەناسـەی خۆشـی هەڵناکێشن. پیران ناڵـەو فیغـان و ژنـان و منـداڵاٚن گریـان و شـیوەن دەکـەن. بـەلاٚم کـار لـە کـار دەتـرازیٚ لـە هـەمان کاتـدا ژاراسـبای زەلامـی جیٚـی متمانـەی خـۆی بـۆلای ڕیـش سـپی دەسـەلاٚتدارو خـاوەن عێـل و عەشـیرەتەکان نـارد. تـا ئـەوان دەسـتەو ئەژنۆدانەنیشـتن ئـەم مـەکربازە. ترسـنۆك و بیباکـان دڵ نـەرم و دڵ ڕەقـانی لەیـەك کاتـدا ورووژانـد هـاری کـردن لـە ئاسماندا شەهێنی و لەسەر زەوی تاژی تێپەردا.

بـەقتیقول جارێـك لـە داڵـدەو پـەنایان لـە خـواردن وخـۆراك بێبـەش بـوو. هەفتەیـەکی بەسەرنەچوو ئەو وەکو ورچێکی لێهات کە کەوتبێتە ناو ئەڵقەی کە لە کۆمەی تاژیانەوە.

کەوتـە نـاو دەروونـی بازنەیەکـەوە لـە هـەموو لایەکـەوە بـە دوژمـن تـەنرابوو. تـا لوتکـە و شوێنە چۆڵ و هۆڵەکانی ناو کێوەکانیش جیٚی دڵنیایی و پشت پێبەستن نەبوون.

گـویٚ بیسـت بـوو کـە ژاراسـبای فێڵبـاز بـەچ درۆو دەلەسـەیەك هەتڕەشـی خـەڵکی بـردوە، دادوەری لە ئەزموونێکی زۆرەوە دروسـت کـراوە لێـرە بـەدواوە نـابیٚ ئیـدی لـەهیچ کەسـێك دڵنیـا بووبـا. یـەکێکی لـە مـاڵی خـۆی دەردەکـرد. یـەکێکی تـر خـۆ هەڵـدەهات. سـێیەم دەتگـریٚ و دەتداتە دەست و یان لەترسی گیانی خۆی دەتکوژیٚ.

بــەقتیقول بــۆ دواجــار لــە شــەوێکی باراناویــدا بێغایــەت مانــدوو شــەکەت ببــوو، لەگــەڵ کۆمــەڵێك خەڵکــدا لــەژێر دەواری ماڵێــك ئــەم شــەوەی بەســەربردو ئــەم ڕووداوە لــە گونــدێکی چیایی. لەو شــوێنەی کــە ڕووبــاری شــێت و بــەخۆڕو کــەفاوی و پــڕ گێژەلوولکــەی (تلغــار)ی لێــوە هەڵــدەقوڵی. لــەژێر شــڕە چــادرێکی هەژارانــەی دوور لــە وانــی تــرو لەپــەنای بەردێکــەوە هەڵدرابوو. رووبدا لــە هــەوەڵی شــەو هاتــە بەرچــاوان کــە لــەو ماڵــەودا وەزعەکــە بــاش نییــە وەك جاری جاران نییە. هــیچ وەفــاو برادەراتیــەك لــە نێوانــدا نییــە. بــە گــرژی ڕوو ترشــیەوە پێشــوازیان لــە بــەقتیقول کــرد تەماشــای قــاچ و قــۆل و ســەرو ســەکوتیان دەکــرد.. دەتگــوت مارێــك بــە دواوەی خشــیوەتە ماڵیانــەوە. شــەو دڕەنگــانێ بۆماوەیــەکی زۆر بۆڵــە بــۆڵی نارحــەتی و خانــە خــۆیی بــەرگوێ دەکــەوت و گوایــە دەیانویســت ئــەم نیــازو نهێنییەشــی لێبشــارنەوە. وەختــێ خانــەخۆی بێــدەنگ بــوون. ئــەو نەنووســت ســەعاتێك کوتکــە خــەو بردیــەوە پشــتی کــە لــە هیلاکیــان زریکــە زریکــی بــوو. ڕاســتی کــردەوە و بــۆ بەرەبــەیان ماوەیــەکی زۆری مــابوو ئــەو هەڵساو بەبێ ئەوەی دەنگێکــی لێــوەبێ یــا مووێیــك لەســەری یــەکێك بــەئاگابێنێ. لــە ژێــر دەوار هاتــە دەرەوە. ئەســپە کــەحێلی کەبەراوەســتانەوە بەخــەوێکی قوڵــدا چــوو بــوو، زیــن کــردو کەوتــەرێ و بەدیقــەت ڕێگــای ســەح کــرد. تــا بزانــێ کــەس ئاگــادارە یــان نــا. بەشــەرم و دڵگیرێیکــەوە ڕۆیشــت بــەڵام هــیچ قینێکــی لــە دڵــدا نــەبوو شــوکرانەی خــوای دەوێ کــە ســەری ڕێگایان لێنەگرت.

بــەقتیقول لــە (بــورگن) دۆســتێکی هــەبوو — کــە لادێیــەکی بەساڵاچــووی ئــاخر شــەڕی ڕووســی بــوو و تابلێ پیــاوێکی بــەوەج و ئــازابوو ســێ ســاڵ پــێش ئێســتا وەختــی کــەوا هێشــتا بــەقتیقول خزمــەتکاری ســەلمان بــوو. لەســەردەمی بارمتــەو بارمتــە هێنانــدا. بەرێکــەوت یــەکیان ناسی و لێك نزیــك بوونــەوەو و زۆربوونــە بــرادەری یــەك و دۆســتایەتیان خــۆش بــوو. ئــەم دێهاتیــە بــێ وێنــە بەجــەرگ بــوو. دژی یــەکێك لــە دەســەڵاتدارنی گــەورەی شــار ڕاســتبووەوە. کــابرای دەســەڵاتدار لادێییــەی لــە زینــدان نــا. هەرچــەندە ئــەویش وەك ســەرۆکەکەی روس بــوو. لادێیــە روسەکە ساڵێك لــە زینــدان پــاڵی لێدایــەوەو ئــەو ماوەیــەی ئــەو زینــدانی بــوو بــەقتیقول ئەوەنــدە توانــای هــەبوو و لــە دەســتی هــات. گۆشــت و نــان و هەرشــتێکی لــە دەســتی بهاتبایــە بۆمــاڵ و منداڵەکــەی دەبــرد. جوتیــارەی روس گــەڕاوە نــاو مــاڵ و منــداڵی خــۆی. هەرچــەندەی پاســەوانانی زیندان زۆر ئازاریــان دابــوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا بەزەردەخەنــەوە باســی ســەرو ســەربردەی ژیــانی نێــو زیندانی خۆی دەگێڕاوە. بەقتیقول موچرکی پێدادەهات و مووی سەری گرژ رادەوەستا.

بــەقتیقول پــاش دادوەری و موحاکمــەکاری و ماڵئــاوایی کــردن لــە ژن و منداڵــەکانی خــۆی لەسەرەتادا هاتە ماڵی ئـەم لادێییـە روسـەو بێچـەندو چـوون پـێش هـەموو شـتێك هـەر گوللـەو فیشەکێکی کە بـۆ رۆژی تەنگاونـەی حەشـاردابوو لـە ژێـر خـاکی دەرهێنـاو دایـە بـەقتیقول. ئـەو دۆسـتێکی گیـانی بـە گیانییـە. لـە جەنـدرمان نەدەترسـا. بـەڵام ئـەو ناوچـەیەکی دوورە دەست لە دەشتێکی کراوەو بەرگوشاددا لە شوێنێکی قەڵەبالغدا دەژیا.

بــەقتیقول پەنایــەکی دیکەشــی هــەبوو. ئــەم پەنایــە لــەلای خــوارەوەی رووبــاری (تلغــار) دابــوو، لــە رۆخ ناوچــەیەکی بــەردەلان. کــەماڵی گوندییــەکی هــەژارو نــەدار بــوو نــاوی قاتوبــای بوو. بـەقتیقول لـە هـەموو شـوێنێك زیـاتر بـۆ ئـەم ماڵـە دەهـات و هەمیشـە بـە ئاسـوودەییەوە لێــی دەحەســایەوە. دوای دوورکەوتنــەوە لــە باوەشــی مــاڵ و منداڵەکــەی،رۆخ ئــاگردانی مــاڵی قاتوبای نزیکترین و گـەرمترین بـاوەش و پـەنا بـوو بـۆی. بـەقتیقول بـەنیازی ئـەوێی کەوتـە رێگـا تا سەرەتاتکە یـەك بکـاو، دوای دڵنیـابوون سـەرێکیان لێبـداو ئەگـەر بـە چـایی میوانـداریانکرد. بەچـای داغ خـۆی گـەرم بکاتـەوە. ئەگـەر دەنـگ و باسـێکیان گێرایـەوە. بزانـێ لـەو دەوروبـەرە چـی هەیـەو چـی نییـە و ئەسـپەکەی لەتەویلـەێیکی تیماربکـاو دەمـەدەمی پـاش نیـوەرۆ لەگـەڵ تارمایی ئێوارە بەرەو کـەژو کێـو ملـی رێگـا بگـرێ. ئـەو بەکـەنار لێرەوارێکـی دارکـاژ. کـە لـە تەلانێکی بەردەلان سەری بەرزکردبووەوە.بەپارێزەوە هات و چاوی بەدەروبەردا گێڕا.

ڕووبـاری تلغـار لـە خـوارەوە وەك شـێت و هـار خرۆشـابوو نـاو دۆڵەکـەی پـڕ لـە هـاژو هـوژ کردبوو. واپێدەچوو لـەنزیك مـاڵی قاتوبـای هـیچ بێگانەیـەك نییـە و ئەسـپی زینکـراو بەبـەر چـاو ناکەون، بـەقتیقول بەماتەماتـە لـە ماڵەکـە نزیـك بـووەوە. دابـەزی و ئەسـپەکەی بەسـتەوە چـووە ژووری.

قاتوبــای لەگــەڵ ژن و دوو منداڵەکەیــدا، هەرچــواریان بــە پێچــەوانەی خــزم و کــەس و هاوتیرەکـانی خـۆی کـە بەدرێـژایی سـاڵ ژیانیـان بـە کۆچـەری دەبردەسـەر، ژیـانێکی نیشـتەجێ دەژیـان. ئـەوان کـەم وادەبـوو زۆر بەرێکـەوت تووشـی یـەك دەبـوون. قاتوبـای هـاوین خـەریکی دەغلـــودان بـــوو. زســـتانان خـــەریکی بـــەخێوکردن و داکـــردن و تیمـــارکردنی وڵاغ و مەڕوماڵاتەکەی بـوو مـەڕوماڵاتی ئـەو لـە ئەسـپێك و چـەند کـاوڕ و بزنێـك پێـك هـاتبوو و ئـەم دیهاتیە دەست کورتـە بەمەنـدە قنیـاتی دەکـرد. سـەرەڕای ئەمانـەش ڕاوشکاریشـی دەکـرد. ئـەو لەنانــەوەی داو و تــۆڕ و تەلــەدا وەســتابوو نێچــیری گــەورەی بــە گوللــە ڕاودەکــرد. لەمەشــدا نــانێکی چــنگ دەکــەوت. قاتوبــای خۆشەویســتیەکی بــەتینی لەگــەڵ ڕاوشــکاردا پەیــداکرد.

بـــەقتیقول گوللـــە گرانبەهایـــەکانی لەگـــەڵ دابـــەش دەکـــرد. خۆشـــی حـــەزی دەکـــرد بـــەدوای ئـــەو نێچـیرانەدا بـڕوا کـە خـەڵکی دیکـە شـوون پێیـان پـێ هەڵنـەدەگیراو، تـا لـە دوورەوە بـە گوللـە بیسمێ ڕاو ئەو خۆشەویستییە بوو، کە ئەوانی پێکەوەگرێ دەدا.

کـە بـەقتیقول چـووە ژوورەوە هەرچـوار کـەس لـە ماڵـەوە بـوون. قاتوبـای تفەنگەکـەی پـاك دەکـردەوە. ژنەکەشـی گۆشـتی کەلـەکێوی سـوور دەکـردەوە. تـا بیکاتـە قاورمـە منداڵـەکان لەڕۆخ ئـاگردان، لـە تەنیشـت یـەك دانیشـتبوون و چـاوەڕێی شـێو بـوون. چـایەکی بەلـەزەت لـەو چایانەی کە ئەو حەزی لێدەکرد. لەسەر ئاگردا جۆشی دەخوارد.

تەمـەنی قاتوبـای لەپەنجاسـاڵ تێپـەڕیوەو لەڕیشـە بچـووکەکەی تاڵـە داوی سـپی دەبینـرا. بـەلاَم سـەر کوڵمـەکانی وەك جحـێڵانَ لەسـووریان دەبریقانـەوە کابرایـەکی گۆشـتن. دڵخـۆش و ئاکـار جوانـە ژنەکـەی بـالاَ بەرزیـەکی چوارشـانەی سـپی و تـەنك و کـوڵم سـوورە. دەموچـاوو ئەنـدامی درشـت و بـەهێزی. زیـاتر لـە پیـاو دەچـێ. بـەلاَم وەك کچـێکی منـداڵکار یـان پیرەژنێکـی دڵناسـك. خێرخـوازو سـادە دڵ و میهرەبانـە. لـە ڕاسـتیدا رۆحـی پێشـیانان ئـەم دووکەسەی بـۆ شـادمانی و خۆشـبەختی لێـك نزیـك کردۆتـەوە! منداڵەکانیشـیان کتومـت بەدایـە بابـەیان دەچـن. دوو کـوڕی بێنـازوفیز. تێروتەسـەل. رۆخـۆش و بێدەردەسـەر دەمودەسـت چـایەکیان بـۆ تێکـرد. پاشـان گۆشـتیان لەبەردەمـداناو قسـەی لەسـەرنییە کـە شـەونخوونیان بـەدیار ئەشـقیاوە کێشـاو بەدرێـژایی شـەو نۆبـەتیان لێگـرت... وەك بڵێـی لـە مـاڵی خـۆی دانیشتوەو لە دەستی خۆییانەوە خۆراکی وەرگرتوەو. گەرمی بۆتەوەو تێر بووە.

بـەقتیقول لەتەنیاییـدا سەرمابەسـتبووی، نـەرم و شـل ببـووەوە گیـانێکی هاتەوەبـەر، هاتـە حەوشە لەئەسپە زەردەکـەی خـۆی نزیـك بـووەوە. کـە لـە خامۆشـی و بێـدەنگی شـەودا خـەریکی ئالیك خواردن بوو. چـوو دەسـتی لـە ملـی ئەسـپەکەی کـردو تاقـەدەرێك بـەم حاڵـە مـاوە. دڵـی تـەنگ ببـوو، سمێڵـە تیـژەکانی بەلـەرزو ڕقێکـەوە جـوی. قاتوبـای و ژنەکـەی بەچـیرۆك و بەسـەرهاتی بـەقتیقولیان دەزانـی. بـەلاَم لـە دەمـی ئـەوەوەیان بیسـتبوو زیـاتر لەمـە ئاگـاداری شـتی دیکـە نـەبوون قاتوبـای بـۆ هـیچ شـوێنێك بـە میـوانی نەدەچـوو، بـەبێ ئـیش و کـار لـە گونـدان نەدەگـەڕا. گـوێ لەقسـەو قسـەلۆکی خـەڵکی نـەدەگرت و بەبیسـتنی تۆمـەت و قسـەی پـاش ملـە دڵـی خـۆی تـەنگ نـەدەکرد، زاهـیرەن ئـەم پیـاوە چـاکە نەیـدەزانی داڵـدەدان و حەواندنـەوەی ئـەم ئەشـقیایە چـەند گـران لەسـەری دەوەسـتێ و خـۆی تووشـی چ تـرس و

هەڵئەنگوفتنێکی زۆر دەکا. ئایا هەر لەبەر ئەمە نییە کە قاتوبای تا ئەم ڕادەیە بێباك و بێپەروایە؟ لە بێخەبەران کەشکەك سەلەوات؟

بەقتیقول چەند شەوێکی ساردی سەر لە پایزی لە ماڵی قاتوبای بەرێکرد. بەتاریکی دەهات و بەتاریکی دەڕۆیشت. نەوەکو بەنا ئەنقەست ئەم مرۆڤە بەڕێزو پیاو چاکە تووشی کێچەڵێك بکا. برشتێکی دەهاتەوەبەربەهێزو گوڕێکی تازەوە دەڕۆیشت و بەدەست بەتاڵی نەدەهاتەوە ماڵی قاتوبای.. نیچیرێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا دڕەنگ وەختانێ کاتی شیوان دادەنیشتن و قاتوبای دەیگوت:

- نەك ئێمە یارمەتی تۆ دەدەین، بەڵکە تۆ کۆمەکی ئێمە دەکەیت لەسەرئەمەشەوە دەڵێم، خوا پشتیوانی بێکەسانە! بەقتیقول بیری کردەوە:" ئەگەر ئەم پیاوە ناچاربکرێ من بداتە دەست لێگەرێ.. لێگەرێ. بابداتە دەست.." جارێکیان لەبەرەبەری بەیانیدا بەدەم بیرکردنەوەوە وتی:

- من بیستومە گوایە لەناوچەی ئێمە زەلامی ترسناك، مرۆڤی بەدخولە هات و چودان ئینسان نییە، شەیتانە؟.. والی فرمانی داوە هەرکەسێك لە خوابترسێ دەبێ ئەم بەدکارە بگرێ و دەستگیری بکا. قەدەرێك پێش ئێستا تاقمەسوارێك هەڵیان کوتایە سەر گوندێکی ئەم خوارەوانە لەو دەگەڕان..... و قاتوبای بەزەردەخەنەیەکەوە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا: کوڕم ناکا ئەم شەیتانە تۆ بیت؟

- بەقتیقول تێگەیشت دەبێ بڕوا.

دەمودەست ئەسپە کەحێلی زین کردو بەدرێژایی تلغار کەوتە ڕێگا خوڕەیەکی خەفەو لەرەداری ڕووبارەکەفاویەکە لە دوورەوە دەهاتە گوێ لە نزیکیەوە جۆش و خرۆشی ساردی ئاو مرۆڤی دەحەپەساند: لەو ئاوە سەوزەی کە بە ئاوەڕۆیەکی تیژوتێك ئەنگژاودا تێدەپەڕێ ساردیەکی لەورە بەدەرو ترسناکی لێهەڵدەکا بەناچاری لە ڕۆخ ئاوەکە دەڕۆی. بەلاّم وادێتە بەرچاو کە لەم شوێنەدا مارێکی بێئەژمار بەتۆپەڵی گەورە گەورە لێك ئالاّون و خۆیان پف داوەو گینگڵ دەدەن و بەتێك ئالاّن و پێیك حەپاسانەوە یەکدی دەخنکێنن و کەفێکی سپی بێئەندازە وەك بەفر کلۆگرمت گرمت لە دەمەوە دڕێژن، دەڵێی شەپۆل نییە، بەڵکە هەزاران گیانەوەری دڕندەنە. ترسێکی داڵداخوڕپێن و هاش و هۆشێیکی گوێ کاسکەر لەناو ئاوەڕۆی تیژی ڕووبارەکە بەپەلە دەڕۆن و تۆپەڵ تۆپەڵ بەسەریەکدا کۆدەبنەوە.

بـەقتیقول ئەسـپەکەی لـە دۆلاَییـەکی تـەنگ و تاریـك لـە هـەورازی تاڤگەیـەکی گـەورەوە ڕاگرت و دەسـتی کـردە بـە تەماشـاکردن وەك بلێـی ڕووبارەکـەی دەپیـوا تلغـار لـە هاوینانـدا پـڕ ئـاوترە. بـەلاَم ئێسـتا لـە ئاخـە لێـوەی پـایزیش کـەمی نـەکردوەو بێهـوودە دەجۆشـاو دەخرۆشـا. هاژەی ئاو لێرەدا وەك ژێیی کـەمانێك قـایم بەسـترابێ. لێـژ دەبـۆوە کـەمێك لەسـەرتر ئـاو لـەژێر بەردیێکی سـتوونی و مەزنـدا لـەژێرەوە دەتگـوت لوتێکـەو لەبـەرد تراشـراوە. لەگـەرووی بـەردین و ترسناك ئاوەکە دەرژاو کەمێك لە خـوارتر بـۆ ژێـر بـەردیێکی دیکـە. کـە لـە ژێـرەوە تراشـرابوو و، کت و مـت بـە کـونێکی تاریـك و تنـۆك و بێکوتـایی دەچـوو و سـەروژێر دەبـووەوە. دەتگـوت کێوێك کێوێکی دیکە ئاو دەداو نەیدەتوانی تێر ئاوی بکا.

بـەقتیقول لەپێچـی ڕاسـتە ڕێیەکـە بـۆ شـوێنێکی ڕاسـتتر چـوو، بۆنـاو دۆلاییـەکی بچـووك و کراوەترچـوو، ڕووبارەکـە نـەختێ پـانتربوو و تـەنکاوتر بـوو. بـەلاَم لێرەشـدا خـەیاڵی لێژاییەکـەی لـە مێشـك نەچـووبووەدەر مـرۆڤ لـە دیتنـی ئـەو شـەپۆلە سـاف و ڕاسـت و نـەرموو ڕەوانـەی پێکـدادەهاتن و پـەلیان لێکـدەکوتا دەتـوت لـەفڕینێکی بێکوتاییـدا لەشـوێن خۆیانـدا وشـك بوونەتەوە و تووشی سەرەسـوڕە دەهـات. بـەقتیقول بـیری کـردەوە:" پـرد لـە دێیەکـەی خوارەوەیـە بـەم جـۆرەش نـاتوانێ لـە ڕووباربـدا.." لـەم کاتـە ئەسـپە کـەحێل لـەنکاو سـەری بلَنـدکردو گوێیەکانی مووچ کردەوە هەسـتی ڕاگـرت بـەقتیقول سـەیرێکی ئـەو شـوێنەی کـرد کـە ئەسـپەکە تێیدەڕوانی یەکسـەر دلَـی داخورپـا لەپشـت بەرزاییـەکی ڕوت و بێـدار و بـار، نزیکـەی لـە دووری پێـنج سـەد هـەنگاوێك لـە ڕۆخـی ڕووبـار دوو سـوار هاتنـە دەرەوە، بـەلاَم سـوارەی ئاسـایی نەبوون، پەستەك تەنیا بە لاشانی چەپیانەوە بوو.

دیارنـەبوو مانـدوبن ئەسـپەکانیان تێروتەسـەل بـوو. بـەقتیقول تەماشـایێکی دواوەی خـۆیکرد. لەسـەرەوەی بـەردێکی پانـدا چـوار سـواری دیکـەی دیت.واپێدەچـوو یـەکێکیان تفەنگی لەشان بوو.

ئیـدی بـەم شـێوە، گوایـا چـوار دەوریـان گرتـووە، ئـەو لـە کۆلاَنـەیێکی نـاو غەرەبـەردێك وەگیرهـاتووە تلغـاری یـالَ سـپی و بـەرزە ئـاواز ڕێـی بـۆ چـۆلَەوانی و شـوێنە سـەختەکان بەبەقتیقول بڕی بوو.

بـۆ خۆشـاردنەوەی شـوێنێك نـەبوو. بەنێوانیانـدا تێپـەڕی؟ نـەکراوەو نـاکرێ؟ خـۆی تێناگەیەنن ناینا سـنەوە. بـەپارێز وەرگـرتن نـەوەکو ناچـاربێ لـە چـنگیان ڕاکـا. بـە گوللـە ئیشـی دەبینن.

دەرفەتی بیرکرنەوەی نەمابوو. سـواران ئـەویان دیـت لـە ڕِقـان گـیڤ ببوونـەوەو دەمیـان بـەش ببووەوە، کوتکەکانی دەستیان بـادەداو بـەتاو بـەرەو ئـەو دەهـاتن. سـێ سـوار لـە پێشـەوە شـەش هـەفتێك لـە دواوەیـانن. مـاوەی ژماردنیـانی نییـە فیکـەیێکی دووردرێـژ هـاژەی تلغـاری بـڕی. تـەنیا ئومێـدێك مـابوو.. بـەقتیقول بـەبێ بیرکردنـەوە تفەنگەکـەی لـە کـۆڵی قـایم کـرد. دەسـتێکی بەکیسـە چـەرمەپڕ لـە گوللـە ساچـمەکەی بەرپشـتی داهێنـا دەمانچـە شـەش خۆرەکـەی خسـتە نـاو باخەڵیـەوە. بەچاوشـوێنێکی تەنکاوەکـەی دیـاری کـرد کـە ئـارامترو تەنکاوتر دیاربوو. قامچیەکی لە ئەسپەکەیداو بەرەو ناو ڕووبارەکە لێیخوڕی.

ئەسـپە کـەحێل بـەرەو پێشـەوە چـوو، سـەری شـۆڕکردبووەوە وەك بڵێـی دەیویسـت ئـاو بخواتەوە. لەسەرەخۆ بۆ نـاو ئـاوە سـاردە بەخرۆشەکەچوو. ئـاو لـە لێواریـدا تـا ئـەژنۆی ئەسـپەکە دەهـات پاشـان چـووە ناوەنـدی ڕووبارەکـە لێـرەدا ئـاو گەیشـتە بـن سـکی تـەوژمی ئاوەکـە هەڵیگێرایەوەو خستیە سـەر لاکەلەکـەو لەگـەڵ خـۆی بـردی. لـەو کاتـەوە هـەموو شـتێك — ڕۆخ ڕووبـار، چـیاکان، ئاسمـان — لەبەرچـاوی بەقتیقولـدا وەك پەروانـەیێکی گـەورە زۆر گـەورەو ڕەش و سورو سەوز ڕاست و خـوارو خـێچ خـۆی دەنوانـد بـەهات و هـاوارەوە و کەوتـە نـاو گێژەنەکـەوە. بەقتیقول خۆی بە کەفەڵی ئەسپەکەوە نووساندبوو دوعای دەکرد:

- خوایـە هـاوار، بمپەڕێنـەوە ئەوبـەر، ڕۆحـی پیاوچـاکان و بـاب و بـاپیران لـە هانـام وەرن.. تـەوژمی سـەخت و بـەتین و ئـەوو ئەسـپەکەی دەخسـتنە ژێرئاوەکـەو دەیهێنانـە دەرەوەو لەگـەڵ خۆیدا دەیـبردن ئـاو وەك هـەزاران تـۆبزو کوتـك لـە گـەردەن تـا بنـی پێـی بـەقتیقولیان دەکوتـاو وردیـان دەکـرد. هـەڵیان دەداو لەسـەر ئەسـپەکەیان دەخزانـدەخوارێ. بـەقتیقول لەتەقـەلای خـۆ ڕزگارکردنـدا مانـدوو سـڕببوو خـۆی بـە ئەسـپەکەوە نووسـاندبوو و هەسـتی دەکـرد ئەسـپەکە لـەژێر پێیەکانیـدا هـەموو توانـاییێکی زۆرانبـازی لەگـەڵ مردنـدا دەکـاو ئاوەکـە ئـەوی بەبـەردی ژێر ڕووبارەکـەدا دەکـوتی و دەیپلیشـاندەوەو ئەسـپەکە لەگـەڵ تێکـڕای ئـەم ناخۆشـیانەدا بـەرگری دەکـرد. خـۆی ناداتـە دەسـت و سـوارەکەی خـۆی دەربـاز دەکـا ئەگـەر ئەسـپە لـە توانـا بکـەوێ سوارە تێچوە!

ئایـا قـاچ و سـنگی سـەلامەتن؟ بـەری ڕاسـت و ڕۆخـی چـەپی ڕووبـار لـە کامەلایـە؟ نەیـدەتوانی لـە هـیچ شـتێك بگـا... دەمـی سـەوزو بەهەڵپـەی ئـاو لەبەرانبـەر بەقتیقولـدا کرایـەوەو بەناچـاری خـۆی لـەناو دەکوتـاو بـە باشـی دەیزانـی. کـە بـەرە و پـیری مـەرگ دەچـێ لـەناو دڵـی ئـەودا کـە دوا توانـا بـەکارهێنرابوو و بـەهیچ جۆرێـك ئومێـدی نـەبوو. تـەوژمی ئـاو

چاوچـوقانێیك ئەسـپەكەی تـا سـنگی لـە نـاو ئـاو دەردەهێنـاو سـەری دەخسـت و لـە هیكـەوە بـەقتیقول بـەردێكی زلی ڕەش و تـەڕی كەوتـە بەرچـاو ئـەم بـیرەی بـە مێشـكدا ڕابـورد:" ئەمـە كۆتـایی كارەكەیـە!" ئەمـە دوایـی تەمەنمـە... كەچـی نەبەبەردەكـە كـەوتن و نـەهورد هـەڕا بوون. ئەسپەكەحێل بە جـۆرێیكی مـوعجیزە ئاسـا لـە پـاڵ بـەردە ڕەشـەكەدا گیرسـاوە. دەتگـوت لەسـەرپێیان وەسـتاوەو تـەوژمی ئاوەكـە لەگـەڵ بەردەكەیـدا جـوت كـردو پـاڵی پێوەدەنـاو هـەرخۆی ڕاگرتبـوو. بـەقتیقول بـەخڕەخڕ تفـی ڕۆدەكـردو سـەیری دەوروبـەری خـۆی دەكـرد. ئـەی خوای بەرەحمو میهرەبان ! دووسێ هەنگاو زیاتر بۆ ئەوبەری ئاوەكە نەماوە...

بەلاّم هەستیكرد. ئەسپەكەحێل خەریكە وردە وردە لەسەر بەردە لووسەكەدا دەخزێ.

ئـاو دەیـبرد! ئەسـپە پفـە و پرمـەی بـوو، حەولـە ڕۆحـی بـوو. ددانـە زەردەكـانی نیشـاندەدان بە چاوی پڕ لە پریشـكەوە دەیڕوانـی، ئـەو ڕۆژەیـە كـە پێـی دەچـن، ئـاو لەسـەر بەردەكـە بیانبـاو نقومیان كا. بەقتیقول بەبێ ئەوەی ئاگـای لـە خـۆی بـێ هـاواری كـردو لـەبیری نـەبوو چـی وت — ڕەنگە ماڵئـاوایی كردبـێ و ڕەنگـە وتبێتـی ببەخشـە. لەسـەر كەفـەڵی ئەسـپەكە وەسـتاو پاشـان قاچێكی لەسەر سـەری ئەسـپەكە لـە نێـوان گوێیـەكانی دانـاو خـۆی هەڵـدا و بـە هـەموو توانـای بە گوڕێكی پـڕ لـە نائومێـدی و دەسـت لـە خۆشوشـتن بـەرەو كەنارەكـە بازیـدا... ئـاو وەك گـورز بـەپێی كـەوت و وای بـەبیرداهات:" هـەموو هـەوڵ و كۆششـەكانی بەباچـوون!" لەخۆشـبەختی خۆیـدا شـەپۆڵەكان ئـەویان كەلاخسـت و بۆكـەناری ئـەو بـەریانبرد. یەكـەمین شـت كـە بـەبیری خـۆی هێنـاوە ئەسـپەكەحیل بـوو. بـەقتیقول بەناڵـەناڵ سـەری بڵنـدكرد، بـەلاّم لەناوتـەمێیكی خوێناویدا. كەبەرچاوی گرتبوو شتێكی نەدیت.

كەوڵەكـە و ڕانـی ڕاسـتی هەڵقڵیشـابوون، هـەموو لەشـی دەتگـوت لـەژێر چـڕنۆكی دڕنـدەدا هـەلڕزابوو خوێنیـان لێـدەتكا، بـەلاّم سـەر و ئێسـقانەكانی سـاغ بـوون. تفـەنگ دەمانچـە شـەش خۆر و كیسە فیشەكەكەی بەسەلامەتی بۆدەرچووبوو.

بـەقتیقول لـەتاوژان و ئـازار دەینالاّنـد و بەخشـكە خشـك بـە كەنارەكـە هەڵگـەڕاو وەختـێ تەمە خوێناوییەكە لەبەرچـاوی ڕەویـەوە وەك شـێت چـاوی لـە تلغـار بـڕی. ئەگـەر تاقـەتی دەبـوو لـە داخ و خـەمان دەسـتی بـە گریـان دەكـرد دەتگـوت بـۆ گاڵتـە قامچـیەكەی لەناودەسـتدامابوو وادیاردەكـەوێ، وای بەچـارە نووسـراوە لەسـەر پشـتی زیـن بمـرێ. ئەسـپەكەحێلی فـەوتا دۆسـتەددان زەرد و چـەتۆكەی بـۆ شـوێنێك چـوو كـە نـاتوانرێ ئیسـك و پرووسـكی

کۆبکرێتـــەوە.... بـــەقتیقول بەهەژمـــەت و ددان کرۆژتنـــەوە ســـەیرێکی ئەوبـــەری رووبارەکـــەی کرد.

نزیکـەی پـانزە سـوارێك لەوبـەر لـە دووری ڕووبارەکـە بـەبێ ئـەوەی بـوێرن لـە ئاوەکـە نزیـك ببنـــەوە. لەسەرپشـــتی ئەســـپە سەرکەشـــەکانیانەوە بـــە نائـــارامی دانیشـــتبوون. چ ئەســـپ چ ســـوارەکان لـــەم دیمەنـــە وەحشـــەتناکەی کـــە بەچـــاوی خۆیـــان دیتیـــان حەپەســـابوون. شـــەیتان لـــە تلغاریداو لێی پەرییەوە!.

ئـــەو کـــات بـــەقتیقول دەســـتە خوێناوییەکـــەی بڵنـــدکردو لەســـەرەخۆ ڕایتەکانـــدو بەلرخەلرخێکەوە وتی:

- باشـــە، ئـــەی دەمـــو دوو شـــیرین و خـــۆش ڕەفتـــار، کـــەمێکم لێراوەســـتە.. ســـەبرێکم لێبگرە..

## (٩)

بەقتیقول لە شـوێنێکی هـەزار بـە هـەزاری چـۆڵ و هـۆڵ و ئاووهـەوا ناخۆشـدا لەسـەر ملـەی چـیای کـاڕاش، کاڕاشـدا سـەرگەردان بـوو. شـەوان لـەناو دارسـتانی کـاژدا خـۆی حەشـاردەدا، لـەناو قۆرتـە بـەردێکی نێـو زەمەنـدە دڕکاویکانـدا ئـاگرێکی کـەم گـڕ و بەچـڕ دووکـەڵی دەکـردەوە تـا ئـاو گـەرم بکـاو چـایەکی بـەتام و بـۆن خـۆش دێمبکـاو خـواردنیێکی سـووکەڵە ئامادەبکـا، بـەڵام لەگـەڵ گزنگـی ڕۆژ لـە چـیایەکەی دەدا. بـۆ ڕۆخ ڕێگاکـە دەهـات، کـە وەکـو داوییێکـی خۆڵەمێشـی لـە نێـوان گـردو زوورگـە چـۆڵ و دڵگیرەکانـدا پـێچ و لـوولی دەخـواردەوە بـــەقتیقول چـــەند شـــەو و ڕۆژان پێڵووەکـــانی لێـــك نـــەناو چـــاوە هەڵزەپـــەتاوەکانی لـــە ڕێگـــا وەرنـــەگێڕاو سمێڵـــە ڕەشـــەکانی دەجـــوی جارێـــك بـــۆ ســـەرڕێ دەهـــات و نزیـــك دەبـــۆوەو دوور دەکەوتـــەوە ســـەیری دەورپشـــتی خـــۆی دەکـــردو دەتگـــوت لەشـــتێکی دەنـــوڕێ. جـــارییێکی دیکـــە لەســـەر ڕێیەکـــە دادەنیشـــت و دەســـتی لـــە ئـــەژنۆی وەردەهێنـــا، جارجـــاریش لەسەرســـك لـــەملاو ئـــەولای ڕێیەکـــەوە درێـــژدەبوو و لـــەناو بیرکردنـــەوەی لێـــڵ و تاریکـــدا نـــوقم دەبـــوو و لـــەژێر لێـــوەوە مرەمرییێکـی دەکـرد و وەك باڵـداران چـاوییێکی دەنوقانـدو دەتگـوت تیلـە چـاویدەدا و بـەم حاڵـە بێپسانەوە تەماشای ڕێگای دەکرد.

دەتگـوت خۆڵـەمێش بەسـەر بەقتیقولـدا بـاریوە، ڕەنگـی خـوێن لەدەموچـاویدا نـەدەبینراو دەتگـوت شـیلەی ژیـانی تێدانـەماوە... دەسـتەکانی دەلـەرزین لـەنکاوێك دەجووڵانـەوە دەتگـوت

شتێکی نادیار لە نێوان پەنجە خوارو خێچەکانیدا دەگوشێ و دەیپلیشێنیتەوە. هەناسەدانی ڕێکوپێك نەبوو. کایەك لە قوولایی دڵیەوە ئاخی تاڵی هەڵدەکێشا. کایەکی دیکە بەلرخەلرخ و مشەوەشی دەکۆخی بێهێزی ئازاری دەدا سمێڵە درێژەکەی کەبەسەر لێوە تامیسکەدارو هەڵقرچاوەکانیدا لە حەژمەتی تادا شۆڕببوونەوە. کایەکی تر بەباڵەکانی شابازیك دەچوون لەسەر بەفر چڕنووکی لەلاشەی ڕێویەك نابێ.

ئەو هەر ڕۆژەی لە نشێوێکەوە بۆ سەر ئەو ڕێگایە دەهات کە بەملەکەدا تێدەپەڕی تەماشای ڕێگای دەکرد بەرەو ئەو کوێستانە دەگەڕاوە کە لە دوندی چیای بەرزو گەردەن کەشی (ئاسی) دابوو و لەبەر ئەوەی پایز داهاتبوو ڕەنگ و شێوەی کێوەکە گۆڕابوو و بەفرێکی ناوەخت پەڵەپەڵەی سپی تێکردبوو. بەقتیقول بەچاوە سوورهەڵگەڕاوەکانییەوە سەیری چیای دەکرد و لەبەرشەوقی سپی بەفر پێڵووەکانی لێك دەنا، خوا شایەدە ئەو شتانەی پێی هەڵسابوو لە حەزو ئارەزووی ئەو نەبوو. هەروەها پێشتریش حەزی لە بارمتە هێنان و ئەسپ دزین نەبوو. ئەویان ناچار کرد بەبێ دوو دڵی بەهانە هێنانەوە دەستی لە ملی مەرگ کردو خۆی لەئاوی تلغاردا قیسمەتی وابوو سەر لە نوێ باوەش بۆ ژیان بکاتەوە. هەروەها لەبەرئەوەی ئەو پیاڵەی چارەنووسی خۆی تابنی نەنۆشیوە ئامادەبوو لێرە لە ملەی کاراش-کاراش دا دوا تنۆکی بنۆشێ!

کاراش — کاراش لە پێکداچوونی سێ زنجیرە چیا پێك هاتووە کە قوللەکانیان بەبەردی ڕوت و قوت داپۆشراوە قەدیشیان بەدارستانی کاژ و سنەوبەر پۆشراوە. ناوی سێ زنجیرەکە کاراشی ئەسلی کاراشی ناوەندو کاراشی خوارەوە... کێوەی ڕووت و ڕەش و ماتەمدار.. لێڕەواری چڕ و هەمیشە تاریك.. لێرەدا ملە پڕ تاتووك و زنویری ڕك و دژوار، لە هەموو لایەکدا دەوری پیاودەدا.. هاوینان ڕەوەئەسپ و مێگەلە لەمەڕ بەحیلەحیل و باعە باع، بەهەنگاوی ورد بەدوایی یەکدا وەك ڕووبارێ لەوێوە بەرەو بورگن و چلکار بەرەو و گیاوگوڵ و لەوەڕی تەڕو بڕی لەخشتەبەری کوێستانان دەچن ئێستا ئاخەڵێوەی پایز و لەبەر دەرگای باوبۆڕان و کرێوە و زریان و هەرەسی بەفردابن، ئەگەر بەڕێکەوت پیادەیەك بەملەدا تێپەڕی ئەسپەکەی گورج دەکا سەیری چوار دەوری دەکاو ڕەنگە تەنیا ئەو گورگانە ببینێ کە بەدوای مێگەلەکان دەکەون.. تەنیا بەقتیقول لێرە نەدەڕۆیشت دەیزانی کە چارەنووسی لێرەدایەو چاوەڕێ بوو و تەماشای ڕێگای دەکرد.. کاراشی ناوەڕاستی هەڵبژاردبوو. بەهەرچوار دەوری ملەدا گەڕاو سەری بەهەموو کون و کەلەبەرێکی داگرت و وەك سەگ کێوەکەی بۆن دەکردو

وەك چۆن مەلا كتێب بە ئەزبەر دەزانن. هەموو چیایەكەی لەبەركردبوو، ئەو لەشوێنێك دەگەڕا، كە بتوانێ لەناكاو لێوەی هەڵتۆقی و بچێتەوە ناو قورگی خاكەوە.. ئەو شوێنێكی وای دیتەوە ڕێگا بە درێژایی نشێوی دۆڵێكی بەردەلآن كشابوو دەبوایە ڕێبوار بەنێو بازنەیەكی فراواندا تێپەڕی و لە دوورەوەش هەردەبینرا. ڕێگاكە لە نزیكی غەرەكەوە لەسەر تەلانەوە بەدرێژایی دیوارێكی ڕاست و ڕێك درێژ دەبۆوە تەنیا ئەگەر دوو كەسیش لێرە بگەیشتبانە یەك بە زەحمەت دەیانتوانی لێك ڕەتبن لەو لایەی بەرانبەر ڕێگا. لەوپەڕی گەڕەوە لەسەر پشتی تیژی چیا سێ درەختی بۆرەكان نشێوی سەر سوڕهێنەر دەستی پێدەكرد. بەردی سوورسوور، وەك خاڵ لێوەی دەنواندو هەر بزن دەیتوانی خۆی لەسەریان رابگرێ.

لە دامێنی ئەوێوە لێرەوار و دارستانی تاریك و چڕو زەمەند بوو كە پیادە و سواریش بەئاسانی دەیانتوانی خۆیان تێدا حەشاربدەن.

بەقتیقول لەگەڵ سپێدەی بەیانی بەرەو ملەی چیا دەهات و چەند سەعاتێك لەسەریەك دەستی بەتەنی زیوین و ڕەشە درەختەكاندا دەهێناو بەدەستە درشت و زبرەكانی دڵی دەدانەوەو دەستی بەسەردا دەهێنان.

بەپەژارەیی و بێئومێدیەوە سەیری ئەو جیهانەی دەكرد كە تێیدا دەژیا،تاریكییەكی بۆری ناشیرین دەم لە دەم زیاتر ئاسمانی پایزی دادەگرت هەوران مەندیلی سپی دوندە بەرزەكانیان دادەپۆشی تارمایی سێبەرێكی غەماوی باڵی بەسەرسیمای بەردەكانی چیادا دەهێنا تا سەر لەنیوەڕۆ لووتكەكان گرژبوونەوە. بڕۆ تێك ئالۆزاوەكانیان گرژدەكرد. دەتگوت ئەوانیش لەشتێ نارازی بوون. هەموو جێیەك بێدەنگی و خامۆشی گۆڕستانی پێوە دەبینرا لەبەر ڕۆشنایی شەفەق، كە لەژێر هەورە ڕەنگ ئاویەكاندا پرشنگی دەهاویشت ڕێگای بەرانبەر درەختە بۆرەكان وەك ئاوسابێ سوور دەچۆوەو خوێناوی دەهاتە بەرچاو لەسەر پشتی بەردەكانی ئەم لاو ئەولادا پەڵەی سوور بریقەیان دەداوە.

بەقتیقول لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئێستاكە وایە، لێگەڕێ با هەروابێ... و سمێڵەكانی خۆی دەجوی..

هەندێ جار لە ڕۆژە خۆشەكان دەچووە سەر ملەكە تا پشوێك بداو هەناسەیەكی ئارام هەڵكێشی نەختێ باری قورسی پڕ لە ئازاری لەسەر دڵ لابەرێ لە دوورەوە. لە باشوور لەبەرتیشكی ڕۆژەكە جەنگەلی دار سەرو و كاژی كوێستان دەدیترا. لێرەوە جەنگەڵ هەر بە كەفەڵی ئەسپێكی بە گوڕو هێزی بۆر دەچوو. لەم جەنگەڵەدا، كە بۆنی سیرۆكەی كێوی

لێهەڵدەستا. بەقتیقول بەخۆی و ئەو ئەسپەی کە لە (بای) یەکانی پێشوی دزیبوو، خۆی حەشاردابوو لەو شوێنەی ئەوەندە برسی بوو بە بۆنی جەنگەلەکە حاڵ و باڵی تێکچووبوو. ئەم رووداوە پێش سالێك تەواو ڕوویدا هەمان سالی کە لەسەرەتادا زۆر ئاسان و سالی پڕ سانەوەی ئەو بوو، سالی پار بێکەم و زیاد دەهاتە بەرچاو لەلای دیکەدا زنجیرە چیای (نازار) سەری بۆ کەشکەشانی فەلەك بردبوو ملەی لەپاڵەخۆی نابوو لە هەناسەی بای ساردی دەپاراست سەرپشتەتیژە شین و بەڵەکەکەی وەك شادەماری دەستی جووتیارێکی رەنجدەر، کە لە ناو عەرەق ڕەشدا گەڕابێ، هەڵپفمابوو لەسەر چیای (نازار) یشدا دارکاژی سەد ساڵەی زەردو سووربوو وسنەوبەری سەوزو رەش پاڵیان بەیەك دابوو سەریان بۆ ئاسمان بردبوو، لەهەندێ شوێندا درەختەکان ڕیشەکێش ببوون و سەریان بۆ ئاسمان بردبوو، لە هەندێ شوێندا درەختەکان ڕیشەکێش ببوون و کەوتبوونە سەرزەوی، سەریان بەر قوللەی شاخ کەوتوەو لق و پۆپ قەدە ئەستورو ڕەگە پڕ لە گرێ گەورەکانیان، کە لە ڕمانی تات و غەرە بەردەکاندا شکاو و پارچە ببوون ئێسکە پەیکەری پاڵەوانێکی لەبەرچاو دروست دەکرد، کە لە ڕۆژگارێکی ڕابردووەوە ڕەش هەڵگەڕاوە، کەوتۆتە سەر زەوی دەرزێ و لەژێریەوە شتێك نارِوێ.

بەلام لەسەرەوە، لەهەورازی زنجیرە چیاو لەناو هەورانەدا لوتکەی (ئۆژار) بەخۆی و بەفری تازە لەسەر کەتوی بە شەختەو بەستەڵەکی هەمیشە دەدرەوشاوە، سەری سپی و بەسالاچووو کەبەنەفتانەی ئۆژار — سەرسەخت — ناونراوە.

ئۆژار شەوانە بەئاشکرا رووناکییەکی سپی لێوە هەڵدەستاو جاری وا هەبوو بەقتیقول وای بەبیردادەهات، کە ئۆژار بە سیما مەزنەشکۆ دارەکەی ئەوی بۆ ئێرە، بۆ ئەم بەرزاییە ترسناك بۆ ئەو شوێنەی کە هیچ بەزەییەکی تێدا نابینرێ و هەموو شتێك تێیدا سارد و دلڕەقە، ڕادەکێشێ و بۆ کن خۆی بۆناو باوەشی بانگی دەکا.

بەڵێ، ئەم سەر و لوتکە شەختەییە، لە هەوراز و هەورەکاندا بوو قسەی لەگەڵ بەقتیقولدا دەکرد، دەتگوت نییەتێکی هەبوو پەی بەوە دەبرد کە لەناو دڵی ئەم تەنیا و جێماوە، لەژیان لەناوچەو شوێنی خۆشەویستی خۆی — لە ژیانی سەرخاك و زەوی باب و باپیری خۆی بێ ئومێدبووە. چ دەردێکی پەنهانە ڕۆژێکی گەرم بوو هەوا ڕاوەستابوو.

بەقتیقول لەسەر ملە وەستاوەو بێدەنگ لەگەڵ ئۆژاری سەرسپی قسەی دەکرد، لەناکاو شتێك ناچاری کرد سەری خۆی بسوورِێنێ بەپارێزوەرگرتن لەژێر بەردێك دانیشت بەمشەوەشی

تەماشــای دەوروبــەری خــۆی کــرد... و لــە دووورەوە لــەژێر تەلانــە غــەم ئــەنگێزەکانی کاراشــی ناوەڕاستدا چەند سوارێکی لەناو ڕێگادادیت. کە وەك خالێکی گەورە لە جوولەدابوون.

ئــەوان لەبــەری چــیای (ئاســایی) یــەوە دەهــاتن و وردە وردە دەچــوونە بــەر ســێبەری ڕەش و تاریکی دۆڵەکەوە و دەتگوت لە تاریکیەکەدا نقووم بوون.

بــەقتیقول نرکەیــەکی لەســەرەخۆی کــردو لەســەر بەردەلانەکــە بەتەقــە تــەق و شــرقە شــرقەوە بەرەو سێ درەختە بۆرەکە جماو ڕایکــرد و بەهەناســە بڕکــێ و ســەراپا گیــانی شــەلاڵی نــاو ئارەقــەی ســاردەوە لەبۆســە دانیشــت. لەپشــت دارە بــۆر ســەوزەکان درێــژبوو. دەم و دەســت ســەیری ئــوژاری کرد کە کەللە سپی و سەرسام کەرو جەســورە پــڕ لــە هــەزاران چــاوەکەی کــە ئــاورینگی ئەهریمــەنی یــان لێــدەباری. چــاویان لێــی بریبــوو یەکســەر ســەیری روخســاری ئــەویان دەکــرد و پیرۆزبــایی سەرکەوتنیان لێدەکرد.

بەقتیقول دەستی لەسەر دڵــی خــۆی دانــا دڵــی لەســنگ جیــادەبۆوە.. دەتگــوت دۆڵ و زوڕنــای لەبن گوێــدا لێــدەدەن بــەقتیقول پێڵووەکــانی هــەڵگلۆفی و تەماشــاییەکی بێشــەکانی نــازاری کــرد. وای هاتــە بەرچــاوان کــە ســنەوبەرەکان لــە جێــی خۆیانــدا هەڵکەنــدراون و وەك لەشــکرێکی بــێ ئەژمار، هەڵمەت بۆ گرتنی دوا قەلا دەبەن. ڕێز ڕێــز بــە چــیا پشــت کوڕەکــە هەڵدەگــەڕان... بــەلام دوای دەقــەیێك دیمــەنێکی دیکــە هاتــە بەرچــاو لــەوێ لەتۆقــەلانی چــیادا، لەشــکری نییــە... کاژوســنەوبەرەکان وەك ئادەمیــان دەســتیان درێــژکردوەو بــە ئاسمانــدا هەڵچــوون و لــەو کــارەی ئــەو دەیویست ئەنجامی بدا بەپەلە هەڵدەهاتن.

بەقتیقول دەستێیکی بەچاوە ئاوســاوەکانیدا هێنــا. لەســەر ســینگ خــۆی لەگــەڵ زەویــدا جــوت کــرد. تــا دڵــی خــۆی هێوربکاتــەوە. دەموچــاوە بەدەســت ژان و دەردەســەری هــەڵبزڕکاوو گــرژە ناشــرین و ئارەقاویەکــەی بەزەویــەوە نوســاند، زەوی خــامۆش بــوو تەقەتــەقی سمــی ئەســپان لــە دوورەوە دەنگی دەهات.

بــەقتیقول بەقورســی، وەك نــەخۆش و بیمــاران، ســەری خــۆی بــەرزکردەوە. ئــاو دڕە قــووڵ و چاڵەکانی کەسێلاودڕی بوونی ڕێکوڕاست لــەژێر ســێ درەختەکــەوە بــۆ خــوارەوە دەهــاتن ئــەوان بــە چین لۆچەکان. لــەو هێڵــە تــەڕو خۆڵاویانــە دەچــوون کــە بــە شــوێنە ئارەقــاوی و فرمێســکاویەکانی دەم وچاویەوە نووسابوون. نا لــەم ڕێگایــەدا نــاتوانن لمووزیــان لێــك گیرنەکــەن! بــەقتیقول ددانــەکانی وا کرۆشت هەستی بە ئێش و ژان کرد. ئەو لەسەرەخۆ، دەتگوت دوعای دەخوێند، وتی:

– لێگەڕێ هەرچی دەبێ بابێ، لوولەی تفەنگەکەی لەژێر هەنگڵی ڕاستی خۆی دەرهێنا.

لـەناو تـەمێکی ئـاوی ڕەنگـدا سـوارەکان نزیکـەی پانزدەیـان لەسـەر کەوانـەی بـاریکی ڕێگـا بەدیارکەوتن. دەتگوت لەپشـت پەردەیـەکی ئاوریشـمی تەنگـدا بەدیاردەکـەوتن. ئەمانـە نەشـوانن نە ڕاسپاردەن. پیاوی مـاقۆن زۆربـەیان سـواری ئەسـپی وێرغـەبوون ئەسـپەکان هـەموویان بـژاردەو ڕەنـــگ ســـپاتن زیـــن و قـــایش و قروشـــی گرانبـــەهایان پێوەیـــەو زیوکاریـــەکانیان لـــە دوورەوە دەبریســـکێنەوە. پیـــاو ماقولـّــەکان بێپەلـــە ســـالّدانە ســـالّدانە داژۆن. ئەوانـــەی نـــەختێ قەلّـــەون لەناوەڕاسـتدا. ئەوانـەی کـەوا لاوازن لـە پ شـتەوە و پێشـەوەیاندا ڕێیـان دەکـرد. ژن و ژار وەك ڕۆژانی جەژنی گەورە خۆیان ئاڕایشت داوەو سەراپایان ڕازاندبووەوە.

شالّی ڕەنـگ بەریشـوەو گولّێنگـەی داو گـەورەوە. دامـەنی کراسـی ئاوریشـمی لەسـەر زەوی و تاشـەبەردە ڕەشـەکان دەخشـێ. پیاویـان دەحەپاسـاند هـەموو خۆشـحالّن. سـەر و دلّ ئاسـوودە. هاتوونەتە جۆش دەنگی گەورە و قاقـای گـورجی پێکـەنینی پـڕ لـەرە و تریقـە و ئـاواز لەگەلیەکـە دەگەیشتە گوێ.

لەوشوێنەی کەوا ڕێگا پانتر دوو دوو سێ سـێ لـە ڕێزێیـك دا دەڕۆ و لـەو شـوێنانەی کـە ڕێگـا تەنگـە بـەردەبێ یـەك یـەك لـە دوای یـەکتردا دەڕۆن. بـانگی یـەك دەکـەن، بـەدەم قسـەوە ئـاوڕ دەدەنـەوە. بـەقاقای بـەرز پێدەکـەنن و لەسـەر زیـن دەچـەمێنەوە. دەسـتەیێکی شـادو کامـەرانی خانەدانان.گربوونەتەوە.

بەقتقیول پێلّووەکـانی تـەنگ کردبـووەوە سـێرەی گرتبـوو لێوەکـانی بـەددان گرتبـوو لـە نێـوان سـوارەکاندا چـاوی لـە کەسـێك دەگێـڕا. هـەر کـە ئـەوی دیـت و ناسـیەوە لەسـەرخۆ نالآێـەوە! ئەمەیان خۆیەتی، وەکو خۆی قەلّـەو و بـەفیز و بەکەیفـە نێـو چـەوانی گـەش و نورانییـە و سـواری ئەسپێکەو لەبەرچاوی بەقتیقولدا غەریب نییـە. ڕەنگـی زەردێکـی سـورباوە کەحێلـە یـالّ و کلـك و پاژنـەی سـپییە. هـەموو لەشـی ئەسـپەکەی لـەناو قەلّەویدایـە دەبریقێتـەوە. مـووی وەك ئـاگر دەتریسکێتەوە. وەك زێری خولاسە دەبریقێتەوە. کـاتی خـۆی بـەقتیقول سـواری ئـەم ئەسـپە دەبـوو و پـێش سـوارەکان دەکـەوت و بـۆ بارمتـەو هەلّمـەتی دەبردن....ئـۆە، عەجـەب، ئەسـپێکی بەغارە، ئۆە، عەجەب سوارێکەوە!

ژنـان بەدوایـەوەن و بـەردەوام لـەو نزیـك تردەبنـەوە، سـوحبەت و دەسـتبازی دەکـەن بـە پێکـەنینی دەیـنن و خۆیشـیان بەعیشـوە پێدەکـەنن، وادیـارە زۆر خۆشـحالّن، لـەرزێکی لـەنکاو چـڕنوکێکی سـاردو نادیـار سـەراپای بـەقتیقولی داگـرت. لوولـەی تفـەنگ جـوولاّ لەسـەر سێرەلاچوو. نەدەلوا سێرە داگرێ.

ئەو کاتە بـەقتیقول دووبـارە تەماشـای ئـوراژی کـردەوە.. و دەم و دەسـت لەرزەکـەی نـەما...
سەری سپی. مەندیلی هەورانی لەسەر فرێداوەو هـەر لـە تـەوقی سـەری تـا ناوشـانەکانی بەمـەزنی و شکۆ. دەدرەوشاوە.. بەقتیقول لـەم دەروشـانەوەیەدا، هێـز و دەسـەلاّتی ئاسمـانی دیـت بـێ چـەند و چوون، هەر لەوێ لە لوتکەی شـاخ ئێسـتا بـایێکی سـاردی موسـاوی شـێتانە گڤـەی دێ و هـەر لــە خــوڕە و هــاژەی ئــاوی تلغــاز دەچــێ پیــاو بەناوەنــدی زەویــدا دەکێشــێ بــەقتیقول دەتگــوت هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو بایە خرۆشا و کۆنە تفەنگە قورسەکەی گوشی.

خەڵکە شادو خەندان و سەرمەستەکە لەسـەر ڕێگـا تەسـگەکە. لەسـەر ڕۆخـی زیـوین و لـەژێر دیوارە بەردینە ڕەشـەکە بلاّوبونـەوە لـە نزیکـی یەکـەوە ڕێـك و ڕاسـت بەرانبـەر تەلانەکـە چـەند بنکە مێوییێکی فەرەنگی ڕوابووو لق و پۆپیان بەسەر زنوێردا شۆر ببوەوە.دەرۆیشتن.

دەنکی هێشوە ترێیـە گـەییوو پـڕ ئاوەکـانی وەك بـەردی کـاراش، کـاراش ڕەش بـوو. وەختـێ سوارەکان لەبنەدارەکان نزیك دەبوونـەوە یـەك لـە دوای یەکـدا لەسـەر پشـتی زینـەوە دادەهاتنـەوەو دەنگە ترێ ڕەشەکانیان لێدەکردەوە.

تەنیا ئەوەی سواری ئەسپە کەحێلـە ببـوو دەسـتی درێژنـەکرد بـەلاّم کـاتێ کـە بـەفیزو هـەواو لەخۆ باییەوە بەبەردەمی دار مێوەکانـدا تێدەپـەڕی ئیـدی بـەرێك و جـوانی هاتـە بەرانبـەر سـێرەی تفەنگ.

بەقتیقول چاوەڕێ بوو، تا بای قیت و قـۆز ڕوو لـە وبکـا. ئەسـپەکان ناڵیـان لەبـەردان دەکوتـاو تەقـە تـەقیان ئـەم نـاوەی پـڕ کردبـووو بـەردەوام نـزیکتر دەبوونـەوە سـەرەنجام ڕێـڕەوی ڕێگایەکـە وەرچەرخایەوەو بەرەو سێ دارە بـۆرە سـەوز باوەکـە هاتـەوە پێیـەکانی ئەسـپە ڕەش بـۆر لـە کـاتی ڕۆیشتیندا بەبەرچاوەکانی بەقتیقولدا تێپـەڕین، پـاش ئەمـە ئەسـپە کـەوێت بەدیارکـەوت. ئەسـپە ڕەسـەن وبـە غارەکـە هـەنگاوی هێمنانـەی دەنـاو سـەرە زێرباوەکـەی بـەرزکردبووەوەو دەسـتەکانی پێشەوەی بەشکۆو نەرمییەکی لەوەسب نـەهاتوو بـۆ پێشـەوە دەبـردن. بـەقتیقول لـە دواوەی (بـای) یەوە هەندامی چکۆلانەی ژنێکی جـوان و شـۆخی دیـت. کـە لـەناو شـاڵدا پێچـرابوو هەڵبەتـە ئـەم ژنە کالیی کچی بنەماڵەی دووساییەکان و ژنی دووەمـی ژاراسـبای بـوو. کـە لـە وەختـی گێرمـە و کێشەی هەڵبژاردندا خـوازبینێ کردبـوو مێـردی خۆشـبەختی بـۆ دێیەکـەی خۆیـان بـۆ باوەخونـدی دەبردەوە.

بەقتیقول بەخۆی وت:" ڕاوەستە! سـەبر بگـرە..." ئێسـتا دوور نییـە بـە گوللەیـەك دوو کـەس بپێکـێ و ئیشـیان ببینـێ لێگـەڕێ بـا سـوارە بـۆ پێشـتربێ سـەرەنجام بـەقتیقول نـەرم و زەریـف

گوللـەی ڕاکێشـا بەرتفـەنگ بـای بـە ڕووخۆشـی و لـە خۆباییـەوە دەسـتی بـە ڕیشـە نەرمەکـەی دادەهێناو لە نێوان هەردوو گوێی ئەسپەکەوە سـەیری پێشـەوەی دەکـرد. لـە هـەمان کاتـدا لەسـەر کەوڵەکەی بەری، کە لە کەوڵە ڕێوی و مـاهوتی سـورمەیی دروسـت کرابـوو. لەسـەر ئـەو شـوێنەی کـە بـەقتیقول نیشـانەی لێـداگرتبوو. کـونێکی هـەڵزڕاو پەیـدابوو دووکـەڵێکی تـەنگ و ئـاوی ڕەنگـی لێ بـەرزبووەوە. ئەسـپەکە هەسـتا سـەر چـەپۆکان و سـوارەکە لەسـەر زینـە زیـو کارەکـە کەوتە خـوارەوەو لچـکە کەوڵەکـەی بـەری وەك بـاڵ لێـك کـردەوە. بـەقتیقول لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە دەیدیت چـۆن لەسـەر زینـەوە بـۆ سـەر زەوی خلۆردەبیـێتەوە و گـەوز دەدا، لـە خـۆرا لـە شـوێنی خۆی ڕاست بووەوەوە هاوڕێیـانی ژاراسـبای بەگێـژ و وڕی بەزەحمـەت جڵـەوی ئەسـپە ترسـاوەکانیان بۆ ڕادەگیراو تەماشایان دەکرد.

بەقتیقول لە نشـێوە ترسـناکەکەی پشـت درەختـەکان — کـە هـەر لەزیبکـەی سـوور دەچـوون، سەرەو خـوار بـووەوە. وەك بـزن بـازی دەهاویشـت لـە دواوەشـدا بەقیـژ و هـۆری (کـالیش) خـانی دەبیست:

- ئوی ئوی !... بەقتیقول!

بەقتیقول ڕاپەڕی، بەقونە خشکە بەبێ ئاوڕدانەوە بەرەو بێشەکە ڕایکرد.

بەرەبـەری پـاش نیـوەڕۆ بـەقتیقول بەتـەواوی لـە کـاراش کـاراش، دوورکـەوتبووەوە بـەڵام هێشتاش دڵی هەر لە خورپەو تەپەتەپـدا بـوو. وەك چـۆن لـەوێ لەپشـت سـێ دارەکـە تەپـە تـەپی دەکرد. هەڵچوونە پرسەرسامیەکەی نەدەنیشتەوە.

هەرچـەندە هـەوا سـارد نـەبوو. ئـەو سـەر لـە نـوێ دانەچـۆقە و لـەرزی گرتـەوە لـە لێڵاییـی ئێـوارەدا تووشـی راوچـیەکی نەناسـیاو هـات، راوچـیەکە لەشـی حەیوانـە کێویـەکی لەسـەر زیـن دانـابوو و بـەقتیقول دەنگـی داو رایگـرت. سـەیری نێچـیرەکەی کـردو بـە گرژینەوەیـەکی گاڵتـەوە وتی:

- ئیمڕۆ منیش بە گوللە بزنە کێویەکەم پێکا....

بـەقتیقول لــە زیندانــە زینــدووە، هەناســەدەدا، دەڕوا، قســەدەکا، بــەلاّم ئــەوەمان لاروون نییــە چۆن بە زیندوویی ماوە، چۆن گیانی لەلەشداماوە.

دوای تەقەکــەی — کــاراش — کــاراش خــزم وخۆپیشــانی ژاراســبای هــەموو تایەفــەی ژانیســیان راپەڕانــد. لێپرســراو ســەرۆکانی شــار ئەفســەرو جندرمەیــەکی زۆریــان بــۆ کۆمــەگی ئەوان نارد. بــەلاّم بــەقتیقول نەیوویســت جگــە لــە خــاکی بــاب و بــاپیرانی لــەو شــوێنەی لێــی لــە دایــك ببــوو بــۆ شــوێنێکی دیکــە هــەڵبێ، تــاپێی نەنایــە نــاو ولایەتــەکانی هاوسێشــەوە و دەستگیریان کرد.

تــیرەی ژانــیش هێرشــیان بــردە ســەر ئــەو ناوچــەیەی کــە بــەرە بــابی ســاری هــەژار لێــی نیشــتەجێ بــوون، تــەنیا خــاك و خۆڵەمێشــیان لێ بــەجێ هێشــت. هــەموو بــەرەبابی ســاری لــە بیســت خێــزان پێــك دەهــات... ژانیســەکان تێکــڕای دارو نــەداری ناچــیزی ساریەکانیان بــەتالاّن بــرد تــاوەکو دەســتیان لــە کۆنــەو کەچــە جــل و لبادەپیســی و نجڕونجــڕو دووکەلاّویــەکانیش نەپاراست. خەڵکە بێنەوایەکــەیان روت رەجــاڵ کــرد. لــە ســاکە گــۆڕێکی ڕوت و قــوت بــە منــداڵ و ژن و پیرو کەنەفەتیانەوە لــە ئاوەدانییــەکا نــی چــلکارو بورگنــدا دەریــان کــردن، هــەروەها قتشــە و منداڵەکانیشیان ئاوارەو سەرگەردان کرد.

بەقتیقول چاوەڕێی دادگای نوێ، دام ودەزگای دادوەرەکان و دادنامەی روسەکان بوو.

قتشــە لــە مــاڵی (بــای) ێکــی دەوڵەمەنــدی شارســتان کارەکــەری دەکــردو هەڵبەتــە لەگــەڵ منداڵەکانیدا بەبرسیەتی رایان دەبوارد خواردنی خۆی دەکردە چوار بەش.

بەقتیقول لە هــەولێکی لــەباردا دەســتەو دامــەنی لێپرســراوی زینــدان بــوو پــاش چــەند ڕۆژێــك دەرگــای زینــدان کرایــەوەو لــەژێر نــاوان و دالاّنــی تاریــك و ئەشــکەوت و ئاســای زینــدان ســییەت هاتە ژوورەوە. کورێژگە لەزیندان ماوە.

ســیەت کورێژگەیــەکی گوێڕایــەڵ و بــەخام و بــی دەنــگ بــوو. کەوتــە بــەردڵی هــەموو زیندانییەکانــەوە بــە قــەوزاق و رووســەوە زۆربــەی زیندانییــەکان بەشــێك لــە تــەعین و خــواردنی خۆیان دەدایە وەختێ بەقتیقول ئەم دیمەنەی دەدیت دڵی لە دەردو ژاندا دەگوشرا.

ئافاناســی فــدوتۆیچ، لەســەر ســەکۆیەکەی تەنیشــت بــەقتیقول دەنووســت و هاوســێی ئــەوەبوو لــە پــارەی خــۆی کاغــەزی ڕەنگــاو ڕەنــگ خەتــداری کــڕی و کتێبــی پەیــداکرد وەك مــەلا ژونــس

سـیەتی فێـرە خوێنـدن و نووسـین دەکـرد. بـەقتیقول بەچـاوێکی پـڕ سـوپاس و ڕێزلێنانـەوە لـەم کارەی دەڕوانی.

سـیەت خـراپ دەنووسـت، لـە خـەودا بـەهات و هـاوار قسـەی دەکـردو بەچـاوی پـڕ لـە فرمێسکەوە لە خەودا ڕادەچەنی:

نیوە شەوان ڕادەپەڕی و بەقیـژو هـۆڕ قسـەی حەلـەق و بەلـەقی لەگـەڵ خۆیـدا دەکـردو بەسـەر گەشتەیی و چاوی خـەوالّو و سـەیری تریفـەی مـانگی پشـت پەنجـەرە ئاسـنینەکەی دەکـرد، لـەناو دەریای خەیاڵیدا پەنجـەرەی چـادرەکەیانی دەهاتـە بەرچـاوان... جـاری وا هـەبوو بـۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێـك بـەکرێ دادەنیشـت و نـانی زینـدانی دەخـواردو فرمێسـکە خـرو گەشـەکانی وەك مـرواری لە چاوەکانییەوە دەڕژانە خوارەوە.

ئـەو کاتـەی دایکـی سـیەت بیسـتی مێردەکـەی گـیراوەو بـۆ هـەواری والیـان بـردوە بەشـین و گریانەوە بە کوڕەکەی وت:

– ئـایی، کـوڕە بەدبەختەکـەم دەیکـوژن، دەیکـوژن سـیەت وەك باشـوکە بـۆ ئـەویّ رایکـردو بـە چـاوەکانی خـۆی دیتـی کـە پیـاوانی والی چـۆن بـێ بـەزەیی و دڕندانـە لـە بـاوکی دەدەن.

ئێسـتا کوڕێژگـە لـەناو چـوار دیـواری ڕەشـی زیندانـدا هـەر هـەمان کوتـەك، قامچـی مستەکۆلە، چەکمەو شەقی دەدیت.

بەقتیقول هیچ نەوازشێکی کوڕەکـەی نـەدەکرد. هـەر نـاوە ناوەیـەك نـەبێ کـە سـیەت لەخـەو هاوار هاوارو ناڵەناڵی دەکردو لە خەو بێداردەبووەوەو هێوری دەکردەوە...

بـەڵام جارێکیـان، بـەیانی زوو، کـە هێشـتا ئـەوانی دیکـە لـە خـەودابوون بـەڵام سـیەت لـە خەو هەڵسابوو، لەسەر سەکۆکان دەهات و دەچوو، باوکی بانگی کرد.

– سیەت گیان... کوڕەکەم جگەر گۆشەکەم وەرە لای من...

کوڕەکـەی لـە ئـامێزگرت و دەمولـوتی بـە گۆنـا فرمێسـکاویەکانییەوەنا.. دەتگـوت بـۆنی دەکا.. مـن زۆرم بیرکـردەوە، ماوەیـەکی درێـژ بـیرم کـردەوەو ئـەوەی بـەبیرم داهـات ئێسـتا بـۆتی دەگێڕمـەوە. کـوڕی ئـەزیزم. جگـەر گۆشـەکەم تـۆ کـە کـوڕە گـەورەمی تکـات لێدەکـەم سـەرت لەسەر ئـەم کاغـەزە ڕەنگـاو ڕەنگـە هەڵمـەگرە. تـەنیا ئـەم کاغەزەیـە، وات لێـدەکا ببیتـە پیـاو! خۆ دەبینی چی بەسەر مندا هات، هـۆی تێکـڕای ئەمانـە ئەوەیـە کـە مـن لـە خوێنـدن و زانسـت و زانیاری بێبەشم.

سیەت بە ژاوە ژاو و تووڕەییەوە وتی:

- تۆ بێگوناهی... ئەوان خۆیان... خۆیان... تۆیان... هەموو شتێك دەزانم.

- هەموو شتێك نازانی، جگەر گۆشەکەم هەموو شتێك نازانی ئەگەر بخوێنی لوتی (بای) و دادوەران دەشکێنی و ئەوەی لەگەڵ منیان کرد ناوێرن لەگەڵ تۆی بکەن..

چاوەکانت دەکرێتەوە. تۆش چاوی خەڵکی دەکەیتەوە. ئەم کارە لە دەست من نایە. بەلاّم تۆ دەتوانی دەبێ تۆ بتوانی ! هەموو هێزو توانات لەسەر ئەم کاغەزە خەرج بکەی.. لەمە زیاتر قسەیەکی دیکەم نییە بۆتی بکەم نەهۆش و نەفامم هەیەو نەزانیاریەکم هەیە بیدەمە تۆ فرمێسك بەسەر ڕوومەتە خۆڵەمێشیەکانی بەقتیقولدا هاتنە خوارەوە. فرمێسکەکانی سڕیەوەو سیەتی لە خۆی دوورکردەوە:

- ئێستا بەلای کاغەزەکانتدا بچۆ.

لەدوای ئەم گفتوگۆیە ئیدی سیەت بڕای بڕای لەخەو ڕانەچەنی و نەدەگریاو هاواری نەدەکرد.

ئافاناسی خدۆ تۆویچ جگە لەو شتانە پیاوێکی زیندووبوو هەرگیز غەمگین و پەژمردە نەدەبوو، ئەو هەموو ڕۆژێك دەستی سیەتی دەگرت و بۆ پیاسەکردن لەگەڵ خۆیدا بۆ حەوشەی زیندانی دەبرد. حەوشەکە بەپووش و گیاو گوڵی سیس و ژاکاو داپۆشرابوو لەوی پێشبڕکێی غاردانەی لەگەڵدا دەکرد.

سیەت بەرەزامەندی خۆی بە هاوکاری و کۆمەکی ئەو بۆ باوکی هەموو بەسالاٌچووەکان ئاوی گەرم دەکرد. باوکی زۆر حەزی لە چاپی دەکرد جارێکیان ئەم زیندانییە رووسە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیرێکی کردو لە کوڕێژگەی پرسی.

- سیەت گیان بۆچی داماوی بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ئەوە بەهارە.. دیارە دڵت بۆ دەشت و دەر بۆلادێ تەنگ بووە؟ دەتەوێ ئازاد بێت؟

کوڕە بەهێمنی سەری بادا:

- نا، مامە ئافانسی.. حەزناکەم..

- درۆدەکەی ! وانییە چییە.!.

- ئێرە باشترە، مامە ئافاناسی.. بۆمن وا باشترە لێرەبم.. بەقتیقول رووی لە دیوارە درێژەکە کردووەو سمێڵە قاوەییەکانی دەجوی و قوڕگی خۆ هەڵدەپشافت و بیری لە کوڕەکەی دەکردەوە.

– "بچكۆڵەكەم... بیلبیلە تیژبینەكەم..."

ئافاناس... فدوتۆیچ كوریژگەی گرت و لە باوەشی خۆی تا سیەت هیچ خۆی لە باوەشی رانەبچكراند.

– برایان، گوێتان لێیە چی دەڵێت؟ ئاه سیەت گیان، سیەت گیان!... قەسەم بەخوا تۆ منت كوشت.. دەزانن شتێكی چەند سەیرە؟ لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قسانەی لە كتێبان نەخوێندووە ! ئافاناسی ئەوی هەر لە باوەشدا بوو بەناو ژووری زیندانەكەدا كەوتە هات و چۆو پیاسە كردن. ئەوان شەوورۆژ بەم شێوەیە دەژیان.

كوڕە هێمن، كۆشش كەرو بەفام و ڕووخۆش، لاپەڕەیەكی زۆری نووسیەوە. مامە ئافاناسی فێری دەكرد بخوێنێ و بنووسێ و پێكەنێ. ئەوەی باوكی لە ژیاندا نەیدیت — پرتەوی ژیانی ئایندە ببینێ.

بەڵام بەقتیقول چاوەڕێ بوو، ژانی چاوەڕوانی دادگاو (كاری قورس) ی دەكێشا.